# چەند بابەتێك لە بارەی

# زمانی کوردی

د.کوردستان موکریانی

کۆبەرهەمی ژمارە 2

# چەند بابەتێک
# لە بارەی زمانی کوردی

# چەند بابەتێک
# لە بارەی زمانی کوردی

کۆبەرهەمی ژمارە 2

د.کوردستان موکریانی

هەولێر ـ باشووری کوردستان
2019

نێوی پەرتوک: چەند بابەتێك لە بارەی زمانی کوردی
نووسینی: کوردستان موکریانی
چاپخانەی: رۆژهەڵات

لـە بەڕێوەبەرایەتـی گشـتی کتێبخانـە گشـتییەکان ژمـارەی سـپاردنی (        ) ی سـاڵی (        ) ی پێـدراوە.

## پێشــــەکی

کاتێ بابەتی ئەم بەرهەمەی بەردەستتانم ئامادەدەکرد، هەستم بەبەختەوەرییەکی بێئەندازەکرد، چونکە وەك زمانەوانێکی کورد لە رادەبەدەر بەرێبازێکی زانستانە راژەی زمانی کوردیم کردووە. بە دەیان پەرتوکم لەچاپداوە. لە چەندین بابەتم کۆڵیوەتەوە، کە پێشتر هیچیان لەسەر نەنووسرابوو . دوو پەرتووك و دەیان لێکۆڵینەوە و وتارم وەرگێراوەتە سەر زمانی کوردی، کۆمەڵێك وتارم لەم بوارەدا نووسیوە. سەرپەرشتی دوو نامەی ماجستێر و بەشداریم لە گفتوگۆی دەیان نامەی ماجستێر و دکتۆرا کردووە. دەیانجار لەبارەی کێشەکانی زمانەوە لە کەناڵەکانی راگەیاندنی نووسراو، بیزراو و بیستراو چاوپێکەوتنم لەگەڵدا کراوە. لەپاڵ ئەوانەشدا لەنێو وڵات و لە دەرەوەی وڵاتدا لەرووی زمانەوە بەبێبەرامبەر پێداچوونەوەم بۆ دەیان بەرهەمی بیری نووسەرانی کورد کردووە. یارمەتی دەیان خوێندکارم داوە بۆ نووسینی راپۆرتی ساڵانەیان و...

ئەم کۆبەرهەمەم تەرخانکردووە بۆئەو بابەتە زمانەوانییانەی، کە لە کۆڕ و کۆنفرانسی زمانەوانی بەغدا، پاریس، لەندەن ، هەولێر و دهۆك پێشکێشکردووە، یان لەسەر لاپەڕەی رۆژنامە و کۆڤارەکاندا بڵاومکردوونەتەوە.

لەوانەیە لەنێو ئەم بەرهەمەدا بابەتی تیشکێك لەسەر چاپەکانی دیوانی ناڵی ( لەرووی دەسکاریکردنی وشەوە) زۆر بەندیواری بە بابەتەکانی دی نەبێت، بەڵام باسەکە ساخکردنەوەی کۆمەڵێك وشەیە لەنێو چاپەمەنییەکانی دیوانی نالیدا، کە هەر زمان دەگرێتەوە، هەروا گرنگی بابەتەکە بۆ لێکۆڵەران بەباشم زانی لەنێو دووتوێی ئەم بەرهەمەدا بیپارێزم.

لێکۆڵینەوە و وتارانی ناوئاخنی ئەم بەرهەمە بەگشتی زمانەوانین، لەنێویاندا هیچ باس و توێژینەوەیەکی رێزمانی ناگرێتەخۆی.

ئـەم بابەتانـەی لـەم لیسـتەی ژێـرەوەدا تۆمـارم کـردوون ، زۆربـەیـان لەبـارەی ڕێزمانـن، پـرۆژەی نووسـینی چەنـد پەرتوکێـك بـوون، بـەڵام بـۆم نەکـرا تەواویـان بکـەم. مـن لێـرەدا هـەروەك زانیارییـەك سـەردێری باسـەکان بـۆ ئێـوەی بەڕێـز بڵاودەکەمـەوە:

1 / بڕێتی بەشێکی ڕستەیە. کۆڤاری ئاسۆی زانکۆیی. ژمارە 7. ئەیاری 1978

2 / ژمـارە لـە دیالێکتـی کرمانجـی ژووروو و خـوارووودا. وەرگێـران. کۆڤـاری ئۆتۆنۆمـی. ژمـارە 1 و 2 . 1982.

3 / جیـاوازی نێـوان زانسـتی زمـان و فیلۆلـۆژی ـ وتـار. هـاوکاری. ژمـارە 666. 6/12/1982.

4 / فیلۆلۆژی. وتار. هاوکاری. ژمارە 668. 30/12/1982.

5 / زانستی زمان. وتار. هاوکاری. ژمارە 673. 3/2/1983.

6 / پەرەسەندنی لێکۆڵینەوەی زمانەوانی. وتار. هاوکاری. ژمارە 679. 17/3/1983.

7 / لێکۆڵینـەوەی زمانەوانـی لەنێـوان سـەدەی چـواردەم و هەژدەمـدا. وتـار. هاوکاری. ژمارە 687. 12/5/1983

8 / چەنـد سـەرنجێکی سینتاکسـی دەربـارەی بەشـی ڕێزمانـی کتێبـی قوتابخانـەکان. بەشـی یەکـەم . کۆڤـاری ئۆتۆنۆمـی. ژمـارە 4 . سـاڵی هەوتـەم 1983 .

9 / چەنـد سـەرنجێکی سینتاکسـی دەربـارەی بەشـی ڕێزمانـی کتێبـی قوتابخانـەکان. بەشـی دووەم . کۆڤـاری ئۆتۆنۆمـی. ژمـارە 5 . سـاڵی هەوتـەم 1983.

10 / چەنـد سـەرنجێکی سینتاکسـی دەربـارەی بەشـی ڕێزمانـی کتێبـی قوتابخانـەکان. بەشـی سـێیەم . کۆڤـاری ئۆتۆنۆمـی . ژمـارە 1 . سـاڵی هەشـتەم. 1984.

11 / چەنـد سـەرنجێکی سینتاکسـی دەربـارەی بەشـی ڕێزمانـی کتێبـی قوتابخانـەکان. بەشـی چـوارەم . کۆڤـاری ئۆتۆنۆمـی. ژمـارە 2 . سـاڵی هەشـتەم. 1984.

12 / چەنـد سـەرنجێکی سینتاکسـی دەربـارەی بەشـی ڕێزمانـی کتێبـی قوتابخانـەکان. بەشـی پێنجـەم . کۆڤـاری ئۆتۆنۆمـی. ژمـارە 3 . سـاڵی هەشـتەم. 1984.

13 / بەرهەمێکـی نوێـی زمانەوانـی زەرێ یوسـوپۆڤا ـ وتـار. هـاوکاری. ژمـارە 837. 24/4/1986.

14 / پاشگر. وەرگێران. هاوکاری. ژمارە 879. 19/2/1987.

15 / وشەی لێکدراو. وەرگێران. هاوکاری. ژمارە 888. 23/4/1987.

16 / ئاوەڵناو. وەرگێران. هاوکاری. ژمارە 893. 28/5/1987.

17 / نــاو. وەرگێران . هاوکاری. ژمارە 897  2/7/1987.

18 / ئامرازی پێوەندی و پاشکۆکانی. وەرگێران. هاوکاری. ژمارە 904. 27/8/1987.

19 / چۆنیەتی بەکارهێنانی ئامراز ـ وەرگێران. هاوکاری 913 .  12/10/1987.

20 / ئاوەڵکار. وەرگێران. هاوکاری. ژمارە 924. 19/11/1987.

21 / جێناوی نیشانە.خۆو پرسکردن. وەرگێران. هاوکاری. ژمارە 941. 18/1/1988.

22 / جێناوی دیار و نادیار. وەرگێران. هاوکاری. ژمارە 944. 28/1/1988.

23 / گوهاستنا ناڤا سەر جنسا ـ وتار. کۆڤاری کاروان. ژمارە 83. شوباتی 1990.

24 / ژمارە ـ وتار. هاوکاری. ژمارە 1155. 5/3/1990.

25 / خەیسەتناڤ ـ وتار. هاوکاری. ژمارە 1158. 5/3/1990.

26 / ئاگری نەورۆز ئووە نییە. هۆنراوە. هاوکاری. ژمارە 1163. 22/3/1990.

27 / جێناڤ ـ وتار. هاوکاری. ژمارە 1171. 19/4/1990.

28 / پرتـکا هەڤبەنـدی گەلەکانـی نەکفـش ـ وتـار. کۆڤـاری کاروان. ژمـارە 85. نیسـانی 1990.

29 / ئافراندنا بنیاتا وەختا ـ وتار. هاوکاری. ژمارە 1203.  16/8/1990.

30 / وشــەی کۆڤــار لەنێــوان حوزنــی موکریانــی و جــەلادەت بەدرخانــدا ـ وتــار. رۆژنامەنــووس   1999

# چۆنیەتی پەرەسەندنی
# ئۆرتۆگرافی لە رۆژنامەگەری کوردیدا

کەرکوك. نەورۆزی 1984

ئۆرتۆگرافی لە زمانی کوردیدا کێشەیەکی ئاڵۆزی زمانەوانییە. هێندێکجار چەند شارەزایەکی زمانی کوردی لابەلا لەسەر لاپەرەی رۆژنامە و کۆڤارەکاندا بیروڕای تایبەتی خۆیان لەسەری دەربریوە، یان لەنێو نامێلکە و پەرتووکی تایبەت بە رێنووسەوە لەم بابەتەیان کۆڵیوەتەوە و رایی خۆیان خستووەتەروو(1). ئەم کارە بە هەوڵی تاکە کەسێك چارەسەرناکرێت، بەڵکو پێویستە لە چەند کۆڕێکی فراواندا لەلایەن شارەزایاندا شیبکرێتەوە و لێکبدرێتەوە(2). لەبەر نەبوونی ئەمجۆرە کۆڕانە ناچار باسی نێوبراوم بەرێگەی کۆڤارەوە دەخەمە بەردەستی خوێنەری خۆشەویست، بە هیڤی وەدەستهێنانی ئەلفوبێیەکی راست و رەوانتر، کە زێتر لەگەڵ دەنگەکانی زمانی کوردیدا بگونجێت.

ئەو ئەلفوبێیەی یەکەمین رۆژنامەی کوردی پێ چاپکراوە و هەروا زۆربەی هەرە زۆری رۆژنامە و کۆڤارەکانی دی پێ بڵاوکراوەتەوە و دەکرێت (3) لە چاپکردنیاندا ئەلفوبێی عەرەبی ـ کوردی بۆ بەکارهاتووە و دەهێندرێت.

ئەوەی شایەنی باسە ئەلفوبێی عەرەبی لەو ئەلفوبێ ئارامییە وەرگیراوە، کە چەند سەدەیەك پێش زایین باوبووە و بەکارهاتووە. نووسینی سریانیش هەر لە ئەلفوبێی ئارامی وەرگیراوە(4). لەرووی ئەوەی ئەلفوبێ وەرگیراوەکان زۆر

لـە یەکدەچـوون، لـە زمانـی عەرەبیـدا هەوڵـدرا خـاڵ لەسـەر یـان لەژێـر تیپـەکان دابندرێـت بەمـە ئەلفوبێـی عەرەبـی لـە ئەلفوبێـی زمانانـی دی جوداکرایـەوە. لـەدوای بڵاوبوونـەوەی ئیسـلامدا لەنێـو کـورددا بەرهەمـی نـووسراو بـەو ئەلفوبـێ عەرەبییـە نووسراونەتـەوە.

## ئۆرتۆگرافی کوردی لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا

ئەگـەر چاوێـك بـە مێـژووی ئۆرتۆگرافـی گێتـی بخشـێنین، دەبێـت باسـی هەوڵـی تاکە کەسـان بکەیـن، کـە گۆرینیـان بەسـەر ئەلفوبێـی زمانەکـەی خۆیـان هێنـاوە، تاوەکـو زێـتر لەگـەڵ دەنگـی خۆماڵـی رێکبکەوێـت هـەروا بۆئـەوەی بەشـێوەیەکی ئاسـانتر لـە جـاران بنووسرێـت. بـۆ وێنـە یولفیـلاس Uilfilas ئەلفوبێیەکـی بـۆ گوتیـان، میـسرۆب Mesrob بـۆ ئەرمەنییـان برایـان: کیریـل Cyril و میتـۆدی Mytodi رێگەیەکـی نوێیـان بـۆ سـلاڤییان داهێنـا، کـە ئەمانـە و غەیـری ئەوانـەش ئـەم هـەوڵ و تەقەلانەیـان بـۆ زووتـر بڵاوبوونـەوەی دینێکـی نـوێ بـووە. لـە هێنانەپێشـەوەی باسـکردنی ئۆرتۆگرافـی کوردیـدا هـەر دەبێـت بـاس لـە هەوڵـی سەرنووسـەر و رۆژنامەنووسـان بکرێـت، کـە لە پـاڵ ئەرکـی رۆژنامەنووسـییان هـەر خۆیـان خۆشـنووس، نووسـەر، تیپچـن، وێنەکێـش و.. چاپکـراوە رۆژنامەگەرییەکانیـان بـوون، چونکـە نـەك لـە سـاڵانی رابـردوو بەڵکـو ئەمرۆشـی لەگەڵدابێـت هیـچ دەزگەیەکـی رۆشـنبیری کـوردی نەیتوانیـوە کۆرێکـی تایبـەت بـۆ رێنووسـی کـوردی رێکبخـات.

## وێنەیەك لە ئەلفوبێی کوردی لەسەرەتایی سەدەی بیستەمدا ـ 1920

یەکەمیـن رۆژنامـەی کـوردی، کـە تـا ئەمـڕۆ بـە دەسـتمان گەیشـتبێ رۆژنامـەی کوردسـتانە، کـە بـە دیالێکتـی کرمانجـی ژووروو شـێوەی بۆتـان نـووسراوە. یەکەمیـن ژمـارەی لـە 22ی نەیسـانی 1898 دا بڵاوکراوەتـەوە.

رۆژنامـەی نێوبـراو بـە ئەلفوبێـی عەرەبـی ـ کـوردی چاپکـراوە. هەوڵـدراوە تیپـی کـوردی پ. چ. ژ. ڤ. گ. لەبرێتـی ب.ج.ز.ف.ك بەکاربهێنێـت، بـەڵام زۆرکـەم ئـەم تیپانـە بەکارهاتـوون، بەڵکـو هـەر تیپـە عەرەبییـەکان بەرچاودەکـەون. وەك:

باشا له برێتی پاشا. ژماره 6. لاپەره 11.
ئەف. ئەفە. کەفن له برێتی ئەڤ. ئەڤە. کەڤن. ژماره 11 لاپەره 2.
کل بەرامبەر بە گەل. ژماره 16. لاپەره 1 و 3.
ئـەوەی زێـتر سەرنجراکێشـە تیپـی (ز) ێ لـە وشـەی وەك: زارۆ. زانیـن. مـەزن بـە (ظ) نـووسراوە لـە شـێوەی ظـارو. ظانیـن. مظـن . ژمـارە 31 . لاپـەرە 2 بەرچاودەکـەون.
لەنێـو رۆژنامـەی کوردسـتان دا هیـچ جیاوازییـەك بـۆ (و) ی کـراوە و درێـژ و بزوێـن و نیمچـە بزوێـن نەکـراوە. هـەر چواریـان بـە یەکجـۆر نـووسراون. (ل) سـووك و (ڵ) گـران وەك یـەك نـووسراون. (ی) کـراوە و (یـی) درێـژ و نیمچـە بزوێـن هەموویـان یـەك شـێزو نووسـینییان هەبـووە.
لەنێـو رۆژنامـەی کوردسـتان دا هیـچ بیرێـك بـۆ دانانـی سـەر و بـۆر و ژێـر نەکـراوە، کەچـی هێندێـك
نووسـەر لـە بەرهەمەکانیانـدا سـوورن لەسـەرئەوەی، کـەوا سـەر و بـۆر و ژێـر بـۆ هێندێـك تیـپ بەکارهاتـووە، بـە تایبەتـی لـە ژمـارە (5) دا، بـێ ئـەوەی وێنەیـەك بـۆ ئـەو گۆرینـە ئۆرتۆگرافییـە گرنگـە بێننـەوە.

**وێنەیەك لە جۆری چاپی کوردی لە ساڵی 1902 دا:**

( اڤـ خطـی مـن ژ ور نقیسـی دیسـا ژ حـضرت سـلطان عبدالحمیـد خـان رەیـە از حفصـی دکـم دا اژنـا جریدەیامـە بـدت از اشـکار ریکـم کردسـتانی. ارمنـی و روم نـە هـن نیڤیـن کردانـە چـرە اوان بفرمانیـن خـوە جریـدە هـبن و کـردا تشـتك تنینـن و ژ حالـی دنیایـی بـی خبریـن... رۆژنامـەی کوردسـتان. ژمـارە 5. لاپـەڕە 3) .
سـاڵیك پێـش جەنگـی یەکەمی جیهانـی کۆڤـاری رۆژی کوردسـتان بڵاوکراوەتـەوە. ئەم کۆڤـارە بـە هـەردوو دیالێکتـی کرمانجـی ژووروو و کرمانجـی ژێـروو چاپکـراوە. کۆڤـاری نێوبـراو لەلایـەن کۆمەڵـەی هیڤـی ییـەوە ئامادەکـراوە و پەخشـکراوە. سەرنووسـەر و لێپرسراوانـی ئـەم کۆڤـارە ئەوەیـان بـۆ سـاخبۆتەوە، کـەوا ئـەو ئەلفوبێیـەی پێـرەوی دەکـەن پڕبەپـڕی دەنگـە کوردییـەکان نیـن، بۆیـە بـە پێـی دەسـەڵات و شـارەزایی خۆیـان هەوڵـی دۆزینـەوەی دارشـتنی چەنـد نیشـانەیەکی نوێیـان داوە، بـۆ ئـەوەی لایەنێکـی کێشـەی رێنووسـی کـوردی لابەلا بکـەن. لە ژمـارە 2 و 3 ی کۆڤارەکـەدا وێنەی ئەلفوبێیەکەیـان بڵاوکردووەتـەوە و چەنـد ئایەتێکـی پیرۆزیشـی پێ دەنووسـنەوە، بەڵام بابەتـە کوردییەکانـی هـەر سـێ ژمـارەی کۆڤارەکەیـان پـێ نەنووسـیوەتەوە.

**وێنەیەك لە جۆری چاپی کوردی لە ساڵی 1913 دا :**

**لـە داری دنیـادا بختیـارم چونکـە نسـبتم بـە قومـی کـرده خـۆم بـە بدبخـت دزانـم چونکـە او قومـە نجیبـە لـە سـاحه، تکامـلا دو هنـکاو نچوتـە پیشـوه بـو دفعـی ام تچاده بـو چـاره نجاتـی او قومـە دو ریکـە احـاب کـراوه: یکـی جمعیتـی کـرده مقصد و غایـە. دوم روژ کـرد ە، کـە اویـش دوبـاره بـو خدمتـی کردهـا بوتـە سـاحه نـشر و فوائـد، ام جمعیتـە اونـده زوره کـو لـە ژماردنـی زبـان عاجـزه. روژی کوردسـتان. ژمـاره 2. لاپـەڕه 22 . شـەعبان 1331.**

هەوەکـو لـەم تێکسـتەی سـەرەوەدا دیـارە، ئـەو ئەلفوبێیـەی ئـەم کۆڤـارەی پـێ چاپکـراوە، لەچـاو ئـەو ئەلفوبێیـەی ڕۆژنامـەی کوردسـتانی بـە پـازدە سـاڵ بـەر لـەم پـێ بڵاوکراوەتـەوە هـەژارە، چونکـە لـە بەشـی کرمانجـی ژووروووەکـەی تیپـی (ڤـ) ێ هیـچ بەکارنەهاتـووە. تیپـی (ژ) ێـش بـە دەگمـەن بەرچاودەکەوێـت. تیپـی (گـ) ێ لـە بەشـە کوردییەکەیـدا تەنیـا لـە سـێ رسـتەدا بەکارهاتـووە. لـە برێتـی تیپـی (ز) ێ زۆرجـار تیپـی (ظ) بەکارهاتـووە، وەك : بظـان لـە برێتـی بـزان. پـظ لـە برێتـی پـەز. تیپـی (ص) لـە وشـەی عەرەبـی و کوردیشـدا زۆر بەکارهاتـووە: قـصر. صـد. صاحـب. برصـان. قصـە. صحـرا. شرط. خطابـە. طعـن و..

ئـەوەی لـە نووسـینی ئـەم کۆڤـارەدا سەرنجراکێشـە دانانـی (ء) یـە لـە کۆتایـی نـاوی دیارخـراودا، کـە لێـرەدا وەك نیشـانەیەك بـۆ ئامرلـزی خستنەسـەری (ـ ی) بەکارهاتـووە: سـاحە تکامـلا. چـارە نجاتـی. سـاحە نـشر. دانانـی ئـەم (ء) یـە لەسـەر دواتیپـی دیارخـراوەوە لاسـاییکردنەوەی ئەلفوبێـی زمانـی فارسـییە، کـە بـۆ پێشـاندانی بـاری خستنەسـەرە لـە نووسـیندا. هـەر لـەم تێکسـتەدا وادیـارە، کـە ئـەم (ء) یـە وەك نیشـانەیەك بـۆ کەسـی سـێیەمی تاکیـش بەکارهاتـووە.

یەکەمیـن ژمـارەی کۆڤـاری تێگەیشـتنی راسـتی لـە کانوونـی دووەمـی 1918 لـە بەغـدا دەرچـووە. نووسـەرانی ئـەم کۆڤـارەش هەوڵیانـداوە، تیپـی (پ . چ . ژ) ی لـە چاپکردنـدا بەکاربهێنـن، بـەڵام لـە هەمـان کاتـدا تیپـی (ژ.پ.چ.ڤ.) ی عەرەبیـش لـە نووسـینەکاندا هـەر بەرچاودەکـەون. ئـەوەی لێـرەدا زۆر گرنگـە بایەخدانـی نووسـەرانی ئـەم کۆڤارەیـە بـە چارەسـەرکردنی سـەر و بـۆر و ژێـرە. لـە ژمـارە 63 ی سـاڵی 1919

دا نووسـیویانه: سـەر و بـۆر و ژێـر ی حەرفـەکان بـە (ە) و (و) و (ی) دەنووسـین: لـە باتـی کردسـتان (کوردسـتان) لەباتـی دکا (دەکا) و لەباتـی موفقیـت اوان ( موفقیتـی اوان) هەمـزەش بـە (ی) دەنووسـین...

وا دیـارە ئـەم پێشـنیازەی سـەرەوە لەلایـەن مێجـەر سـۆنەوە کـراوە، کـە خـۆی یەکێـك بـووە لـە دەرهێنەرانـی ئـەم کۆڤـارە و چەندیـن بابەتـی زمانەوانیشـی بـە زمانـی کـوردی پێـش دەرچوونـی ئـەم کۆڤـارە بڵاوکردووەتـەوە. ئـەوەی شـایەنی باسـە ئـەم چارەسـەرییە بـۆ سـەر و بـۆر و ژێـر تـا ئەمـڕۆش هـەر پێرەودەکرێـت.

وێنەیەك لە ئەلفوبێی کوردی لەنێوان ساڵانی 1920 ـ 1940 دا

لـەو کۆڤـار و رۆژنامانـەی، کـە لـە سـاڵانی بیسـتدا بـە زمانـی کـوردی دەردەچـوون: رۆژنامـەی پێشـکەوتن (1919 ـ 1920) رۆژنامـەی بانگـی کوردسـتان (1922 ـ 1927). رۆژنامـەی رۆژی کوردسـتان (1922 ـ 1923). رۆژنامـەی بانگی حـەق (1923). رۆژنامەی ژیانـەوە (1924 ـ 1926). ژیـان (1926 ـ 1932).

ئـەو بەرهەمـە رۆژنامەگەرییانـەی لـە سـاڵانی سـیدا دەرچـوون لـەرووی ژمـارەوە لـە هـی سـاڵانی بیسـتدا زۆر کەمتربـوون: کۆڤـاری زاری کرمانجـی (1926 ـ 1932). کۆڤـاری روناکـی (1935 ـ 1936). کۆڤـاری زانسـتی ـ تاکـە ژمارەیەکـی لـە 25/2/1938 دا دەرچـووە. رۆژنامـەی ژیـان ( 1937 ـ 1939) رۆژنامـەی ژیـن ( 1939 ـ 1960) کۆڤاری دیـاری لاوان ( 1933 ـ 1934).

رێنووسـی ئـەم چاپەمەنییانـەی سـەرەوە بـە شـێوەیەکی گشـتی هـەر بـە رێنووسـی سـاڵانی پێـش بیسـت دەچێـت، تەنیـا ئـەوە نەبێـت، کـە ئەو سـەر وبـۆر و ژێرەی پێشـتر پێشـنیازکرابوو لـەم قۆناخـەدا زێـتر پێرەودەکرێـت ئـەوەی لێکۆڵـەران دانیپێدادەنێـن ئـەو دەورەیـە، کـە کۆڤـاری زاری کرمانجـی لـەو مەیدانـەدا گێراویەتـی بۆ پەرەسـەندنی ئەلفوبێـی زمانـی کـوردی (6).

حوسـێن حوزنـی موکریانـی، کـە بەڕێوەبـەر و تیپچـن و نووسـەر و.. ئـەم کۆڤـارە بـوو، لـە ژمـارە 7 ی زاری کرمانجیـدا لەبـارەی رێنووسـی کوردییەوە نووسـیویەتی:

قاعدەیکی کە لە کوڤاری زارکرمانجی دا قبول کراوە بو نوسین اەمەیە: ـ

حـرف (ە) علامتـی سرە. وەکـو (اەگـەر). و ] و [ علامتـی بـورە. وەکـو: ] بـوت[ ـ ، ـ ] خـوت [ ـ ، ـ ]رووت[ و حرفـی ] ی [ علامتـی ژێـرە وەکـو ] ایـدی [

بەلان لە شرگیکی دا حرفاتی ە ، و ، ی لە اصلی کلمە نەبن.

کۆڤاری زارکرمانجی. ژماره 7 . 7 ـ 30 کانونی 2  1927 لاپەڕە 28 .

**چەند وێنەیەك لە جۆری چاپی کوردی لە ساڵانی بیست و سییەکاندا:**

وێنەی یەکەم ـ 1927:

ریبوار هتا دانیشی ریگای لی دووردەکەویت. شوان هتاکو بخەوی، مەری بلاودەبیت. پیاو هتا غافل بی، مردنی لی نزیکتر دەبیت. گەورە هەتا بترسی، زیادتر گرفتاری دەبیت. تاجر هتا نەکوشی قازانجی دەست ناکەویت. فقی هتا نەخوینی علم وە دەست ناکەویت.

جوتیار هتا نەکیلیت و نەچینیت و نەدرویت جوخینی هەلناگیریت. دەهۆل هتا نەکوتری دەنگی لی دەرناکەویت. مندال هتا نەگریت دایکی شیری ناداتیت... زاری کرمانجی. ژماره 3. 1343 (1927).

وێنەی دووەم ـ ساڵی 1930:

بە مناسبتی نزیك بونەوەی جژن رەمەزانەوە ایتر غزتەکەمان هتا دوای جژن انتشار ناکات لە ایستاوە مبارکیی لە همو عالمی اسلام اکەین. تمنا اکەین الی الابد بە مسعودی همو سالیك ام جژنە بەبینینەوە. رۆژنامەی ژیان. ژماره 229. 27. شوباتی 1930.

وێنەی سێیەم ـ ساڵی 1933:

هەی خاك: چند جوان و قەشنگی، چند بە فەر و پیروز و گران بها و رەنگینی، لەگەل هەتاو دا ئەو ریك کەوتنەت چند دلپەزیر و دەلالە، بو تیشکی خورەتاو چلون گەردنی فەرمان بەریت دانەواندوە و بۆی مل کەچ بوی و بە همتیکی بەرز لە پیشدا کەمەری خزمت گوزاریت بو گری داوە و لە تەك پرشەنگی شمشیرەی اگرینی روناکیدا چند چاك پیك هاتوی. کۆڤاری روناکی. ژماره 3. لاپەڕە 11. 1933.

## ئەلفوبێی کوردی لە ساڵانی چلەکانـدا

لـەو کۆڤـارە گرنگانـەی، کـە لـە سـاڵانی چلەکانـدا دەرچـوون و شـوێنی تایبەتـی خۆیـان لـە پەرەسـەندنی مێـژوو و وێـژە و وەرگێـران و هێندێـك بابەتـی زمانەوانـی دا بینیـوە کۆڤـاری گەلاوێـژ 1939 ـ 1949 . و کۆڤـاری دەنگـی گێتـی تـازە 1944 ـ 1946. ڕێنووسـی ئـەم دوو کۆڤـارە هەروەکـو ڕێنووسـی سـاڵانی سـییەکانە، بـەڵام ئەوەنـدە هەیـە بابەتـی زمانەوانـی جۆراوجـۆر دەکەونـە بەرچـاو، وەك : دابەشـکردنی زمانـی کـوردی بەسـەر دیالێکتـەکان. چۆنیەتـی نووسـینی وشـەی بێگانـە لـە زمانـی کوردیـدا و.. ئـەم دوو کۆڤـارە لـە ڕووی بەکارهێنانـی وشـەی خۆماڵـی لەوانـەی پێشـووتر دەوڵەمەندتـر و لـە بارتـرە. بابەتـی وەرگێردراویشـی زیاتـرە.

**چەند وێنەیەك لە جۆری چاپی کوردی ساڵانی چلەکاندا:**

لـە ڕۆژێکـی سـەرما و توفـی ئـەم زسـتانەدا پیاویکـی هـەژاری برسیو روتـ روو ئەکاتە یەکـی لـە چاپخانەکانـی بغـدا لەسـەر تەختەیـەك دائەنیشـی، دوای ئـەوەی چایـەك ئەخواتـەوە هـەل دەسـتی، لـەو عانـەدا نیـازی دزینـی مافـوری سـەر تەختەکـە ئـەکا، بـە دزیـەوە لولـی ئـەدا و ئەیخاتـە بـن باخەلـی و ئـەروا... کۆڤـاری گەلاوێـژ. ژمـارە 9 ـ 12 ئەیلولـی ـ کانونـی اول 1940.

پاسـەوانی لاو، قیـژە و نالـەی بلندکـرد کـە ( ئـەو بـو خـوی وتویـە ئەگـەر گولـی سـوری بـو ببـەم لەگەلـدا هەلدەپـەری بـەلام لـە هەمـو باغـی منـدا هیـچ گولیکـی سـور نیـە).

بلبـل لەسـەر داری مـازو لـە هیلانەکـەی خویـدا قیـژان و نالـەی ئـەوی بیسـت لەنیـوان گەلاکانـی داردا تەماشـای دەکـرد و سـەری سـورمابو... کۆڤـاری دەنگـی گیتـی تـازە. ژمـارە 1. بەرگـی 4. نەیسـانی 1945 لاپـەڕە 21.

## ئەلفوبێی کوردی لە ساڵانی پەنجا و شەستەکاندا

وێنـەی نووسـینی دەنگەکانـی زمانـی کـوردی لـە سـاڵانی پەنجـا و شەسـتەکاندا بـە قۆناغێکـی گرنـگ تێپەریـوە، چونکـە دەسـتکارێکی شـارەزایانە بـۆ هێندێـك وێنـەی دەنـگ کـراوە، کـە لـە سـاڵانی پێشـتردا بایەخـی پێنەدرابـوو.

تایبەتمەندی ئەم قۆناغە لەنێو ئەم خاڵانەدا روونراوەتەوە:

1 ــ بەکارنەهێنـان و نەمانـی ئـەو تیپانـەی، کـە دەنگەکانیـان لـە زمانـی کوردیـدا نیـن، لەوانـە:

( چ. ڤ. گ ) ێ.

2 ــ چەسپان و بەکارهاتنی تیپی ( پ. چ. ژ. ڤـ) ێ لە شوێنی تایبەتدی خۆیدا.

3 ــ دانانـی نیشـانەی هـەوت (ˇ) بـۆ سـەر واوی کـراوە و یـێ کـراوە و لام و رێـی گـران. بـۆ ئـەوەی شـێوەی تیپـی رێـی گـران لەگـەڵ ژێـدا تێکـەڵ نەبێـت لـە هێندێـك چاپەمەنیـدا نیشـانەی هـەوت ژێرێـك (ـ) لـە ژێـر رێـی گـران دادەنـدرا.

4 ــ بەرامبـەر بـە دەنگـی وێ ، کـە لـە وشـەی: خوێـن، نوێـن، خـوێ ، شـوێن و.. هـەن، سـەرێك لەسـەر تیپـی (و)ێ دانـرا. ئـەم شـێوەیە زۆر کـەم لەنێـو چاپەمەنـی کوردیـدا پێرەوکـرا.

5 ــ لـە برێتـی ( ێ ) ی مـەدەدار شـێوەی ئـەم دەنگـە وەکـو ( ئـا) پێشـنیازکرا و لـە زۆر چاپەمەنیـدا پێرەوکـرا.

## چەند وێنەیەك لە جۆری چاپی کوردی ساڵانی پەنجا و شەستەکاندا:

وێنەی یەکەم ـ ساڵی 1957:

ئەمـە هـەزاران سـاڵە هـۆزە کۆچەرەکانمـان سـاڵی شـەش مانـگ بـە هاتوچـۆوەن بـۆ کویسـتان و گەرمیـان. کاروفەرمانیـان هـەر مـەرَ لەوەرَاندنـە لـە پاوانەکانـدا لەسـەر شـێوەیەکی کـۆن و دووا کەوتـوو. نەخوێنـدەواری یـان، سرکـی داچلەکینیـان لـە ژیانـی شارسـتانی، نەشـارەزایی یـان لـە ژینێکـی پـڕ پاکـی و رێکوپێکـی و کامەرانـی ئەمانەیـان هەمـوو لـە جـی ی خۆیـان نەگـۆران، هەمـوو دەم شـپرزەی دەسـی زۆرداری

و نەخوێندەواری و نەخۆشی و نالەباری ژیانن. بە کورتی ژینێك ڕائەبوێرن نزیکتر لە ژیانی دڕندە و کێوی نەك لە ژینی مرۆڤ. کۆڤاری هەتاو. ژمارە 110 ساڵی 4 . لاپەرە 3. 20ی گەلاریزان 10 ی تشرین 1 1957.

وێنەی دووەم ـ ساڵی 1961:

ئەو ئەلفوبێیەی لە ساڵانی پەنجا و شەستەکاندا بەکاردەهات هێندێك کێشەی ڕێنووسی کوردی لابەلاکردبوو، بەلام هێژ زۆربەی ڕۆژنامە و کۆڤارەکان هەر بەو ئەلفوبێیە چاپدەکران، کە لە ساڵانی بیست وسیدا بەکاردەهاتن، ئەمەش بۆ گرنگیپێنەدان و بایەخپێنەدانی خاوەن چاپخانەکانی ئەوسا بۆ ڕێنووسی کوردی دەگەرێتەوە. گەورەترین بەلگەش (کۆڤاری شەفەق . کۆڤاری هیوا. کۆڤاری رۆژی نویٚ) ن.

ئادەمزاد لە هەزاران سال لەمەوبەرەوە ئەیەوی وەك مەل بال بگری تا لە ئەنجاما توانی ی بالون دروست بکا ئنجا فروکە و دەست بکا بە گەشت کردن و شەرکردن بە فروکە بور بە گورر بەلام لە سەدەی بیستەما خولیای ئەوەی کەوتە سەرەوە کە ئەستیرەی دەست کرد بنیری بو ئاسمان لە مەشا سەرکەوتو چەند ئەستیرەیەکی نارد کە بە دەوری زەمینا بخولینەوە. کۆڤاری رۆژی نویٚ. ژمارە 2. سالی 2. لاپەرە 83. 1961.

### ئەلفوبێی کوردی لە ساڵانی هەفتاکاندا

ئەو دەستکارییانەی، کە لەمەوپێش لەنێو ئەلفوبێی کوردیدا کراون و لە چاپکردنی کۆڤار و ڕۆژنامەکاندا پێڕەوکران، هەمووی هەوڵی تاکە کەسانێك بوون، کە ڕۆژنامە و کۆڤارەکانیان بەڕێوەبردووە و هەستیان بە کەموکووری ئەلفوبێیەکە کردووە، بەلام لە ساڵانی هەفتادا بەهۆی دامەزراندنی بەڕێوەبەرێتی گشتی ڕۆشنبیری کوردی[8] و کۆڕی زانیاری کورد هەوڵ و بڕیار و پێشنیازی چارەسەرکردنی ئەلفوبێی کوردی لە قۆناغی تاکە کەسەوە کەوتە قۆناغی بڕیاردانی کۆمەڵە کەسێك لەنێو لێژنانی زمانی کوردیدا، ئەوە بوو کۆڕی زانیاری کورد لە یەکەم بەرهەمی زانستی خۆیدا[9] ڕێنووسێکی خستە بەرچاو خوێنەران بۆ ئەوەی لە ماوەی شەش مانگدا شارەزایان بیروڕای خۆیانیان لەسەر دەربڕن، تاوەکو دوای

لێکۆڵینـەوە و لێدوانـی تێکـرا ئەلفوبێـی پێشـنیازکراو بچەسـپێنن.

لێـرەدا هێندێـك لـەو خاڵانـە دەخەمـەروو، کـە کـۆڕی زانیـاری کـورد بـۆ ئەلفوبێـی کـوردی پێشـنیازیکردبوو:

1 ـ (و) و (ی) درێـژ ـ کـە هێندێـك لـە نووسـەران بـە دوو واو و دوو یـی دەیاننووسـن لەراسـتیدا یـەك دەنـگ پیتـی گیـراو (مشـدد) نیـن، لەبەرئـەوە نابێـت بـە دوو واو یـا دوو یـێ بنووسرێـن، بەڵکـو دەبێــت بـە چوکڵـە و نیشـانە لـە یەکـتر جیابکرێنـەوە...

2 ـ دانانی چوکڵە ئاسانتر و خێراترە لە نووسینی پیتێکی سەرلەبەر...

3 ـ ئەنجومەنـی کـۆڕ هێشـتنەوەی تیپـی ص لـە ئەلفوبێـی کوردیـدا بەپێویسـت زانیـوە.

لەپاڵ ئەوانـەدا ئەنجومەنـی کـۆڕ چەنـد بریارێکـی دی لەبـارەی چۆنیەتـی نووسـینی چەنـد دەنگێـك لەوانـە:

ـ چۆنیەتی نووسینی دەنگی (ە) لە کۆتایی وشەدا.

ـ چۆنیەتی نووسینی چی و چ و شوێنی لە رستەدا.

ـ دانانی دەنگی (د) ێ لە چەند ژمارەیەکدا

ـ چۆنیەتی نووسینی وشە و ناوی بیانی.

ـ چۆنیەتـی نووسـینی وشـەی داتـاشراو، هـەروا فیعـل لەگـەڵ ئامـرازی بەراییـدا و فیعلـی مورەکـەب و نـاو و ئاوەڵنـاو و..

ئەم کێشانەی نووسین لەم ئەلفوبێیەی کۆڕی زانیاری چارەسەرنەکراون:

1 ـ نووسینی بزرۆکە، کە لە ئەلفوبێی کوردی لاتینیدا ( i ) بۆ داندراوە.

2 ـ جودانەکردنـەوەی دەنگـی (ی = î ) ی بزوێـن وەك لـە وشـەی: پەنیـر = penîr و.. لەگـەڵ (ی = y) نیمچەبزوێـن وەك لـە وشـەی: یـاری = yarî و...

3 جودانەکردنـەوەی دەنگـی ( و ـ u ) بزوێـن وەك لـە وشـەی کـورد ـ kurd . لەگـەڵ ( و ـ w ) ی نیمچەبزوێـن هـەروەك لـە وشـەی وەرە ـ were . هـەور ـ hewir و.. دەبینرێـت.

4 ـ نیشـانەی ئامـرازی خستنەسـەر، کـە لەگـەڵ وشـەی کۆتایـی هاتـوو بـە بزوێـن وەك : هەرمێـی کوێسـتان.

رەشـەبای سـلێمانی دێـت، دەبێـت لەگـەڵ وشـەی کۆتایـی هاتوو بـە نەبزوێـن، وەك: ئاسـمانی گـەش. گوڵـی بەهـار سـنووری بـۆ دابندرێـت و نیگارەکانیـان جیاوازبێـت.

## سەرچاوە و پەراوێز

1 / ئەو بەرهەمە چاپکراوانەی، کە بەتایبەتی لەسەر ئۆرتۆگرافی کوردی داندراون:
ا ـ نوری عەلی ئەمین، رابەرێ بۆ ئیملای کوردی، بەغدا 1966
ب ـ گاهر صادق، رێنوس (چۆنیەتی نوسینی کوردی)، کەرکوك 1969
پ ـ مستەفا نەریمان، رێنوسی کوردی لە رەگ و ریشەوە، بەغدا 1981

2 / بریـار وابـوو دەسـتەی کـوردی سـەر بـە کـۆری زانیـاری عیـراق کۆرێـك بـۆ گیروگرفتـی رێنووسـی کـوردی لـە پایـزی سـاڵی 1980 دا رێکبخـات. نووسـەرێکی زۆر بەرهەمـی بیـری خۆیـان لەبـارەی رێنووسـەوە بـۆ کـۆڕ نـارد، بـەڵام هـەر رێکنەخـرا و لێکۆڵینـەوەکان لـە بەرگـی نۆیەمـی کۆڤـاری کـۆڕی زانیاریـدا لـە سـاڵی 1982 دا بڵاوکرانـەوە.

3 / ئـەو رۆژنامـە و کۆڤارانـەی لـە شـام لەلایـەن بنەماڵـەی بەدرخانییانـەوە دەردەچـوون بـە ئەلفوبێـی کـوردی ـ لاتینـی چاپدەکـران: هـاوار. یەکـەم ژمـارەی لـە سـاڵی 1932 دا بڵاوکراوەتـەوە. روناهـی 1941 ـ 1946. روژا نـوی 1943 ـ 1946. سـتێر 1943 ـ 1945.

4 / بیرێکـی وا بـاوە، کـەوا سـەرچاوەی ئـەو ئەلفوبێیانـەی لـە جیهانـدا هـەن، هەموویـان بـۆ یەکجـۆر ئەلفوبێـی هاوبـەش دەگەرێنـەوە و لـەوەوە پەرەیانسـەندووە. ئـەوەی لـەو بۆچوونـەدا سەرنجراکێشـە ئەوانـەی لـەو بابەتـە دوواون لەسـەر جـۆری ئەلفوبێـی هاوبـەش رێکنەکەوتـوون. ئـەو بۆچوونـە هـەر ئـەوەی روونکردووەتـەوە، کـەوا لـە ئەلفوبێـی سـامی ـ لکـی باکـووری: ئەلفوبێـی زمانانـی جولەکـە، سریانـی، عەرەبـی، پەهلـەوی و.. وەرگیـراون. ئەمانـەش لـە نیشـانەکانی هیرۆگلۆفییـەوە پەرەیانسـەندووە. لـە ئەلفوبێـی یۆنانییـەوەش ئەلفوبێـی زمانانـی سـلاڤی بنیاتـنراوە. هەمـوو ئەلفوبێیەکانـی رۆژئاواییـش لـە ئەلفوبێـی لاتینییـەوە وەرگیراون. ئەمـە بیروڕای پرۆفیسـۆر مینسـە، کـە لـە بەرگـی 2 ی مێـژووی جیهانـدا بڵاویکردووەتـەوە.

5 / مستەفا نەریمان. رێنوسی کوردی لە رەگ و ریشەوە. بەغدا 1981. لاپەڕە 18
6 / جەمال نەبەز، زمانی یەکگرتووی کوردی، بامبێرگ، 1976 لاپەرە 80

7 / رۆژی کورد، لەلایەن جەمال خەزنەدارەوە بڵاوکراوەتەوە، بەغدا 1987

8 / لەبەرئـەوەی ئـەو بریـارەی، کـە بەرێوەبەیەتـی گشـتی رۆشـنبیری کـوردی بـۆ ڕێکخسـتن و یەکبوونـی رێنووسـی کـوردی نێـو پەرتوکـی قوتابخانـەکان بـووە، بۆیـە مـن لێـرەدا باسـیناکەم. ئـەم دەزگەیـە توانـی هێندێـك رێنووسـی کـوردی بەپێـی شـارەزایی کارمەندانـی چارەسـەربکات، لـە هەمووشـی گرنگـتر کتێبـەکان بـە یەکجـۆرە رێنـووس چاپبـکات.

9 / کۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، ژمارە 1 ساڵی 1973 بەغدا لاپەرە 364 ـ 379.

# تیشکێك لەسەر چاپەکانی دیوانیناڵی
# (لەرووی دەسکاریکردنی وشەوە)

کەرکوك. گەلاوێژی 1984

بەهـۆی بەچاپگەیانـدن و بڵاوبوونـەوەی دیوانـی نالـی و کـێ راسـتە؟ کـە لەلایـەن مامۆسـتا عەبدولخالیـق مەعروفـەوە دانـدراوە و لێکدراوەتـەوە، هەوڵێکـی بـەراوردکاری هـەوت سـاڵ لەمەوبـەری خـۆم هاتەوەیـاد.

لەوکاتـەدا بەواتـا هـەوت سـاڵ لەمەوبـەر دوو بەرهـەم لەبـارەی هۆنراوەکانـی ناڵـی کەوتنـە بـازارەوە:

یەکەمیـان/ دیوانـی نالـی. لێکۆڵینـەوە و لێکدانـەوەی مـەلا عەبدولکەریـم مـدرس و فاتـح عەبدولکەریـم. محمـدی مـەلا کەریـم ـ ئەندامـی یاریـدەدەری کـۆڕی زانیـاری کـورد پێیداچووەتـەوە. بەغـدا 1977.

دووەمیـان/ دیوانـی نالـی و فەرهەنگـی نالـی. لێکۆڵینەوە و سـاغکردنەوە و نووسـینی دکتـۆر مـارف خەزنـەدار ـ یاریـدەدەری پرۆفیسـۆر لـە کۆلیجـی ئەدەبیـات ـ زانسـتگەی بەغـدا. بەغـدا 1977.

لەبەرئـەوەی نووسـەرانی ئـەم دوو بەرهەمـە یەکجـۆرە رەخنەیـان لـە جـۆری چاپکردنـی دیوانـی ناڵـی چاپخانەکەمـان گرتبـوو، بڕیـاری هەوڵدانـی ئـەم کارە بەراوردکارییـەم دا.

ناوەرۆكـی رەخنـەی ئـەم دوو بەرهەمـە وەنەبێـت ئەوسـا تـازە بووبێـت و زانسـتانە و بابەتانـە بێـت و لـە چوارچێـوەی رەخنـەی ئەدەبیـدا خـۆی نوواندبێـت، بەڵكـو شـێوەی دەربڕیـن و هەڵسـەنگاندنی رەخنەكـە لـەوە تێپەڕیكردبـوو. ئـەوە بـوو لـە بەهـاری سـاڵی هەفتـادا دكتـۆر مـارف خەزنـەدار گفتوگۆیەكـی لەگـەڵ مەسـعود محەمـەد جەلیـزادە دا بـۆ تەلەڤزیۆنـی كەركـوك سـازكرد و دووجارانیـش بڵاوكرایـەوە. سـاكارترین بینـەر ئـەوەی بـۆ روونبـووەوە، كـە هـۆی سـەرەكی رێكخسـتنی ئـەم گفتوگۆیـە بـۆ شـكاندنەوە و كێشـانی وێنەیەكـی ناڕاسـت و شـێواوی چاپەمەنییەكانـی چاپخانـەی كوردسـتان بـوو، كـە گیـوی باوكـم بـە هەوڵـی تاكـە كەسـی ئامـادەی دەكـرد و چاپیدەكـردن.

مامۆسـتا جەلیـزادە لـەم لێدوانـی تەلەڤزیۆنییەیـدا وای لـە بینـەر گەیانـد، كـەوا گیـوی باوكـم دەسـتدرێژ و دزە!! بـۆ؟ لەبەرئـەوەی پارچـە غەزەلێكـی نالـی كەوتووەتـە نێـو دیوانـی مسـتەفا بەگـی كـوردی، یـان نێـو دیوانـی وەفاییـەوە.

مامۆسـتا جەلیـزادە زۆربـاش دەزانێـت، كـە لێكسـیكۆی دەسـتدرێژ بـەو كەسـە دەگوترێـت، كـە چتێـك بـۆ خـۆی بدزێـت و ماڵـی خەڵـك بـۆ خـۆی زەوتبـكات، نـەك بـۆ مسـتەفا بەگـی كـوردی و وەفایـی و هـی دی.نازانـم مامۆسـتا جەلیـزادە چـۆن ئـەو هەمـوو خزمەتـە مەزنـەی باوكمـی پێشـێلكرد و ئـەو هێرشـە ناڕەوایـەی بردەسـەری؟!

تـۆ بڵێیـت مامۆسـتا جەلیـزادە، مامۆسـتا عەبدولكەریم مودەرسـیش دوای ئـەو هەمـوو خزمەتكـردن و ماندووبوونـە وەكـو گیـو بـە دەسـتدرێژ لـە قەڵـەم بـدات، چونكـە لەنێـو چاپەمەنییەكانـی مامۆسـتا مودەرسـیش ئـەم دیاردەیـەی دووپاتبوونـەوەی پارچـە هۆنـراوە لەنێـو دوو بەرهەمـدا بەرچاودەكەوێـت. مـن لێـرەدا هـەر تەنـێ بـۆ وێنـە دووخـاڵ دەخەمـە پێشـچاو، كـە لـە مـاوەی كەژمێرێـك كەمـتردا بـۆ گـەڕان بـەدوای دیاردەیەكـی ئـاوادا لەنێـو چاپەمەنییەكانـی مودەرسـدا بەرچاومكـەوت، وێنەكانیـش ئەمانـەن:

1 ) ئـەم دووبەیتـەی خـوارەوە لـە لاپـەڕە 169 ی یـادی مـەردان. بەرگـی دووهـەم لەگـەڵ هۆنراوەكانـی شـێخ عومـەر زیائەددیـن چاپكـراوە و هـەروا لـە لاپـەڕە 255 ی دیوانـی مەحـوی یشـدا بەرچاودەكەوێـت:

لەپڕ بەردی ئەجەل بۆ شیشەی عومرم ئەکا بێ زوو
فیدات بم دەست و بردێ، جامێ شەرابێ زوو

چییە دنیا؟ ژنێکە هەر شەوێ سك پڕ بە صەد فیتنە
سبەینێ زوو بە خوێنی جەرگی ئەهلی دڵ ئەکا بێزوو

2) ئەم دووبەیتەی خوارەوە دیسانەوە خراونەتە پاڵ هۆنراوەکانی شێخ عومەر زیائەددین و لە لاپەڕە 176 ی یادی مەردان. بەرگی دووهەم دا بڵاوکراوەتەوە، کە لە ئەسڵدا هی حەکیم سنائی غەزنەوییە:

مکن در جسم و جان منزل، که ان دون است و این بالا
قدم زین هردو بیرون، نه اینجا و نه انجا
عجب نبود که از قران نصیبی نیست جز نقشی
که از خورشید جز گرمی نیابد جشم نابینا

ئەوەی شایەنی باسە مامۆستا عەبدولکەریمی مودەریس، مامۆستایان محەمەد و فاتح یارمەتیدەدەن و هاوکاریدەکەن، جا ئەمجۆرە تێکەڵاوییە لەنێو چاپەمەنییەکانیدا بەرچاوەدەکەون. گیو هەر خۆی بەتەنیا لە مەیدانی چاپکردن و راژەکردندابوو، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو تێکەڵاوییەی لەنێو چاپەمەنییەکانیدا بەرچاوەدەکەون لە هی مامۆستای نێوبراو کەمترن، کەچی بەدەستدرێژی لە قەڵەمدەدەن.
ئەمجۆرە رەخنە بێجێیانە بوونە هۆی ئەوەی ماوەی سێ هەفتەیەك هەر رۆژەی چەند سەئاتێك بۆ بەراوردکردنی دیوانی ناڵی چاپی چاپخانەکەمان و دیوانی ناڵی مامۆستایان مەلا عەبدولکەریمی مودەرس و فاتح و محەمەد مودەرس تەرخانبکەم.

بەرلەوەی سەرنجی خۆم بخەمەروو، وا لەژێرەوە هەڵسەنگاندنەکەی دیوانی نێوبراوتان دەخەمەبەرچاو، کە لەبارەی چاپی دیوانی ناڵی چاپخانەکەمانە و لە لاپەڕە 725 و 726 دا بڵاوکراوەتەوە:

(چاپەکەی گم / گیو موکریانی) تا رادەیەك زۆر لە ئەمانەتی ئەدەبییەوە دوورە. گم بێ ئەوەی گوێ بەو راستییە بدا کە بەرهەمی هەر ئەدیبێك زادەی سەردەمی خۆی و جۆری کولتوور و زمانی ئەو سەردەمەیە، هەوڵێکی زۆری داوە بۆ ئەوەی وشە عەرەبی ی و فارسییەکانی دیوانەکە بکا بە کوردی تەنانەت وشەی وای تێخستووە تا ئێستا لە پاشماوەی ئەو سەردەمەدا بەرچاوی کەس نەکەوتووە.

هەرچەند ئێمە لە چەند شوێنێکیشدا کەڵکمان لەم نوسخەیە وەرگرتووە، ئەتوانینم بڵێین لەبەر ئەو هەموو دەسکارییەی تیاکراوە، تێکڕا وەك (نوسخە) پشتی پێنابەسترێ.

گم هەرچەندە دیارە نوسخەی دەسنوسیشی لا بووە، زیاتر پشتی بە نوسخە چاپەکەی عەلی موقبیل بەستووە).

وا لەژێرەوە وشەبەوشە لاپەڕەبەلاپەڕە ئەو جیاوازییانە دەخەمە بەرچاوی خوێنەری خۆشەویست، کە لەنێو هەردوو چاپەکەی دیوانی ناڵی بەرچاومکەوتوون:

| دیوانی ناڵی ـ گیو | لاپەڕە | دیوانی ناڵی مەلا عەبدولکەریم | لاپەڕە |
|---|---|---|---|
| صادف صادا | 5 | صاد فسادا | 85 |
| پیکر | 5 | پەی کەر | 109 |
| هەیەتی | 6 | نییەتی | 78 |
| تاوە | 6 | تابە | 89 |
| باس | 7 | بە حپی | 92 |
| نەزەردا | 7 | بەصەردا | 80 |
| دیدەی | 7 | شوشتن | 81 |
| بەپولێ | 8 | بە پارێك | 87 |
| بە فلسێ | 8 | بە پارێك | 87 |
| کەردز | 8 | کەر | 87 |
| گەر | 8 | ئەگەر | 88 |
| باسی | 9 | بە حپی | 99 |
| خەڵکی | 10 | خەلق | 107 |
| خاوەنی | 13 | صاحیبی | 146 |
| تی یا | 16 | تێدا | 161 |
| داخلمەبە | 19 | داخل نەبی | 181 |
| چەند | 19 | چەن | 181 |
| بەبێژا | 21 | نەوێژ | 227 |
| بەگی تووك | 25 | بەرگ و تووك | 257 |
| خاوەن کڵاو | 25 | صاحیب کولاە | 257 |
| شادی بەهارە | 25 | شایی بەهارە | 258 |
| أرقمی چی | 29 | عەلقەمی چی | 298 |
| عەلقەمی چی | 29 | ئەرقەمی چی | 298 |
| کردوە | 32 | خستەوە | 333 |
| راست و درۆ | 32 | کیذب و درۆ | 336 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| قــصر | 33 | قەصر | 328 |
| نــەی | 33 | مـەی | 328 |
| پڵنگ | 33 | پوڵەنگ | 330 |
| تیژ | 34 | تیز | 342 |
| بـێ خەتـا | 34 | پێـم بڵـێ | 347 |
| وا | 35 | تا | 346 |
| بە جانی سەختی | 35 | بە جان سەختی | 349 |
| وا | 35 | تا | 352 |
| فەقر و غنایە | 35 | فەقری غینایە | 352 |
| عالەمی ژین | 35 | مردنی ژین | 352 |
| بەنائومێد و | 35 | تێدا ئومێدو | 353 |
| لەلای من | 38 | لە کن من | 382 |
| مووبەموو | 38 | مووبەمووم | 383 |
| شوشەی پڕ خونی | 40 | شیشەی پڕ خوێنی | 375 |
| مەکسوری رەقیب بو | 40 | مەکسوری رقی بە | 375 |
| رقبەتی گەردن | 40 | روقبەتی گـاعەت | 377 |
| وەکو گـولی ئەمەل | 42 | مثـلي گولی ئەمەل | 470 |
| میحرابت کەچی | 42 | میحرابت کەچە | 471 |
| لە صوبحی رووی تۆوە | 42 | لە سایەی رووی تۆوە | 472 |
| وەختی | 44 | وەقتی | 583 |
| بە ئاوی چاو و ناری دڵ | 46 | بە ناری عیشق و ئاوی دڵ | 407 |
| پێی گوت رۆی | 46 | پەیکت رۆی | 408 |
| داخە | 46 | داغە | 408 |
| ئاور | 46 | ئاگر | 408 |
| کە من دیم | 46 | کە دیتم | 408 |
| ووتم | 46 | گوتم | 409 |
| نەونەمام | 47 | نەونیهال | 409 |
| سەط | 47 | سەطە | 419 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| گورگینی بێ وجود | 47 | گورگین و بێ وجود | 420 |
| دا | 48 | تــا | 421 |
| حبی خوایه ئەو | 48 | حوبی خودابیه | 424 |
| مغفره | 49 | مەقبەره | 435 |
| دوەم رەجام | 49 | دووەمینی ئیلتیجام | 436 |
| به زنابیل معگره | 49 | به زەنابیلی مەعگەره | 436 |
| سووەم رەجای دڵم | 49 | سێیمینه ئیلتیجام دەڵێم | 437 |
| له | 50 | که | 444 |
| بەڵا | 54 | بڵا | 483 |
| خەگیره گەنجی | 54 | خەگیرەی گەنجی | 483 |
| خاکه رێگەی خوێنه | 55 | رێگه خاکی خوێنه | 486 |
| گوتم | 55 | ووتم | 486 |
| مپل | 56 | مپال | 492 |
| چاوی گریانه | 56 | جەرگی بوریانه | 492 |
| ئاور | 56 | ئاگر | 493 |
| عمار | 57 | عەرار | 496 |
| مەقامی زەمزەمەی | 57 | مەقام و زەمزەمه | 496 |
| سبحانه | 57 | یەزدانه | 500 |
| دوور باری | 57 | دار و بار | 500 |
| سەحقی | 57 | لوختی | 500 |
| بەختی | 57 | بوختی | 500 |
| کوژاوه | 57 | کەژاوه | 500 |
| دەناڵێنێ | 57 | دەناڵێنن | 501 |
| دەر | 58 | وا | 502 |
| شەو أمما | 59 | شەوەمما | 511 |
| حیرانه | 59 | سەیرانه | 511 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| سەلام بۆ ئەو | 60 | سەلام بێ لەو | 516 |
| چوار | 60 | چار | 517 |
| سبحانە | 60 | رەحمانە | 517 |
| بەحری | 61 | سەیلی | 520 |
| کە فرمێسکی | 62 | کفر میسك | 402 |
| قاسی | 63 | قاصی | 589 |
| سەراپای قەدی ئەو | 64 | سەراپایی ئەوی | 571 |
| خەتی سەوزی | 64 | خەتی سەبزی | 572 |
| سەری پەیوەندی | 64 | سەر و پەیوەندی | 592 |
| بەندی هەیە قەندی نییە | 64 | بەندی هەیە، قەند نییە | 592 |
| بەدە | 64 | وەیە | 592 |
| دائما دەرحەقی من | 64 | دەرحەقی من زەهر | 593 |
| بێ هەمتایی | 64 | بێ مانەندی | 593 |
| دڵی خورسەندی نییە | 64 | خۆش و خورسەندی نییە | 595 |
| قەت | 64 | قــط | 596 |
| خەم | 64 | غەم | 596 |
| تا | 65 | دا | 573 |
| نیشانە ئێشانی | 65 | نیشانەیی شانی | 576 |
| دونیا | 66 | دنیا | 578 |
| مخە | 66 | مەخە | 579 |
| یا رەبی | 66 | رەبێ | 579 |
| گەنجی | 66 | کونجی | 580 |
| پۆس | 66 | پۆست | 580 |
| تاقی شاری | 66 | تالی شاری | 582 |
| تا | 66 | هەتا | 582 |
| نەظمی | 66 | نوصحی | 582 |
| گوڵبونی | 67 | گوڵبنی | 544 |
| قەت | 67 | قەط | 544 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| نۆبەرە | 67 | نەوبەرە | 544 |
| شهدی | 67 | شیری | 545 |
| سێو | 67 | نەخل | 546 |
| لەو | 67 | بەو | 547 |
| بوختان | 67 | بوهتان | 547 |
| ئەو شۆخە | 68 | ئەو زولفە | 547 |
| ژەهری مار | 68 | زەهری مار | 538 |
| گێژ و لوولی | 68 | دەرد و بادی | 539 |
| دامانی | 68 | دامێنی | 540 |
| خضری | 69 | خضرە | 556 |
| ئاوو مەودایە | 69 | ئاوی مەودایە | 557 |
| نێرگس | 69 | نەرگس | 559 |
| کوژایەوە | 70 | گەشایەوە | 549 |
| شەونم | 70 | شەبنم | 549 |
| لە | 71 | بە | 532 |
| بەخوا | 71 | بەخودا | 534 |
| لە | 72 | بە | 72 |
| داخت | 72 | داغت | 562 |
| وەصڵی دڵ | 72 | سووری گوڵ | 562 |
| مەشـــهورە | 72 | بــێ میپلــە | 563 |
| صوف و پۆشە و | 74 | صوف و پۆشی | 474 |
| ئاوێنە | 74 | ئایینە | 475 |
| بوو | 78 | بۆ | 634 |
| بەوەختی | 78 | بە وەقتی | 634 |
| خلقەت | 78 | خەلوەت | 635 |
| گوزین بێ | 78 | گوزین | 635 |
| شعاری یەك بە یەك | 78 | شەعائیر یەك بە یەك | 636 |
| چ خۆش رقصە | 76 | خۆش رقصی | 705 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| گیان | 76 | جان | 706 |
| زەنگوڵە | 76 | زەنگڵە | 707 |
| دەنگی دڵ نابێ | 76 | ناڵەی دڵی نابێ | 707 |
| جیلوە | 76 | جەلوەتی | 631 |
| بەچێ | 76 | بچێ | 632 |
| سجنی حیرمانم | 77 | ضیقی زیندانم | 597 |
| تۆزی بەر پێت بێ | 77 | تۆزی پێت بێ | 599 |
| وا | 77 | هەر | 600 |
| وجودت | 77 | ثوبوتت | 601 |
| لۆلۆ | 77 | گەوهەر | 602 |
| بوو | 78 | بۆ | 634 |
| خلقەت | 78 | خەلوەت | 635 |
| گوزین بێ | 78 | گوزین | 635 |
| شعاری | 78 | شەعائیر | 636 |
| إسمی | 78 | ئیسم و | 636 |
| انتضاری بێ | 78 | ئەشکباری بێ | 637 |
| دەرهەم | 78 | دووری | 637 |
| کەمین | 79 | مەهیب | 639 |
| مەجلیس و | 79 | مەجلیسی | 649 |
| حەیفە | 79 | حەیفی | 640 |
| تلبیسی | 79 | تەلوینی | 641 |
| لەم راو و شکارەت | 79 | لەم دەست و نیگارەت | 642 |
| بیدەی | 79 | بدرێ | 644 |
| خووێنی | 79 | خوانی | 645 |
| رامکرد | 80 | راکەم | 648 |
| بۆ | 80 | بۆچ | 648 |
| کۆنە رەفیقی | 80 | کۆنە رەحیقی | 655 |
| حەقیقی | 80 | سەلیقی | 655 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| بۆ جوێ بوونەوە | 81 | بێ جوێ بوونەوەیی | 650 |
| دەکێشێ | 81 | دەکێشن | 651 |
| گەرووگیر | 81 | گەلەگیرە | 654 |
| ریحی | 82 | ریبحی | 680 |
| ئاور | 82 | ئاگر | 680 |
| چەرخە | 82 | چەرخ و | 680 |
| ژنە | 82 | ژن و | 680 |
| تاڵاو و تاڵاوی | 82 | تاڵاوی تاڵاوی | 682 |
| مەشکێنە | 83 | بشکێنە | 685 |
| دوور لە تەقریرە | 83 | کەشف و تەقریرە | 686 |
| وا | 84 | دا | 697 |
| رووایەوە | 84 | سەوزبووە | 689 |
| ئاور | 84 | ئاگر | 700 |
| لە برقی | 86 | لەبەر بەرق | 657 |
| لە شەرقی | 86 | ئیشراق | 657 |
| سیاهتر لە خاڵی | 86 | سیاهی وەك زوخل | 659 |
| سەد بەرگ و هوزاری | 86 | صەد وەك هوزاری | 661 |
| زەوی | 86 | زەمین | 663 |
| درەخت | 86 | درەختی | 663 |
| أغیاری | 86 | ئەغیارە | 664 |
| گوڵچینی باغەبان | 86 | گوڵچین و باغەبان | 664 |
| بیکری و پەردەیی | 86 | بکرە پەردەیی | 665 |
| لافی رەنگ | 87 | لاف و رەنگ | 691 |
| خەجڵەت و | 87 | خوجڵەتی | 692 |
| تا | 87 | دا | 694 |
| پێچە | 87 | پەچە | 694 |
| کەتف و برۆی | 87 | وەصفی برۆی | 694 |
| هەردوویان جۆبار و | 87 | هەردوو وا جۆبار و | 696 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| نون و میم و واوە | 88 | میم و نون و واوە | 674 |
| دووتان و | 88 | دوو تاوە | 674 |
| پەریشانەو | 88 | پەرێشان و | 676 |
| گەردانەیی | 88 | گەرنلغی | 676 |
| داناوە | 88 | بەرداوە | 677 |
| مارە | 88 | تارە | 678 |
| هەر تۆمە | 89 | هی تۆم | 605 |
| لایق نییە | 89 | مومکن نیە | 606 |
| ئاوێنە بەم ئاوێنە | 89 | ئایینە بە مایینە | 606 |
| دەردی | 89 | دەرد | 607 |
| سەر تەپلەکی | 89 | سەرتپلەکی | 609 |
| گوڵ ئامێزی | 89 | گوڵامێز و | 612 |
| هەتیوێکی | 90 | یەتیمێکی | 615 |
| حەیران | 90 | غەلطان | 615 |
| سفتی و توندی | 90 | توندی و سفتی | 615 |
| قەلەشابێ | 90 | قلەشابێ | 618 |
| خوێنی رژابێت | 90 | خوێن کە رژابێت | 619 |
| ووتی | 90 | گوتی | 620 |
| چاوێکی هەبێ | 91 | فەرقێکی هەبێ | 625 |
| لەم لێوە | 92 | لەو لێوانە | 703 |
| بەو خاکە عەطرناکەوە | 92 | بۆ خاکی عەطرناکەوە | 266 |

ئەمەیە بە گشتی ئەو وشە و فرێزە جیاوازانەی، کە لەنێو هەردوو دیوانەکەی ناڵی چاپی گیو و چاپی مامۆستایانی مودەریسدا هەن. ئەم بەراوردکارییە گەورەترین بەڵگەیە بۆ ئەوەی بڵێم مامۆستایانی مودەریس پارچە هۆنراوەکانی ناڵی نێو دیوانی چاپی خۆیان لەسەر نوسخە چاپەکەی گیوی باوکم نووسیوەتەوە و ئەم هەموو تیر و توانجەی لە گیویان گرتووە و ئەو تاوانە ناهەقانەی لە ئەستۆیان کردووە، هەر تەنیا بۆ داپۆشینی ئەم راستییە و هیچی دی.

ئەگەر بە وردی و بابەتانە و زانستانە بێلایەنانە تەماشای لیستە بەراوردکارییەکە ژووروو بکەین، دەبینین:

1) زۆربەی جیاوازییەکان فۆنەتیکین و زۆر کەمیش هەڵەی چاپن.

2) ئەو وشانەی، کە لەنێو دیوانی ناڵی چاپی گیودا کوردین و لە دیوانی ناڵی چاپی مامۆستایانی مودەرسدا عەرەبی و فارسین، ئەمانەن:

| دیوانی ناڵی ـ گیو | لاپەڕە | دیوانی ناڵی مەلا عەبدولکەریم | لاپەڕە |
|---|---|---|---|
| باس | 7 و 9 | بەحث | 92 و 99 |
| خاوەن | 13 و 25 | صاحیب | 142 و 257 |
| ڕاست و درۆ | 32 | کیذب و درۆ | 336 |
| تیژ | 34 | تیز | 342 |
| ڕقبەتی گەردن | 40 | ڕوقبەتی گاعەت | 377 |
| خەتی سەوزی | 64 | خەتی سەبزی | 572 |
| ژەهری مار | 68 | زەهری مار | 538 |
| شەونم | 70 | شەبنم | 549 |
| شەوەیە | 86 | شەبەیە | 659 |

لێرەدا پێویستە لەسەر چەند وشەیەکی ئەم وشانەی ژووروو بوەستین:

باس : ئەگەر باس لە بەحپەوە هاتبێت، کە وا نییە (چونکە دوو واتای جیاواز لە یەکیان هەیە) ئەوا کورد هەموو دەنگێکی (پ) بە (س) گۆدەکەن. یانی هەر باسەکە ڕاستە نەك بەحپ.

خاوەن // خودان: وشەیەکی کۆنی کوردییە و ئەحمەدی خانی 350 ساڵ لەمەوبەر بەکاریهێناوە، ئەمە لە لایەك و لە لایەکی دی، ئەگەر گیو وشەی (صاحیب) ی بە خاوەن گۆڕیبێت، ئەی بۆ لەم دێڕە هۆنراوەیەدا هەر وای بەجێهێشتووە، لەکاتێکدا دەسکاریکردنی زۆر ئاسانە و هیچ لە هۆنراوەکە ناگۆڕێت:

صاحبی علم الکتابه مگربی هدهد نەفەس
یا سلێمانه له إخوانه الصفا ا صــف صــفه

دیوانی ناڵی چاپی گیو. لاپەڕە 43

راســت و درۆ : هــەر لــە یــەك شــوێندا بەرامبەرەکــەی لــە چاپــی مامۆســتایانی مودەرسـدا بــە کیـذب و درۆ هاتــووە، ئەگــەر مەبەسـت لــە گۆرینــی وشــەی کیـذب بــە راسـت بـۆ ئـەوە بوویێـت، کـە وشـە عەرەبێکـە لابەرێـت، هەروەکـو مامۆسـتایانی مــودەرس دەیڵێــن. ئــەوا گیــو لــە هــەر شــوێنێك وشــەی کیذبــی بدیبــا دەگــۆری و لــە هۆنــراوە هۆنینەوەشــدا ئەوەنــد دەســت بــاڵا بــووە دەیتوانــی بەشــێوەیەك دێــڕە هۆنراوەکــە داڕێژێــت کــەس هەســتی پێنــەکات. لــەم دێــڕە هۆنراوەیــەدا وشــەی کیذب بەچاودەکەوێت:

خۆشی بە هەردوو دەست و دەم گرتوویە ئۆخەی کردووە
کیژب و تـهمەت افترا و بـوختـان کـە تـۆبـەی کـــردووە

دیوانی ناڵی چاپی گیو. لاپەڕە 67

نازانــم بــۆ لــە دیوانــی مامۆســتایانی مودەرسـدا دەنگــی(ژ) ێ، هــەر تەنــێ لــەم دوو وشــەیەدا: تیــژ و ژەهــری مــار بــە(ز)ێ نــووسراوە، لــە کاتێکــدا دەیــان وشــەی دی وەك:

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ئەژدەها | لاپەڕە | 539 . | کوژایەوە | لاپەڕە | 548 . |
| ژیایەوە | = | 550 . | رژاوە | = | 536 . |
| رۆژی رۆشن | = | 511 . | موژدە | = | 431 . |
| رۆژی قیامەت | = | 439 . | رۆژ پەرست | = | 327 . |
| لەحظەژمێر | = | 334 . | تاوتاوژمێر | = | 334 . |
| دوژمن | = | 334 . | بەبرژاوی | = | 680 . و... |

لەنێـو ئـەو وشـانەی ژوورەوە، کـە دەنگـی (ژ)یـان تێـدا هەیـە، مامۆسـتایانی مـودەرس

تەنیا وشەی تیژ و ژەهر یان بە تیز و زەهر نووسیوە، لە کاتێکدا، کە وەکو خۆیان دەڵێن ئەو دەستنووسانەی سەرچاوەی نووسینەوەی دیوانەکەی نالی بووە، هەموو کۆنن، یانی بە لایەنی کەمەوە بۆ سەدەی نۆزدەم دەگەڕێنەوە، بە واتا بۆ کاتێك دەگەڕێنەوە، کە هێژ جیاوازی نیشانەیی بۆ هەردوو دونگی (ز) ێ و (ژ) ێ لە نووسیندا دانەندراوە، چونکە لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا بیرکراوەتەوە لە دانانی نیشانەیەکی جیاواز بۆ چەند دەنگێك، کە لە زمانی کوردیدا هەن و لە ئەلفوبێی عەرەبیدا نین. بڕوانە: کۆڤاری تێگەیشتنی راستی ژمارە 63 ساڵی 1919. هەروا کۆڤاری زاری کرمانجی ژمارە 7 ساڵی 1927.

بەرامبەر بە شەونم، شەوەیە و خەتی سەوزی // شەبنم و شەیبەیە و خەتی سەبزی یان داناوە. کەچی لە لاپەرە 698 دا نووسیویانە سەوزبووە. بەم پێوانەیە یان دەبا بیاننووسیبا سەبزبووە ، یان هەر تەنیا بۆ گۆرینی (ژ) ێ بە (ز)ێ (و) ێ بە (ب) ێ بۆ دانان و خولقاندنی چەند جیاوازییەك لەگەڵ دیوانی تالی چاپی گیوی باوکمدا، تاوەکو هەر خۆیان بەزمەکەی بۆ سازبکەن و خۆشیان هەدۆڵی دەسکاریکردنی بۆ لێبدەن. لە کاتێکدا چۆیان چەتد دەسکارێکی نازانستانەیان خستووەتە نێو دیوانەکەی نالی . بڕوانە عەبدولخالق مەعروف . دیوانی نالی و کێ راستە.

ئایا مامۆستایانی مودەرسی چی بە خۆیان دەڵێن لە کاتێکدا، کە ئەم چەند وشانەی خوارەوەی نێو چاپەکەی خۆیان بە کوردی پەتی نووسراونەوتەوە و لەنێو دیوانی نالی چاپی گیو دا عەرەبین؟ بەرامبەر ئەم بارە دەبێت منیش یلێم دەسکاریکردنە:

| دیوانی نالی چاپی گیو | لاپەڕە | دیوانی نالی چاپی مودەرسی | لاپەڕە |
|---|---|---|---|
| سبحانە | 57 | یەزدانە | 500 |
| حەیرانە | 59 | سەیرانە | 511 |
| لۆلۆ | 77 | گەوهەر | 602 |

لە زۆر شوێندا مامۆستایانی مودەرسی دەڵێن: نوسخەکەی گیو پشتی پێنابەسترێت هیچ کەلکێکی ئەوتۆمان لێوەرنەگرتووە.

مامۆستا عەبدولخالق مەعرووف لە بەرهەمەکەی خۆیدا 30 سی جێگەی دیوانی نالی چاپی مودەرسییانی دەستنیشانکردووە، کە بەهۆی نوسخەکەی چاپی گیوەوە بۆیان ساخبووەتـــەوە. ( بڕوانە: دیوانی نالی و کێ راستە. لاپەڕە 27 – 43).

لە ئەنجامی بەراوردکردنی دیوانی نالی چاپی گیو و دیوانی نالی چاپی مودەرسییان ئەوەم بۆ روونبووەوە، کەوا گیو دەسکاری دیوانی نالی نەکردووە. وشەی ناکوردی نەکردووە بە کوردی، بۆیە هەڵسەنگاندنە نابابەتانەکەی د. مارف خەزنەدار، کە لە لاپەڕەی 7 ی دیوانی نالی و فەرهەنگی نالیدا بڵاویکردووەتەوە خستەپشتگوێ، تەنیا بەراوردم لە ژمارەی قەسیدەکاندا کرد، کە لە رووی ژمارەوە جیاوازییەکی ئەوتۆیان نییە شایەنی ئەوەبێت سەرلەنوێ دیوانەکەی چاپبکرێتەوە.
لە کۆتاییدا تکادەکەم لە کاتی نووسیندا هەر بیر لە خۆمان و لە دەستکەوتی دارایی نووسینەکە نەکەینەوە. لەسەر وێرانکردن و کاولکردنیماڵی ئەم و ئەودا ئاواتی خۆمان بنیاتنەنێین. بەرهەمی زادەی بیر و هەول و تەقەلای ئەم و ئەو بەنێوی خۆمان بڵاونەکەینەوە. تیر و توانج و لەعنەتیش بۆ خاوەنەکەی نەنێرین. هێڵێکی راست و چەپ بەسەر شاکارانی رابردوودا نەهێنین و لەژێر پەردەیەکیدیدا بۆ خۆمانی بەرین. تف لە سەرچاوەیەك نەکەین، کە زانیاریمان لێ هەڵێنجاوە، چونکە هەموو لك و پۆپی ئەو سەرچاوەیە تفاوی و لێڵاوی دەکەین و بەرهەمی خۆشمانی پێ کەمدەکەینەوە، دەبا ئیتر لە نووسیندا یەکرەنگ و راستگۆبین بۆ ئەوەی لەبەر ناراستیمان لەبەرچاوی خوێنەرانی خۆشەویست سووك و ریسوا نەبین.
هیڤیدارم ئەم سەرنجانەی سەرەوە بە دڵێکی فراوان وەربگرن. مەبەستم ئاگادارکردنەوەی ئەو نووسەرانەیە، کە بەرهەمی پێش خۆیان زۆر بە سووکی هەڵدەسەنگێنن بۆ ئەوەی عەیب و خەوشی خۆیانیان پێ بشارنەوە. بەم رێگەیە وانەیەکی نازانستانە و نابابەتانە پێشکێش بە نەوەی خۆیان دەکەن، کە لە دوارۆژدا بەرامبەریان لێپرسراوەدەبن.

کۆڤاری بەیان، ژمارە 101 ـ 102 کانوونی یەکەم 1984 لاپەڕە 22 ـ 28

# کێشەی نووسینی کوردی
# بە ئەلفوبێی عەرەبی و چارەسەرکردنی

ئەم بابەتە لە کۆنفرانسی زمانی کوردی لە سەرەتای ساڵی 2000 دا ، کە لە 28 و 29 ی نۆڤەمبەری 1993 دا لە پاریس سازکرا پێشکێشکرا

پاریس 29/11/1993

**پێشەکی**

لەبەرئەوەی زمانی کوردی زمانی نەتەوەیەکە خۆی و خاکەکەی بەبێ ویست و ئارەزووی خۆی دابەشکراوەتە سەر چەند دەوڵەتێک، دووچاری چەندین کێشەی کردووە. چۆنیەتی نووسین بە زمانی کوردی یەکێکە لەم کێشانە.

کوردانی کوردستانی بەستراو بە تورکیا و سوریا بە ئەلفوبێی کوردی ـ لاتینی و کوردانی کوردستانی بەستراو بە عیراق و ئێران بە ئەلفوبێی عەرەبی و کوردانی یەکێتی سۆڤێت بە ئەلفوبێی سلاڤی دەنووسن.

رووناکبیرانی کوردی ئەم دەوڵەتانە هەوڵی تاکە کەسییان داوە، بۆئەوەی ئەلفوبێی بەکارهاتووی ئەم وڵاتانە لەگەڵ دەنگەکانی زمانی کوردیدا بگونجێنن. ئەم گونجاندنەش پێویستی بەهێندێک دەستکاری هەبووە.

لـە سـاڵی 1929 دا لـە ئەرمەنسـتاندا عەرەبـی شـەمۆ و مارەگۆڵێـڤ ئەلفوبێـی کـوردی لاتینییـان دانـا. ئـەم ئەلفوبێیـە لـەو ئەلفوبێیـە وەرگیرابـوو، کـە لەلایـەن کەمەنەتەوایەتییەکانـی ئـەم هەرێمـەدا بەکاردەهـات. لـە کوردسـتانی رۆژئـاوادا جـەلادەت بەدرخـان ئەلفوبێیەکـی کـوردی لاتینـی دانـا، کـە لەسـەر ئەلفوبێـی لاتینـی تورکـی رێکخرابـوو.

رووناکبیرانـی کـوردی ئـەو وڵاتانـەی، کـە ئەلفوبێـی عەرەبـی تێـدا بەکاردێـت، هەولێکـی زۆریـان داوە بۆئـەوەی ئەلفوبێـی عەرەبـی دەسـکاری بکـەن. دەسکارییەکە لەپێنـاو ئەوەدابـوو، تـا تیپـەکان لەگـەڵ دەنگەکانـی زمانـی کوردیـدا بگونجێنـن. لـەو رووناکبیرانـەی ئـەم کارەیـان ئەنجامـداوە: حوزنـی موکریانـی. تۆفیـق وەهبـی. عەلائەددیـن سـەجادی. د. جەمـال نەبـەز و.. هێندێـك لـە رووناکبیرانـی کـورد بەرهەمی سـەربەخۆیان لەبـارەی رێنووسـی کـوردی پێشـکێش بـە کتێبخانـەی کـوردی کـردووە، لەوانـە: نـوری عەلـی ئەمیـن. تایـەر سـادیق. مستەفا نەریـمان. کوردسـتان موکریانـی. هێندێـك لـە زماننـاس و زمانەوانـی کـورد، کـە زوو دەرکیـان بـە نەگونجانـی ئەلفوبێـی عەرەبـی لەگـەڵ دەنگەکانـی زمانـی کوردیـدا کـردووە، هەوڵیانـداوە ئەلفوبێـی کـوردی ـ لاتینـی لەنێـو کوردانـی باشـووری کوردسـتاندا بڵاوبکەنـەوە، لەوانـە: توفیـق وەهبـی. د. جەمـال نەبـەز و گیوموکریانـی.

داوودەزگـە رۆشـنبیرییەکانی کـوردی وەك کـۆڕی زانیـاری هـەر لەسـەرەتای دامەزراندنییـەوە هێندێـك دەسـکاری ئەلفوبێـی عەرەبـی ـ کـوردی کـرد، بەمـە ئەوەنـدەی دی نووسـینی کـوردی بـە ئەلفوبێـی عەرەبـی ئاڵۆزتـر بـوو. کێشـەی ئـەم دەسـکارییەی رێنووسـی کـوردی لەلایـەن کـۆڕی زانیارییـەوە بـۆ ئـەوە دەگەرێتـەوە، کـە سـەر و بـۆر و ژێـری رێنووسـی عەرەبـی هێنـا نێـو رێنووسـی کوردییـەوە، بەمـە رێنووسـەکەش زێـتر تەعریبکـرا.

لـە سـەرەتای هەشـتاکاندا کـۆڕی زانیـاری کـورد کارنامەیەکـی بـۆ لێکۆڵینـەوە لەسـەر کێشـە بنجییەکانـی رێنووسـی کگـوردی دانـا. شـارەزایانی کـورد بەپێـش ئـەم کارنامەیـە چـوون. هـەر لێزانێـك لـە لایەنێـك لـە کەموکورتییەکانـی ئەلفوبێـی کـوردی ـ عەرەبـی کۆڵییـەوە و بابەتەکانیـان لەنێـو کۆڤـاری کـۆڕی زانیاریـدا بڵاوکرایـەوە. لـە 18 ـ 19 کانوونـی یەکەمـی سـاڵی 1985 دا لەلایـەن کۆمەڵێـك زمانـەوان، زماننـاس و رووناکبیـری کـورد لـە کۆبوونەوەیەکـدا هـەر لـە کـۆڕی زانیـاری عیـراق لـە بەغـدا گفتوگـۆی لەسـەر

ئـەم كارنامەیـە كـرا. كۆڕەكـە بەسەرپەرشـتی دەسـتەی كـوردی ـ كـۆڕی زانیـاری عیـراق لـە بەغـدا بەڕێوەچـوو.

ئێسـتە كـە بـەرەو سـاڵی دووهـەزار هەنگاودەنێیـن، خـراپ نییـە دیسـانەوە ئاوڕێـك لـەو كێشـانەی ئۆرتۆگرافـی بدەینـەوە، كـە كوردانـی كوردسـتانی بەسـتراو بـە عیـراق و ئێرانـدا لـە ئەنجامـی بەكارهێنانـی ئەلفوبێـی كـوردی ـ عەرەبیـدا دووچاریبـوون و لەهەمـان كاتیشـدا چارەسـەرێكی بابەتانـە و زانسـتانەی بـۆ بدۆزینـەوە.

**ناتەواوییەكانی ئەلفوبێی كوردی ـ عەرەبی لەرووی شێوە و دەنگەوە**

1/ نەبوونـی نیشـانەیەكی تایبـەت بـۆ بزرۆكـە، كـە لەنێـو ئەلفوبێـی كـوردی ـ لاتینیـدا لـە شـێوەی (i) یـان (ı) دەنووسرێـت. لـە سـاڵی 1933 دا توفیـق وەهبـی نیشـانەی (ــەــ) بـۆ دانابـوو، بلـەڵام سـەرینەگرت. (د. جەمـال نەبـەز 1976).

2 / نەبوونـی نیشـانەیەكی جیـاواز لەنێـوان ئامـرازی خستنەسـەری (ـ ی) دا، لـەو بـارەدا، كـە بـە وشـەیەكەوە دەلكێـت كۆتاییەكـەی دەنگێكـی نەبزوێنـە، وەك: (كەسـی مـن // kesî min) لەگـەڵ ئـەو وشـانەی، كـە دوا دەنگییـان بزوێنـی (ا . ە . ۆ . وو . ی . ێ ) یـە، وەك: ( ئـازای بـرازام // Azay birazam. نامـەی پیـرۆز // namey piroz. دۆی سـارد // doy sard . بـەرووی كوردسـتان // berûy Kurdistan . هـەوری ئاسـمان // hewr îy asman . زێـی گـەورە // z ê y gewre .

چەنـد سـاڵێك لەمەوبـەر وام پێشـنیازكرد، كـەوا نیشـانەی ( یِ ) بخرێتـە ژێـر ئـەو ئامـرازەی خستنەسـەر، كـە بـە وشـەیەكەوە دەلكێـت، كـە دوا تیپـی دەنگێكـی نەبزوێنـە، هـەروەك لـە شـێوەی نووسـینی ئـەو وشـانەدا دیـارە، كـە لـە ژووروودا بـە وێنـە هێناومەتـەوە.

3/ نەبوونـی دوو نیشـانەی جیـاواز بـۆ واوی كـورت، كـە یەكێكیـان بزوێنـی كـورت و ئـەوی دییـان نیمچـە بزوێنـە. بـۆ واوی كـورت و نیمچـە بزوێـن هـەر یـەك تیـپ ( و ) بەكاردێـت، هـەروەك: كـورت ـ kurt. وەرە ـ were . ئـەم بـارە لـەو وشـە لێكدراوانـەش بەكاردێـت، كـە بەهـۆی ئامـرازی بەسـتنەوەی ( و ) ی لێكدەدرێـن، لـەو بارانـەدا، كـە دوا دەنگـی ئـەو وشـەیەی، كـە پێـوەی دەلكێـت چ بزوێـن و چ نەبزوێـن بێـت هـەر هەمـان تیپـی ( و ) ی بـۆ بەكاردێـت: وەك: دارا و بـاوان ـ Dara w Bawan . بـاوان

و دارا ـ Bawan u Dara . لـه نووسـینی ئـەو وشـانەی، کـە بـە دوو دەنگـی نیمچـە بزوێـن دەسـتپێدەکات، هـەر ئـەو تیپـی (و) یـە دووبـارە بەکاردێتـەوە: وشـە ـ wişe . وردە ـ wirde . بـۆ نووسـینی کاری رابـردووی تـەواودا سـێجار (و) دەنووسرێـت: نوسـتووەوە.

4/ لەنێـو دەنگەکانـی دیالێکتـی کرمانجـی ژووروودا دوو دەنگـی (پ.ت) ی بەرگوێدەکـەون، کـە لەچـاو (پ و ت) یـی ئاسـاییدا هێندێـك گرانـتر گۆدەکرێـن. ئـەم دوو دەنگـە لەوبارانـەدا، کـە دەکەونـە سـەرەتای وشـەوە گران گۆدەکرێـن. هێـژ هیـچ نیشـانەیەکی جیاکارییـان بـۆ دانەنـدراوە. بـۆ وێنـە لـە وشـەی پەنیر. پـێ. تـاری. تەمام دا هەسـت بـە جیـاوازی لەگـەڵ دەنگـی ئاسـایی (پ وت) دا دەکرێـت.

لەنێـو دەنگەکانـی دیالێکتـی کرمانجـی ژووروودا هەسـت بـە هەبوونـی دوو جـۆرە گۆکـردن دەبێـت بـۆ دەنگـی (چ) ، کـە یەکێکیـان ئاسـاییە و ئـەوەی دییان لە ئاسـاییەکە نەرمـترە، هـەروەك لـە وشـەی: چـەرم. چـرا. پـرچ دا بەرگوێدەکەوێـت.

5/ لەنێـو ئەلفوبێـی عەرەبیـدا دەنگـی: ث. ذ. ص. ض. ظ. ط. هەیـە. ئـەم دەنگانـە لـە زمانـی کوردیـدا نیـن. کـورد بەگوێـرەی سازگەی دەنگەکانـی خـۆی گۆیانـدەکات. کـورد دەنگـی پ و ص بـە (س) ێ : پریـا ـ سورەیا. صبر ـ سـەبر . دەنگـی ذ. ض. ظ. بـە (ذ) ێ: ذکـری ـ زیکـرا. قاظـی ـ قـازی. مظهـر ـ موزهیـر // مـەزەر. دەنگـی (ط) وەکـو (ت) ێ: طیـر ـ تەیـر گـۆدەکات.

باوەکـو ئـەم دەنگانـەی لـە ژووروو باسـکراودا بـەم شـێوەیەی پێشـوو لـە زمانـی کوردیـدا گۆدەکرێـن، کەچـی هێندێـك کـورد سـوورِن لەسـەرئەوەی ئـەم وشانەی ئـەم دەنگانەیـان تێـدا هەیـە، لـە زمانـی کودیـدا هـەر بـەو رێنووسـە بنووسرێـن، کـە لـە زمانـی عەرەبیـدا دەنووسرێـن! لێـرەدا کێشـەیەکی گـەورە سـەرهەڵدەدات، چونکـە بـەم رێگەیـە چەنـد تیپێـك دەهێندرێنـە نێـو ئەلفوبێـی کـوردی، کـە هیـچ بەندیوارییەکیـان بـە زمانـی کوردییـەوە نییـە.

### کێشەی نووسینی پریفیکس و سوفیکس

چۆنیەتـی نووسـینی وشـەی دارێـژراو، کـە بـە یارمەتـی پێشـگر و پاشـگر دادەرێژرێت، یەکێکـە لـەو کێشـانەی، کـە بـۆ شـێوەی تیپـی عەرەبـی دەگەرێتـەوە. لـەو بـارەدا، کـە

دەستورێك بۆ جۆری نووسینی وشەی دارێژراو داندرا، ناتواندرێت پێڕەوبکرێت، چونکە لە ئەنجامی پێڕەوکردنی ئەم دەستورەشدا دیسانەوە کێشەیەکی دی نووسینی بۆ دەسازێت.

ئەو پێشگرانەی بەپێش کار دەکەون برێتین لە: را. دا. ڤە. هەڵ. وەر. رۆ. تێ. پێ. وێ. تێدا. پێدا. پێرا. تێوە. پێوە. تێك. پێك. لێك. وێك و.. ئەگەر سەرنج لەدوا تیپی ئەم پێشگرانە بدەین، دەبینین دوو جۆرن: ـ

یەکەمیان/ لە رووی نووسینەوە، نەك لەرووی گۆکردنەوە بە هیچ جۆرێك بە وشەی دوای خۆیانەوە نالکێن. وەك: را. دا. وەر. ڤە. رۆ. تێدا. پێدا. تێرا. پێرا. تێوە. پێوە.

دووەمیان/ ئەو پێشگرانەن، کە نیشانەی دوادەنگیان برێتین لە شێوەیەك بۆیان هەیە لە کاتی نووسیندا بەو وشانەوە بلکێن، کە بە پێشیان دەکەون. وەك: هەڵ. تێ. پێ. وێ. لێ تێك. پێك. لێك. وێك.

ئەو کارە دارێژراوانەی بە یارمەتی ئەم پێشگرانەی ژووروو دادەرێژرێن لەبەر ئەوەی بە هەردوویان دانەیەکی سەربەخۆ پێکدەهێنن و واتایەکی نوێش دەبەخشن، دەبێت لەکاتی نووسیندا بەدەمیەکەوە بنووسرێن. ئەو پێشگرانەی ، کە لەرووی شێوەوە بۆیان هەیە بە کارەکەوە بلکێن ئەوا لە کاتی نووسیندا ئەگەر پێوەی لکان هەڵە نییە، بەڵام بارێك سازدەکات، کەوا یەك کۆمەڵە پێشگر، کە لە دارشتنی رێزمانیدا ئەرکێکی چۆن یەك دەگێرن، دووچاری دووجۆرە نووسین بن: ـ

یەکەمیان/ پێوە نەلکانی پێشگر بە کارەوە.

دووەمیان/ پێوەلکانی پێشگر بە کارەوە. هەروەك ئەو وێنانەی ژێروو:

| | | | |
|---|---|---|---|
| را ـ | راکێشا. | رابرد. | راخست ... |
| دا ـ | داکێشا. | دابڕرا. | داهێنا... |
| وەر ـ | وەرخست. | وەرگرت. | وەرسوورا... |
| ڤە ـ | ڤەخار. | ڤەکر. | ڤەکشاند... |
| رۆ ـ | رۆچوو. | رۆنا. | رۆکرد... |
| تێدا ـ | تێداچوو. | تێدارشت. | تێداکەوت... |
| پێدا ـ | پێدارشت. | پێداچوو. | پێداکەوت... |

| | | | |
|---|---|---|---|
| تێرا ـ | تێراچوو. | تێرادیت. | تێراکرد... |
| پێرا ـ | پێراکەوتن. | پێراچوو. | پێراگەیشت... |
| تێوە ـ | تێوەچوو. | تێوەما. | تێوەنا... |
| پێوە ـ | پێوەچوو. | پێوەما. | پێوەنا... |

| | | | |
|---|---|---|---|
| هەڵ ـ | هەڵگرت. | هەڵکێشا. | هەڵهێنا... |
| تێ ـ | تێگەیشت. | تێخست. | تێکەوت... |
| پێ ـ | پێکەوت. | پێکرد. | پێبرد... |
| وێ ـ | وێچوو. | وێکەوت. | وێخست... |
| لێ ـ | لێکەوت. | لێخست. | لێکرد... |
| ژێ ـ | ژێکەت. | ژێکر. | ژێبر... |
| Nay | ناي (آلة موسيقية) | ناي | الفهلوية |
| Nazuk,nasik | نازك، رقيق | نازك | الفهلوية |
| Nazar, nizar | نزار (ضعيف) | | الفهلوية |
| Niyaz | أمنية، قصد | نياز | الفهلوية |
| Padisah | باشا | پاشا | الميدية |
| Pandir | جبن | پيندر | الكوردية |
| Partja, parca | قطعة، قسم | پارچة | الكوردية |
| Pak | نظيف | پاك | الكوردية |
| Pamba | ﻫﻤﺒﻲ، وردي | پمبا | الكوردية |
| Parra | صفحة | Parra | الكوردية |
| Para | نقود، دعاء | Para | الكوردية |
| Pari, ştaparî | ملائكة | فريشتة | الهندية- الآرية |
| Paşîman | النادم | Pişman | الفهلوية |
| Pêhrast | فهرست | ؟ | الفهلوية |
| Pîl | فيل | فيل | الفهلوية |
| Portukal | برتقال | Purtugal | الفهلوية |
| Rostak | رستاق (مكان مزروع) | ؟ | الفهلوية |
| Sabun | صابون | سابون | الفهلوية |
| şaftalu | خوخ | شفتالي | الفهلوية |
| şagird | تلميذ، عامل | şagird | الفهلوية |
| Şakir | سكر | شكر | الفهلوية |

| | | | |
|---|---|---|---|
| Sam,sahm | تأثير مخيف، خوف | سام | الفهلوية |
| Sara, saray | سراي | سراي | الفهلوية |
| Saraw | سراب | ؟ | الفهلوية |
| Sarbast | حر | سربست | الكوردية |
| Sarxoş | سكران | سرخوش | الفهلوية |
| Siware | السوار | سوار | الآرية |
| Sîm | نقرة | سيم | الفهلوية |
| Taşt | طشت | تشت | الكوردية |
| Tam, toman | ضباب، ظلام | دومان | الآفيستية |
| Tanbal,tambal | تنبل (كسول) | تنبل | الفهلوية |
| Tabur | طنبورة (آلة موسيقية) | تنبورة | الفهلوية |
| Tawr | طبر | ؟ | الفهلوية |
| Taxit | تخت (عرش،سرير) | تخت | الكوردية |
| Texita | تختة (خشب) | تختة | الكوردية |
| Tîka | قطعة، تكة | تكة | الكوردية |
| Tûk | شعر | توك | الكوردية |
| Turş | حامض | تورش | الكوردية |
| Turşî | طرشي | تورشو | الكوردية |
| Tuxim, tom | بذر | توخم | الفهلوية |
| Umêt, umêd | أمل | أوميد | الكوردية |
| Wêran | خراب | ويران | الكوردية |
| Wuzurg | وزير | وزير | الفهلوية |
| Xefet | غم | خفت | الكوردية |
| Xaraç | خراج | خراج | الفهلوية |
| Xayar | خيار | خيار، خويار | الفهلوية |
| Xoş | خوش، طيب | خوش | لفهلوية |
| Xurma | تمر | خورما | الفهلوية |
| Yar | محبوب | يار | الفهلوية |

| | | | |
|---|---|---|---|
| Yad | ذكرى | ياد | الفهلوية |
| Sade | ساذج (سادة) | سادة، ساذج | الفهلوية |
| Zat,zad>zada | الذات | زات | الفهلوية |
| Zehir | سم | Zehir (فارسية الصيغة) | الفهلوية |
| Jem, jeman | زمان(صيغتها الفارسية) | زمان | الآفستية- الآرية |
| Zinpara | عاشق النساء | زنپره | الفارسية |
| Zeytun | زيتون | زيتون | الفهلوية |
| Ziyan | ضرر | زيان | الكوردية |
| Zor, zorba | القدرة، قوي | زور، زوربا | الهندية - الآرية |

## الهوامش

1/ د. جمال رشيد أحمد. دراسات لغوية في بلاد سوبارتو. 1988. ص 30.

Harzfeld. Page 191 / 2

Speiser. Page 13 / 3

4 / د. جمال رشيد أحمد، د. فوزي رشيد. تأريخ الكورد القديم. ص. 67.

G. Wrlhelm. 1988 / 5

petri, Tell – Amama, Knudtzon, Die El – Amama Taflen / 6

Grosz, The Archive of The Wullu Family / 7

Melikişvili, 1971 / 8

Melikişvili, 1954 / 9

Benediet, 1960. Diakonoff, 1971, 1987 / 10

11 / د. فوزي رشيد. اللغة السومرية.

12 / د. جمال رشيد أحمد. دراسات لغوية في بلاد سوبارتو. 1988.

13 / الموسوعة البريطانية. مادة الهندية الإيرانية.

## المراجع:


ـ دكتر بهرام فرةوشي ، فرهنط ثهلوى، تهران 1346 خورشيدي

ـ د. جمال رشيد أحمد، دراسات لغوية في بلاد سوبارتو، بغداد 1988

ـ د. جمال رشيد أحمد، ليَكؤلَينةوةيةكى زمانةوانى دةربارةى ولآتى كوردةوارى (دراسة لغوية حول تأريخ المناطق الكوردية، بغداد 1988 باللغة الكوردية)

ـ د. جمال رشيد أحمد، د. فوزي رشيد،، تأريخ الكورد القديم، أربيل 1990

ـ د. فوزي رشيد، قواعد اللغة السومرية، بغداد

ـ د. كوردستان موكريانى، تيشكيّك لەسەر زمانى دانيشتووانى كؤنى كوردستان (زمانانى خووری و ئورارتوو)= (ضوء على اللغات القديمة لسكان كوردستان (اللغتان الخورية والأورارتية _ باللغة الكوردية)، هيرن فين (هولندا) 1995

ـ محمود الأمين. مسلتا طوبزاوة وكيلة شين، المجلد الثامن من العدد الأول لمجلة سومر، بغداد 1951

ـ د. مراد كامل و د. محمد حمدي البكري، نأريخ الأدب السرياني من نشأته الى

الفتـح الإسـلامي، مطبعـة المقتطـف بمـصر 1949
ـــ يوسـف الحـوراني، البنيـة الذهنيـة الحضاريـة في الـشرق المتوسـطي الآسـيوي القديم. بـيروت 1972
– E. Herzfeld, The Persian Empire, Wiesbaden 1968
– E.A. Speiser, Ethnic Movement In The Near East In The Second Millennium B. C., AASOR 13 (1931-32) page 13-54
– Encyclopaedia Britanica, Indo – European, Turkie
– G. A. Melikişvili. Die Urartasche Sprache. Rome 1971
Ignace. J. Gelb: Pirre M.Purves,and Allan A. MACRAE, Nuzi Pesonsi Names, Chicago – Illinois. 1963
I. M. Diakonoff, Hurrisch und Uratasch, Munchen 1971
J. A. Knudtzon, Die El – Amarna Tafelen, Leipzig 1907
G. Wilhelm, Grundzuge Der Deschichte und Kultur Der Hurriter, Darmstadt 1982
K. Grosz, The Archive of The Wullu Family, Copenhagen, 1988
W. C. Benedict, Uratians and Hurrianm JAOS 8c 1960. p. 100 – 104

## مێژووی فەرهەنگی هۆڵەندی
## و
## فەرهەنگی کوردی لە بەراوردێکی کورتدا

مێـژووی فەرهەنگسـازی هۆڵەنـدی ئـەوە بەدیاردەخـات، کـە کۆنتریـن فەرهەنگـی هۆڵەنـدی بـۆ سـەدەکانی نێوەڕاسـت دەگەرێتـەوە. هەڵبـەت ئەوسـا ئـەو جـۆرە فەرهەنگـە نەبـووە، کـە هەمـوو پەسنێکی فەرهەنگـی تێـدا هەبووبێـت، بەڵکـو برێتـی بـووە لـە کۆکردنـەوەی لیسـتی ئـەو وشـانەی، کـە پێشـتر لەلایـەن رەبـەن و کوتابییانەوە نووسرابوونـەوە بـۆ ئـەوەی فێـری زمانـی لاتینـی بـبن.

یەکەمیـن فەرهەنگـی هۆڵەنـدی بـە دوو زمـان نووسرابـووەوە و لـە سـاڵی 1574 دا لەلایـەن Kiliaan بڵاوکرایـەوە و بەنێـوی Dictionarium Teutonica Latinum بـوو 12000 دوازدە هـەزار وشـەی گرتبووەخـۆی.

بەرگـی سێیەمی ئـەم فەرهەنگـە لـە سـاڵی 1599 دا لەژێـر نێـوی Etymologicum (Teutonical Linguae ( Jan. W. 1993 چاپکـرا.

لەسـەدەی هەڤدەمـدا هەمـوو ئـەو وشـە فەرهەنگییانەی، کە تـا ئەوسـا بەکاردەهاتن کۆکراونەتـەوە و چاپکراون.

لـە سـەدەی هەژدەمـدا دوو فەرهەنگـی بچووکـی هۆڵەنـدی ـــ فرەنسـی چاپکـران. لـەدوای فەرهەنگـی Kiliaan بەگرنگتریـن فەرهەنـگ دادەندرێن، چونکـە گەنجینەیەکە پەرەسـەندنی فەرهەنگدانانیـان پێـوە دیـارە و ئـەم دوو فەرهەنگـە لەلایـەن F. Hal-

ma ، P. Marin 1708 - 1710 دانـدراون. لـە هەمـان سـەدەدا بـۆ چەنـد جارێـك چاپکراونەتـەوە، لـە سـاڵی 1843 ــ 1846 دا
S. J. van Moock فەرهەنگێکی هۆڵەنـدی ــ فرەنسـی لەوانـەی پێشـووتر، فراوانـتر چاپکـرد.
لەبـەر رۆشـنایی ئـەو بەرهەمانـەی، کە لە بـارەی فەرهەنگی کوردی لەبەردەسـتماندان ئـەوە ڕووندەبێتـەوە، کـەوا هەوڵـدان بـۆ دانانـی فەرهەنگـی کـوردی بـۆ سـەدەی هەڤـدەم دەگەڕێتـەوە، یانـی بـە سـەدەیەك لـەدوای دانانـی فەرهەنگـی هۆڵەنـدی.
ئەگـەر فەرهەنگـی هۆڵەنـدی لەلایـەن رەبـەن و کوتابییانـی کلێسـەوە داندرابـن، ئەوا فەرهەنگـی کوردیـش هـەر لەلایـەن بنکەیەکـی ئایینییـەوە سـەریهەڵداوە، کـە دانەرانـی دەرچووانـی مزگـەوت و پیاوانـی ئاینـدار بـوون. دواتـر کلێسـە بەشـداری دانانـی فەرهەنگـی کـوردی و زمانێکـی دی بیانـی کـردووە.
یەکەمیـن فەرهەنگـی کـوردی هـەروەك فەرهەنگـی هۆڵەنـدی فەرهەنگێکـی هۆنراوەیـی دوو زمـان بـووە. فەرهەنگەکـەی نـەوبـەهاری ئەحمـەدی خانـی 1094 ی کۆچـی بەامبـەر بـە(1682 ــ 1683) ی زایینـی بـوو، کـە بـە زمانـی عەرەبـی و کـوردی داینـاوە.
گارزۆنـی (1787) کـە مسـیۆنێرێکی کاتۆلیـك بـووە. هـەژدە سـاڵ لەنێـو کوردانـی ئامێـددا ژیـاوە. رێزمانـی کـوردی بـە زمانـی ئیتاڵـی نووسـیوە و لـە پاشـکۆکەیدا فەرهەنگێکـی ئیتالـی ـ کـوردی دانـاوە.
شێخ مارفـی نۆدەیـی (ئـەحـمـەدی) یەکـەی لـە سـاڵی 1210 ی کۆچـی بەرامبـەر بـە 1865 ی زایینـی بـە زمانـی عەرەبی ــ کـوردی دانـاوە. ئەویش هەروەکـو نەوبەهارەکەی خانـی بـە هۆنـراوە هۆنیوەتەوە.
لـە سـاڵانی 1856 ــ 1857 دا لێـرخ لـە پترسـبورگدا لـە سـێ بەرگـدا لێکۆڵینـەوەی لەبـارەی کـوردی رۆژهەڵاتـی کوردسـتان ـ کـوردی ئێـران نووسـیوە و بڵاوکردۆتـەوە و لەگـەڵ هەرسـێکیاندا فەرهەنگێکـی کـوردی ــ رووسـی دانـاوە.
هـەر لـە سـەدەی نۆزدەمـدا ژابـا 1860 یەکـەم فەرهەنگـی فرێزیۆڵـۆژی کـەوارەی پـازدە هـەزار فرێـزی بڵاوکردۆتـەوە و مسـیۆنێرێکی ئەمریکـی ــ س. رێ 1872 فەرهەنگێکـی کـوردی ـ ئینگلیـزی دانـاوە.
یەکەمیـن فەرهەنگـی کـوردی دوو زمـان، کـە کوردێـك داینابێـت و لەشـێوەی

فەرهەنـگ بچێـت و پەسـنی فەرهەنگـی پێوەبێـت فەرهەنگـی رابــەر ە، کـە عەرەبـی ـ کوردییـە و گیـو موکریانـی لـە سـاڵی 1951 دا چاپیکـردووە. هـەروا ئـەم فەرهەنگـە بـە یەکەمیـن فەرهەنگـی سـەدەی بیسـتەم دادەندرێـت، کـە کوردێـك ئامـادەی کردبێـت، بۆیـە گیـو بـە بنیاتنـەر و باوکـی فەرهەنگـی کـوردی دادەندرێـت.

یەکەمیـن فەرهەنگـی هۆڵەنـدی بەردەسـت لەلایـەن N.S. Calisch دەسـتپێکراوە و دواتـر J. H. van Dale تەواویکـردووە و لـە 1872 دا بـە تـەواوی چاپکـراوە.

لـەدوای کۆچیدواییکردنـی J. H. van Dale تاکـو ئێسـتە دوازدە جـار ئـەم فەرهەنگـە هۆڵەندییــە چاپکراوەتــەوە و لــە هــەر چاپێکــی نوێیــدا چەنــد شــارەزا و لێزانێــك پێیداچوونەتــەوە و بــە وشــەی ســەردەم دەوڵەمەندییانکــردووە و هــەر بــە نێــوی J. H. van Dale بڵاویانکردۆتــەوە. لــە کوردســتاندا ئــەم بــارە بەپێچەوانــە روودەدات، هەرکەسـێك دێـت، هەمـوو وشـە فەرهەنگێکـەی پێـش خـۆی وەردەگرێـت و چەنـد وشــەیەکی هاوچەرخــی دەخاتەپــاڵ و ســەرلەنوێ بەنێــوی خــۆی چاپیدەکاتــەوە.

لـە نامەخانـەی هۆڵەندیـدا جگـە لە فەرهەنگـی J. H. van Dale چەندیـن فەرهەنگی هۆڵەندی هـەن و بەرچاودەکـەون، لەوانە:

Kramers Nieuw Woordenboek Nederlands کـە چاپـی یەکەمـی لـە سـاڵی 1981 دا بــووە و تــا ئەمــڕۆ بیســت جــاری دی چاپکراوەتــەوە.

یەکەمیـن فەرهەنگـی کـوردی ــ کـوردی فەرهەنگـی خاڵـە، کـە لـە سـاڵی 1960 ــ 1964 دا چاپکـراوە و لەلایـەن شـێخ محەمـەدی خـاڵ دانـدراوە، یانی بەسـەدەیەك دوای فەرهەنگـی هۆڵەنـدی دانـدراوە. پوختتریـن و دەوڵەمەندتریـن فەرهەنگـی کـوردی ــ کـوردی، کـە هەمـوو دیالێکتەکانـی زمانـی کـوردی گرتۆتەخـۆی فەرهەنگـی کوردسـتانە، کـە لـە لایـەن گیـوی موکریانـی دانـدراوە و لـە سـاڵی 1999 دا چاپکـراوە.

لــە هۆڵەنــدەدا بــە دەیــان فەرهەنگــی هۆڵەنــدی و زمانانــی دی و بــە پێچەوانــەش بەرچاودەکــەون و هــەردەم لەبەردەســتن، لەوانــە: فەرهەنگــی هۆڵەنــدی ــ فرەنســی. فرەنســی ــ هۆڵەنــدی. هۆڵەنــدی ــ ئەڵمانــی. ئەڵمانــی ــ هۆڵەنــدی. هۆڵەنــدی ئینگلیــزی. ئینگلیــزی ــ هۆڵەنــدی و..

لەنێـو دنیـای فەرهەنگسـازی کوردیشـدا بـە دەیـان فەرهەنگـی کـوردی و زمانانـی دی چاپکـراون، کـە کـورد دایناون، وەك: فەرهەنگـی کۆلکەزێرینـە بـە زمانانـی: کـوردی ـ فارسـی ـ عەرەبـی ـ فرەنسـی و ئینگلیـزی، هـەروا فەرهەنگـی کـوردی ـ عەرەبـی.

عەرەبی ـ کوردی. کوردی ـ فارسی. کوردی ـ تورکی. هۆڵەندی ـ کوردی. ئینگلیزی ـ کوردی. کوردی ئینگلیزی. رووسی ـ کوردی. کوردی ـ رووسی. ئەڵمانی ـ کوردی و..

لە جیهانی فەرهەنگی هۆڵەندیدا فەرهەنگێکی زۆر بەپێی بابەت داندراون، وەك: فەرهەنگی زانستی، ئیتیمۆڵۆژی، لینگویستی، پزیشکی، فەرهەنگی سەروادار، فەرهەنگی وشەی بێگانە، تا دەگاتە فەرهەنگی جنێو.

زانایان و فەرهەنگدانەرانی کوردیش هەوڵی دانانی فەرهەنگیان بە پێی بابەت داوە، بۆ وێنە بۆ یەکەمینجار پرۆفیسۆر د. جەمال نەبەز لەژێر نێوی هەندێ زاراوەی زانستی فەرهەنگۆکێکی عەرەبی ــ کوردی لە هەولێر دانا. کۆڕی زانیاری کورد زاراوەی کارگێری و زاراوەی زانستییان بڵاوکردەوە. لەنێوان ساڵانی 1974 ــ 1983 دا کەمال جەلال غەریب سێ فەرهەنگی زانیاری عەرەبی ـ ئینگلیزی ــ کوردی چاپکرد. د. مارف خەزنەدار لەگەڵ دیوانی نالیدا فەرهەنگێکی تایبەتی بۆ نالی دانا.

لە هۆڵەندەدا بایەخێکی زۆر بە فەرهەنگی منداڵان دراوە. بە پێی تەمەن فەرهەنگ بۆ منداڵ داندراوە، لەوانە چەند فەرهەنگێکی تایبەت بۆ ئەو زارۆیانەی، کە هێژ فێری ئەلفوبێ نەبوون و بەوێنەی رەنگاورەنگ فەرهەنگیان بۆ چاپکراوە. بۆ ئەو منداڵانەی کە تازە دەست بەفێربوونی ئەلفوبێ دەکەن فەرهەنگی وێنەداری وایان بۆ ئامادەکراوە، کە رادەی تێگەیشتنیان بۆ دانانی رەچاوگیراوە. ئەو شاگردانەی، کە زمانی هۆڵەندی وەك زمانی دووەم فێردەبن، فەرهەنگی تایبەتییان بۆ ئامادەکراوە، کەچی لە کوردستاندا هێژ بایەخ بە فەرهەنگی منداڵ نەدراوە.

لە کۆتاییدا ئەوەمان بۆ روونده‌بێتەوە، کە لەگەڵ ئەوەی کورد میری سەربەخۆی نەبووە بۆئەوەی دەزگەی تایبەتی لەپێناو راژەکردنی فەرهەنگی کوردی دامەزرێنێت، بەڵام زانایان و شارەزایان و لێهاتووانی وەك تاکە کەس هەوڵی دانانی فەرهەنگی کوردییان داوە و خۆیان بە بەرپرس بەرامبەر بەو ئەرکە مەزنە زانیوە. بەهۆی هەوڵ و کۆششی ئەوان بە هەزاران وشەی فەرهەنگی پارێزراون و بە دەیان فەرهەنگیان بۆ ئامادەکردین، کە بەهۆیەوە رێگەی بەراوردکردنی بواری مێژووی چۆنیەتی پەیدابوون و پەرەسەندنیان بۆ خۆشکردین. بەم کارەش چەند بیرۆکەیەکی نوێ و چەند بابەتێکی سرنجراکێش هێنرانە نێو دنیای فەرهەنگی

کوردیـدا.

## ژێـــــــدەر

Kramers Nieuw Woordenboek Nederlands
Van Helmond 1981 Rijm Woordenboek. A’dam.
Van Helmond 1981 Rijm Woordenboek، A’dam.
M. J. Koenen، J. B. Drewe، 1992 Wolters، Handwoordenboek Nederlands 29 druk. Utrecht – Antwerpen.
Jan W. de Vries Roland Willemyns Peter Burger 1993 Verhaal van een Taal. Negen eeuwen Nederlands، Amsterdam.
Kloosteren، A. Sounders E. 1994 Vreemde Woorden. Utrecht.
Van Dale 1995 Grote Woordenboek der Nederlandse Taal. Utrecht – Antwerpen.
Hans Heestermans، Luilebol، 1990 Het Nederlands Scheldewoordenboek، A’dam.
Dr. D. Geeraets، Dr. G. Jansens 1982 Wegwijs in Woordenboek.
Een Kritisch Overzicht van de Lexicografie van het Nederlands. Van Gorcum، Assen.

# پرۆفیسۆر د. قەناتی کوردۆ وەك زمانەوان

دهۆك 21/9/2009

## پێشـــــەکی

پرۆفیسـۆر قەناتـی کـوردۆ لـە بـواری کوردناسـیدا بـە گشـتی و لێکۆڵینـەوەی زمانەوانـی کوردیـدا بـە تایبەتـی راژەیەکـی بەرچـاوی پێشـکێش بە زانسـت و رۆشـنبیری کـوردی کـردووە. ژمـارەی کارە زانسـتییەکانی، خـۆی لـە سـەد بەرهـەم دەدات و 70% ی بڵاوبوونەتـەوە و چاپکـراون و لـە هەمـان کاتـدا سەرپەرشـتیاری نامـەی دکتـۆری دەیـان قوتابـی کـردووە.

ناوەرۆکـی بەرهەمەکانـی: زمـان ، وێـژە، مێـژوو، ئەتنۆگرافیـا، رەخنـە، فۆلکلـۆر و.. لەخۆیـان دەگـرن، لەنێـو ئـەم بابەتانـەدا گرنگێکـی تـەواوی بـە زمانـی کـوردی داوەو لـەم باسـانەی کۆڵیوەتـەوە: رێزمـان ، زمانـی ئەدەبـی ، بـەراوردکاری نێـوان دیالێکتەکان، لەپـاڵ ئەوانەشـدا بایەخـی بـە فەرهەنگدانـان داوە وئـەم بەرهەمانـەی لـە شـێوەی کتێـب، نامێلکـە، لێکۆڵینـەوە و وتـاردا بڵاوکردوونەتـەوە.

گرنگـی بابەتەکانـی د. قەناتـی کـوردۆ لـەوەدا خـۆی دەنوێنێـت، کـە بـۆ یەکـەم جـار لەمێـژووی کوردناسـی لـە یەکێتـی سـۆڤێتی جارانـدا کوردێـك پسـپۆری لـە زمانـی کـوردی وەربگرێـت. بـە شـێوەیەکی زانسـتانە لـە بابەتەکانـی جۆراوجـۆری زمانـی دایکـی بـە واتـا زمانـی کـوردی بکۆڵێتـەوەو چەنـد لێکۆڵینەوەیەکـی زمانەوانـی دەوڵەمەنـد پێشـکێش بـە کتێبخانـەی کـوردی و ئەوروپایـی بـکات. ئـەوەی شـایەنی باسـە لـە رووسـیادا لێکۆڵینـەوە لەبـارەی کـورد و زمانـی کوردییـەوە لەلایـەن غەیـری کـوردەوە لـە کۆتایـی نیـوەی یەکەمـی سـەدەی نۆزدەمـدا دەسـتپێکراوە.

## هەڵسەنگاندنی بابەتی زمانەوانی

پرۆفیسـۆر قەناتـی کـوردۆ ئـەو بەرهەمانـەی بـەر لـەو لەسـەر زمانـی کـوردی و دیالێکتەکانـی لـە ئەوروپـادا بڵاوبوونـەوە چاوپێکەوتـووە و خوێندۆتـەوە و

هەڵسـەنگاندووە. سـەرەتای بڵاوبوونـەوەی بابەتـەکان بـۆ سـاڵی 1787 دەگەڕێتـەوە. کاتـێ بەرهەمـی مسـیۆنێری کاتۆلیـك ماوریـزۆ گارزۆنـی لەبـارەی ڕێزمانـی کـوردی بـە چاپگەیانـدووە و فەرهەنگۆکێکـی ئیتالـی – کـوردی قـەوارە 220 لاپـەڕەی کردۆتـە پاشـکۆی ڕێزمانەکـە.

قەناتـی کـوردۆ زۆر زانسـتانە وەڵامـی ئـەو گەرۆکـە ئەورووپاییانـەی داوەتـەوە، کـە زمانـی کوردییـان بـە دیالێکتێکـی زمانـی فارسـی زانیـوە و زمانـی فارسیشـیان بـە زمانێکـی وێژەیـی دانـاوە. قەناتـی کـوردۆ ئـەم بۆچوونانـە بـە بیروڕایەکـی بـێ بنـج و بنـاوان دادەنێـت، کـە بـە هیـچ جۆرێـك لەگـەڵ بـاری فیلۆلـۆژی ئێرانـی ئەمـڕۆدا ڕێکناکەوێـت.

پرۆفیسـۆر کـوردۆ ئـەو باسـانەی، کـە لەسـەر کـورد نـووسراون هەڵسـەنگاندووە. تێبینـی خـۆی لەسـەر بیـرو بۆچوونیـان لـەرووی زانسـتەوە داوە، بـۆ وێنـە لەنێـو ئـەو زانـا رووسـانەی باسـی کـورد و زمانـی کوردییـان کـردووە، وەك: ف. دیتیـل ، خ. ئەبۆڤیان ، ی. بیریزیـن ، پ. لێـرخ و هـی دی. زۆر گرنگـی بـە بەرهەمـی بیـری لێـرخ داوە و گوتوویەتـی: لەنێـوان ئـەو زانـا رووسـانەی، کـە لـە زمانـی کـوردی و ئەتنۆگرافییـای کوردیـان کۆڵیوەتـەوە پ. لێـرخ – ڕۆژهەڵاتناسـی مـەزن جیادەکرێتـەوە. نێوبـراو سـێ بەرگـە لێکۆڵینـەوەی لەبـارەی کـوردی ئێـران نووسـیوە و لـە سـاڵانی 1856 – 1858 دا لـە پیتربورگـدا بڵاویکردوونەتـەوە.

قەناتـی کـوردۆ هـەروا بایـەخ بـە بەرهەمـی بیـری زانایانـی دی وەك: ئـا. ژابـا (1860) ف. میوللـەر (-1864 1865) ف. یوسـتی (1880) ی. سـۆن (1913) ل. فۆسـووم (1919) ر. جـاردن (1922) پـۆل بیـدار (1926) ی.ن. مـەکارۆس (1958) د.ن. مەکەنـزی (1960 و 1961) و هـی دی داوە.

لەپـاڵ هەڵسـەنگاندنی بەرهەمـی ئـەم زانایانـە ئـاگاداری بەرهەمـی بیـری زانایانـی کوردیـش لەنێـو کوردسـتاندا هەبـووە. باسـی ڕێزمانەکـەی سـەعید سـدقی کابـان (1928) و توفیـق وەهبـی (1929) و نـوری عەلـی ئەمیـن (1960) کـردووە و هـەروا ئـەو وتارانـەی لەسـەر لاپەڕەکانـی کۆڤـاری هـاوار، ڕۆژانـو، سـتێر، گەلاوێـژ، نیـزار، هەتـاو، هیـوا و دەنگـی گێتـی تـازەدا لەبـارەی زمانـی کـوردی چاوپێکەوتـووە.

هەڵسـەنگاندنی ئـەو هەمـوو بەرهەمانـەی لەبـارەی کـورد و زمانـی کوردییـەوە، کـە لـە لایـەن زانایانـی رووس، ئەڵـمان ، ئیتالـی، ئینگلیـز و فەرەنسـی و ئەمریکـی

نووسراون زانیاریێکی باشی بە خوێنەری کورد بەخشی. ئەم کارانە کەرەستەیەکی دەوڵەمەندبوون بۆ نووسینی ڕێزمانێك، کە ئەو کێماسییانەی تێدا نەبێت، کە خۆی ڕەخنەی لێگرتبوون.

## وتـــار

زانا قەناتی کوردۆ سەرەتای بڵاوکردنەوەی بەرهەمی بیری لە بابەتی زمانەوانی کوردیدا بە وتار دەستپێکردووە. لە ساڵی 1933 دا، کە هێژ قوتابی پۆلی سێیەم بووە، بەهاوکاری عەرەبی شەمۆ و ئیسحاق تسوکرمان بە سەرپەرشتی مامۆستاکانیان دوو وتاریان بڵاوکردەوە:

ـ ئیزافە لە زمانی کوردیدا.

ـ نێر و مێ لە زمانی کوردیدا. (د. ئەورەحمانی حاجی مارف. چی لەبارەی زمانی کوردییەوە نووسراوە 1974)

دواتر قەناتی کوردۆ هەر تەنێ لەژێر نێوی خۆی بە دەیان وتاری زمانەوانی دی لەسەر لاپەرەی کۆڤارەکان بڵاوکردۆتەوە. لەو وتارانەی پێوەندییان بە ڕێزمانەوە هەیە: پاشگر و پێشگر، دارشتنی وشەی ناسادە، نیشانەی ناسیای – ەکە، ڕەگی کاری تێپەڕو تێنەپەڕ، گەردانکردنی کار و..، کە روونکردنەوەیەکی تەواوی بەو بارە ڕێزمانییانە بەخشی و ئاڵۆزییەکانی خاوکردنەوە.

## ڕێـــزمـان

قەناتی کوردۆ لە یەکەم کتێبی ڕێزمانیدا: (گراماتیکا زمانێ کورمانجی .یەریڤان 1949) کە بە زمانی کوردی نووسیویەتی تەنێ لە فۆنەتیك و بەشەکانی ئاخاوتنی دیالێکتی کرمانجی ژووروی بە زمانێکی ڕەوان کۆڵیوەتەوە، تا قوتابیانی کورد لە قوتابخانەکانی ئەرمەنستان بە سانایی تێیبگەن.لە چاپەکانی دواتردا هەوڵیداوە هێندێك بابەتی بەراوردکاری لەگەڵ بەشە دیالێکتەکانی کرمانجی خوارووش بخاتەروو. ئەم بەرهەمە لەدوای پێداچوونەوە و دەوڵەمەندکردنی لە ساڵانی 1956، 1960 و 1970دا چاپکراوەتەوە. من چەند

بابەتێکـی چاپـی سـاڵی 1970ی ئـەم بەرهەمـەی لـە ئەلفوبێـی سـلاڤیوە هێنایـە سـەر ئەلفوبێـی کـوردی - عەرەبـی و لـە سـەرەتای سـاڵی 1990 دا لـە کۆڤـاری کاروان و رۆژنامـەی هاوکاریـدا بـڵاوم کردنـەوە.

لـە سـاڵی 1961دا لـە کتێبـی (زمانـی کـوردی) یەکەمیـن بەرهەمـی بـەراوردکاری زمانـی کـوردی بـە کەرەسـتەی کرمانجـی و سـۆرانی، کـە لـە بـارەی بەشـەکانی سـەرەکی ئاخافتنـی ئـەم دوو دیالێکتـەن بـە زمانـی رووسـی بڵاوکـردەوە.

لێکۆڵینـەوەی (رێزمانـی کـوردی بـە کەرەسـتەی دیالێکتـی کرمانجـی و سـۆرانی) کـە لـە سـاڵی 1968 دا نامـەی دکتـۆری زانسـتی پێوەرگـرت. لـەدوای تێپەربوونـی دە سـاڵ یانـی لـە سـاڵی 1978 دا لـە مۆسـکۆ چاپکـراوە. لـە رووی ئـەوەی ئـەم بەرهەمـە رێزمانییـەی دکتـۆر قەناتـی کـوردۆ لـە هەمـوو بەرهەمەکانـی دی دەوڵەمەندتـر و فراوانـترە بـە پێویسـتم زانـی وەریبگێرمـە سـەر زمانـی کـوردی، تـا زماندۆسـتان، زمانناسـان، زمانەوانـان، قوتابیانـی زانکـۆ و تـوێژەران سـوودی لێوەربگـرن و لـە سـاڵی 1984 دا لـە هەولێـر چاپکـرا.

من لە پێشەکی وەرگێرانەکەی ئەم لێکۆڵینەوەیە نووسیومە:

لـەو بـاوەڕەدام لـە وەگێرانەکەمـدا چەنـد خزمەتێـك پێشـکەش بـە خوێنـەری بەڕێـز دەکـەم:

1) تێگەیشتن لە بەرهەمێك، کە بە زمانی رووسی نووسراوە.

2) روونکردنەوەی یەکبوونی هەردوو دیالێکتە سەرەکییەکەی زمانی کوردی.

3) بوونـی ئـەم بەرهەمـە بـە کەرەسـتەیەك بـۆ لێکۆڵینەوەکانـی رێزمانـی داهاتوومـان.

قەناتـی کـوردۆ لـەم لێکۆلینەوەیەیـدا ئـەم ئەرکانـەی خسـتۆتە نێـو بەرنامـەی کارەکـەی و لـە نووسـینیدا پێـڕەوی کـردوون:

1 - دانانی دەمکاتێکی گشتی بۆ رێزمانی کرمانجی و سۆرانی.

2 - بەدەرخسـتنی قوناغەکانـی پەرەسـەندنی دەمکاتـی رێزمانـی هـەردوو دیالێکتـی نێوبـراو.

3 - پێشاندانی تایبەتێتی رێزمانی.

بـۆ هەمـوو بەشـەکانی ئـەم لێکۆڵینەوەیـە کورتەیەکـی لـە مێـژوو و رادەی توێژینـەوەی رێزمانـی باسـکردووە. دواتـر هاتۆتەسـەر نووسـینی کەتیگـۆری

ڕێزمانـی کـوردی و شـێوەی دارشـتنیان، کـە گشـتی بێـت بـۆ کرمانجـی و سـۆرانی ، هــەروا هــەر بارێکــی ڕێزمانــی، کــە تایبەتمەنــد بووبێــت لــە یەکێــك لــەم دوو دیالێکتـە بـە جـودا ڕوونیکردۆتـەوە. ئـەو وشـە و ڕسـتانەی، کـە وەك بەڵگـە بـۆ لێکۆڵینەوەکـەی بـە وێنـە هێناوەتـەوە لـە سـەرچاوەی چاپکـراو و تۆمارکـراوی کوردییــەوە وەریگرتــوون.

کەواتـا گرنگـی ئـەم ڕێزمانـە لـە جـۆری بابەتەکـەی دایـە، کـە بـۆ یەکەمیـن جـار لـە مێـژووی کوردۆلۆژیـدا لەسـەر بناخەیەکـی زانسـتانە و بـە کەرەسـتەی دیالێکتـی کرمانجـی خـواروو و کرمانجـی ژووروودا لـە زۆربـەی هـەرە بەشـی فۆنۆلـۆژی و مۆرفۆلـۆژی زمانـی کـوردی کۆڵدراوەتـەوە. مەبەسـتی زانـا قەناتـی کـوردۆ لـەم بەراوردکردنـەدا بەدەرخسـتنی ئـەم ڕاسـتییەیە، کـە هـەردوو دیالێکـت:

1 - خاوەن یەك ڕێزمانن.

2 - گرنگێکی زۆری بۆ نێزیککردنەوەی دیالێکتەکانی زمانی کوردی هەیە.

3 - کەرەستەیەکی دەوڵەمەندە بۆ پێشخستنی زمانی ستانداردی کوردی.

**فــەرهــەنــگ**

قەناتـی کـوردۆ دەسـتێکی بـاڵای لـە دانانـی فەرهەنگـدا هەبـووە. لـە سـاڵی 1960 یەکـەم فەرهەنگـی چاپدەکرێـت و لـە سـاڵی 1983 دا فەرهەنگـی دووەمـی بڵاودەکرێتـەوە، کـە بـە هـاوکاری پرۆفیسـۆر زەرێ یەسـوپۆڤا دایناوە، تایبەتمەنـدی ئـەم دوو فەرهەنگـە لـەم پنتانـەی ژێـرەوودا خـۆی دەنوێنێـت:

1) وشەکانی زانستانە لێکداوەتەوە.

2) هەر وشەیەك گەر لە یەك مانا زێتری هەبووبێت ڕوونیکردۆتەوە.

3) زمانی لێکدانەوەی زۆر ڕەوانە و هەموو کەس تێیدەگات.

4) وشـەکانی لـە ڕسـتەدا بەکارهێنـاوە و ڕستەکانیشـی وەرگێراوەتـە سـەر زمانـی ڕووسـی .

لـە کۆتاییـدا وەك ڕێزلێنانێـك بـۆ کەسـیەتی، کوردپـەروەری و بەرهەمـی بیری ئەو زانـا گەورەیە،کـە هەمـوو تەمەنـی بـۆ ڕۆشـنبیری کـوردی تەرخانکـرد، پێشـنیازی ئـەوە دەکـەم لـە کوردسـتانی ئـازاددا زانکۆیـەك بەنێـوی پرۆفیسـۆر قەناتـی کـوردۆ بکرێـت.

لیستێك بە نێوی ئەو كتێبانەی، كە لە بارەی زمانن و بە چاپیگەیاندوون:

- گراماتیكا زمانێ كورمانجی .یەریڤان 1949 .

ئـەم بەرهەمـە لـەدوای پێداچوونـەوە لـە سـاڵانی 1956 . 1960 و 1970 چاپكراوەتـەوە.

- گراماتیكا زمانێ كوردی ( كورمانجی) یەریڤان 1957.

- رێزمانی كوردی بە كەرەستەی دیالێكتی كرمانجی و سۆرانی. مۆسكۆ 1978

ئـەم بەرهەمـەم لـە زمانـی رووسـییەوە وەرگێـرا سـەر زمانـی كـوردی و لـە سـاڵی 1984 دا لـە هەولێـر چاپكـرا.

- فەرهەنگی كوردی – رووسی . مۆسكۆ 1960.

- زمانی كوردی . مۆسكۆ 1961

- فەرهەنگــی كــوردی - رووســی . بــە هــاوكاری پرۆفیســۆر زەرێ یوســوپۆڤا . مۆســكۆ 1983.

# کۆڤاری هەتاو
# و
# رۆڵی لە گەشەپێدانی زمانی کوردیدا

هـەولـێـر 18/4/2012

**پێناسەیەکی کورت**

هەتـاو (15/5/1954 ـ 15/10/1960) سـێیەمیین کۆڤـاری پارێزگـەی هەولێـرە. بەڕێـز گیـو موکریانـی خـاوەن ئیمتیـاز و بەرێوەبـەری کارگێـری و نووسـەری بـووە. بەڕێـزان: پارێـزەر ئیبراهیـم دزەیـی لـە ژمـارە (1 ـ 39) پارێـزەر محەمـەد شـەهاب دەبـاغ ( 39 ـ 139) و رەئیسـی موتەقاعـد جـەلال قـادر (140 ـ 187) سەرنووسـەری بـوون. مـاوەی دەرچوونـی هـەر ژمارەیەکـی لـە نێـوان یـەك هەفتـە، دە رۆژ یـان پـازدە رۆژانـدا بـووە و کۆڤارێکـی وێژەیـی بـووە، بـەڵام بایەخـی بـە کێشـەی کۆمەڵایەتـی، رامیـاری، ئابـووری، زمـان و.. داوە.

**گیو موکریانی رۆژنامەنووس و فەرهەنگدانەر**

دەرچوونـی هـەر بڵاوکراوەیـەك بـە زمانـی کـوردی دەبێتـە مایـەی بووژاندنـەوەی زمـان و پەرەسـەندنی، بـەڵام کۆڤـاری هەتـاو لـەم لایەنـەدا تایبەتمەندیکـی دیشـی

هەیـە، ئەویـش ئەوەیـە، کـە گیـو موکریانـی سەرپەرشـتیار و نووسـەری کۆڤارەکـە فەرهەنگدانەرێکـی لێهاتـوو بـوو. گیـو بـە باوکـی فەرهەنگـی کـوردی دادەندرێـت * . لـە هەمـان کاتـدا جگـە لـە زمانـی کـوردی شـارەزایی لـە زمانانـی فارسـی، عەرەبـی، تورکـی، فرەنسـی و ئینگلیـزی هەبـوو، کەمێـك زمانـی رووسیشـی دەزانـی. ئەمانـە هەمـوو لـە راژەکردنـی زمانـی کوردیـدا لەنێـو کۆڤـاری هەتـاودا رەنگیانداوەتـەوە.

**چۆنیەتی رەنگدانەوەی زمانی فەرمی کوردی لەنێو کۆڤاری هەتاودا**

زمانـی فەرمـی کـوردی لـەو بابەتـە گرنگانەیـە، کـە ئەمـرۆش لەگـەڵ ئـەو هەمـوو داوودەزگـە دەسـەڵاتدارەییەی، کـە هەیـە، هـەر باسـی لێوەدەکرێـت، هێـژ رێچکەیەکی چەسـپیوی نەگرتـووە، تـا بەتـەواوی لـە نووسـین و خوێندنـدا پێرەوبکرێـت.

گیـو موکریانـی شەسـت سـاڵ لەمەوپێـش بەتەنیـا و پشـت بەسـتن بـە هـزری کوردایەتـی و رۆشـنبیری خـۆی کاری تـەواوی بـۆ هێنانـەدی زمانێکـی فەرمـی کـوردی کـردووە، چـی لـە رێگـەی فەرهەنگدانـان، بایەخـدان بـە کتێـب دانـان لەسـەر زمـان، هـەروا وەرگێـران و چـی بەرێگـەی کۆڤارەکـەی.

گیـو موکریانـی لـە یەکـەم ژمارەی کۆڤـاری هەتـاودا بابەتێکـی لەژێـر نـێوی یەکێتـی زمـان دا بڵاوکردووەتـەوە و ئـەم کارەشـی بـە فەرمانێـك دانـاوە، کـە لەسـەر شـانی هەمـوو لایەکمانـە و دەڵێـت:

هەرکەسـی ئارەزووبـکات، کـە زمانەکـەی دەوڵەمەندبێـت و سـاردی لەنێوانیـدا نەمێنێـت و یـا لاوێکـی بادینـی، کـە بیـەوێ نـووسراوی برادەرێکـی سەردەشـتی بەبـێ گـرێ و گـۆڵ بخوێنێتـەوە لەپێـش هەمـوو چتێکیـدا پێویسـتە کـە بـۆ یەکێتـی زمانـی کـوردی هەوڵبدرێـت.

لـە ژمـارە 17 و 18 ی کۆڤـاری هەتـاو دا روو لـە خوێنەرانـی دەکات، بـۆ ئـەوەی بەشـداری لـە هێنانـەدی زمانـی یەکگرتـوودا بکـەن:

تکایـە، کـە هەمـوو خوێندەوارێکـی نیشـتیمانپەروەر لـە بابـەت یەکێتـی زمانـی کوردییـەوە بیروبـاوەڕی خۆیانمـان بـۆ بنووسـن. هـەر لـەم روانگـەوە کەسـایەتییەکی زۆری نێـوداری کـورد لەنێـو کوردسـتان و لـە دەرەوە وڵاتـدا بیـروڕای خۆیـان لەبـارەی زمانـی کـوردی بـۆ کۆڤـاری هەتـاو نـاردووە.

**نـازنـاوی کـوردی**

ڕێگەیەکـی دی بایەخدانـی گیـو بـە زمانـی کـوردی، بـە کوردیکردنـی نازنـاوی بوێژانـی کـورد بـووە و لـەم بارەیـەوە ئـەم هەواڵـەی بڵاوکردووەتـەوە: ـ

هـەر بوێژێکـی سـەرناو (لقـب) ێکـی بـە زمانـی کـوردی بـۆ خـۆی نەدۆزێتـەوە لەمەوبـەولاوە نـە لـە باخچـەی بوێـژان و نـە لـە وەڵامـی مەتەڵەکانـدا هەڵبەسـتی بـۆ پەخشـناکرێت. کۆڤـاری هەتـاو. ژمـارە 64.

هـەر لەبـارەی نازنـاوی شـاعیرانەوە، ناوەنـاوە لیسـتێکی بەنێـوی ناوبانگـی تـازەی بوێژەکانمـان لەسـەر داخـوازی گەلێکیـان بڵاوکراوەتـەوە، لەوانـە:

| | | |
|---|---|---|
| ئاری | نەجمەددین | سلێمانی |
| ئاوارە | موخلیس | سـەقز |
| بەختیار | فایق زێوەر | سلێمانی |
| خاکی | سافی هیرانی | هیران |

**دارشـتنی وشـەی کـوردی**

زمانـی ڕۆژنامـە زمانـی وتارنووسـینە، بـەڵام تـا شەسـت سـاڵ لەمەوبەریـش زۆربـەی بەرهەمـی بیـری کـورد هـەر لەنێـو هۆنـراوەدا خـۆی دەنوانـد، بۆیـە ڕۆژنامەنووسـی ئەوسـا پێویسـتێکی زۆری بـە وشـەیەکی فەرهەنگـی هەبـوو، تـا لـە وتارنووسـیندا بەکاریبهێنێـت. کەواتـە پێویسـتی دەبـوو بـە هاندەرێـك بـۆ دارشـتنی وشـەی کـوردی، هەتـا لـەو بارانـەدا کـە بـۆ گیـو موکریانـی نەلوابا، وشـەیەك بە زمانـی کـوردی دارێژێت، پەنـای دەبـردە بـەر زمانانـی ئەوروپایـی و بەگۆکردنـی کـوردی بەکاریدەهێنـا، لەوانـە: ئابوونـە، کـە لـە وشـەی abonnement ، هـەروا وشـەی پـرۆژە لـە وشـەی projet ی زمانی فرەنسی وەریگرتوون.

لـەم بڵاوکـراوە بەنرخـەدا دەتوانـم هـەر ئەوەنـدە لەسـەر ئـەم باسـە بدوێـم و بابەتەکـەش ئەمـە هەڵدەگرێـت، کـە ببێتـە ناوەرۆکـی ماسـتەر نامـە یـان دکتـۆرا.

*

1ـ فەرهەنگی رابەر . عەرەبی - کوردی .چاپخانەی کوردستان. هەولێر 1950 .
2 ـ فەرهەنگــی کۆلکەزێرینــە. کــوردی، فارســی، عەرەبــی، فرەنســی و ئینگلیــزی. چاپخانــەی کوردســتان.هەولێر. چاپــی یەکــەم 1955.
3 ـ فەرهەنگــی مەهابــاد. کــوردی - عەرەبــی . چاپخانــەی کوردســتان. هەولێــر 1961. 795 لاپــەڕە.
4 ـ فەرهەنگــی کۆلکەزێرینــە. کــوردی، فارســی، عەرەبــی، فرەنســی و ئینگلیــزی. چاپخانــەی کوردســتان.هەولێر. چاپــی دووەم 1966.
5 ـ الباکوره ــ نۆبەره . الجزْ الاول . مگبعه الحوادپ. بغداد 1986 404 لاپەڕە.
6 ـ فەرهەنگی نۆبەرە. بەشی دووهەم. مگبعه التعلیم العالی . أربیل. 396 لاپەڕە.
7 ـ فەرهەنگــی کوردســتان. کــوردی ـ کــوردی. هەولێــر و ئیســتانبول. لــە بڵاوکراوەکانــی دەزگــەی چــاپ و بڵاوکردنــەوەی ئــاراس. 2000. 940 لاپــەڕە.
8 ـ FERHENGI KURDISTAN. AMED 2004. 1343 lapere.
9 ـ فەرهەنگــی نۆبــەرە. عەرەبــی - کــوردی. لــە بڵاوکراوەکانــی دەزگــەی چــاپ و بڵاوکردنــەوەی ئــاراس. هەولێــر 2005. 451 لاپــەڕە.

## زمانی کوردی دەبێت بە زمانی هەژاران؟

هەولێر. پایزی 2013

لـەم چەنـد سـاڵانەی دواییـدا لەپـاڵ باخچـەی سـاوایان، خاندنگـەی بەرایـی و ئامادەیـی وزانکۆکانـی میـری کوردسـتان، دەتوانـم بڵێـم بەسـەدان باخچـەی سـاوایان و فێرگـە و زانکـۆی تایبـەت لـە باشـووری کوردسـتاندا دامـەزراون. هەڵبـەت ئەمـە دیاردەیەکـی دڵخۆشـکەرە، کـە میـری کـوردی هـەروا تاکـی دەسترۆیشـتووی کـورد بیـر لـە پێشـکەوتن و گەشـەکردنی زانسـت و زانیـاری دەکـەن و نەوەیەکـی چەکـدار بـە زانسـت پێدەگەیـەنـن.

لـە زۆربـەی ئـەم داوودەزگـە پەروەردەیـی و زانسـتییانەی تایبـەت، خوێنـدن تیایانـدا بـە پارەیـە. سـاڵ لـەدوای سـاڵ کرێـی خوێنـدن هـەر بـەرەو هەڵکشـانە، کەواتـە کەسـانێك روو لـەو دامەزراوانـەی خوێنـدن دەکـەن هەبـوون و پـارەدارن.

زمانـی خوێنـدن لـە زۆربـەی هـەرەزۆری ئـەم داوودەزگـە دامەزراوانـەی لـەژووروو باسـکراودا و هـەروا لـە هێندێـك خاندنگـە و زانکـۆی میریشـدا بـە زمانـی ئینگلیزییـە. زمانـی کـوردی وەك زمانێکـی لاوەکـی تیایانـدا دەخوێندرێـت. ئەگـەر ئـەم بـارە نەگۆردرێـت لـە چەنـد سـاڵێکی داهاتـوودا کۆمەڵـە کەسـانێکی پـارەدار پێدەگـەن، کـە

شارەزاییەکی ئەوتۆیان لە زمانی کوردیدا نییە. ئەمە گەورەترین هۆی دابران و نامۆییان دەبێت لەنێو جڤاکدا.

منداڵێکی تەمەن چوار یان شەشساڵ، کە دەخرێتە بەر خوێندن یەکسەر فێری زمانێکی بێگانە و بە تایبەتی زمانی ئینگلیزی دەکرێت. ئەم منداڵە لە گەرانەوەیدا بۆ ماڵەوە دووچاری کێشەیەکی گەورە دەبێت، چونکە رۆژانە لە خاندنگەدا ماوەی هەشت سەئات بە زمانی ئینگلیزی قسەی لەگەڵ دەکرێت. لە ماڵەوەش هەر لەسەر بەکارهێنانی ئەم زمانە بەردەوام دەبێت. لەو بارەدا، کە دایکوباوکی منداڵەکە بە کوردی وەڵامی بدەنەوە، یان بە زمانێکی ئینگلیزی شکاو لەگەڵیدا بدوێن، ئەوا منداڵەکە لە هەردوو باردا دووچاری بارێکی دەروونی سەخت دەبێت.

هەر لەم روانگەوە زۆربەی ئەو قوتابخانانە دیسانەوە بە پارەیەکی باش خولی تایبەت بۆ دایکوباوکانی قوتابییان دەکەنەوە، هەتا فێری زمانی ئینگلیزییان بکەن. کەواتە ئەم کوردە هەبوونانە بە پارە و پوولی خۆیان زمانی ئاخاوتنی نێو ماڵیان لەنێو کوردستاندا لە زمانی کوردییەوە دەگۆرن بۆ سەر زمانی ئینگلیزی!! با بڵێین بەم رێگەیە کێشەی ئاخاوتن تا رادەیەك لەنێو خێزانی منداڵەکەدا چارەسەر کرا. ئەی زمانی گفتوگۆیان لەگەڵ داپیرە و باپیرە و ئامۆزا و خاڵۆزا و پوورزاو.. بە چی دەبێت و چۆن دەبێت؟ بڵێیت ئەم منداڵانە لەکاتی ئاخاوتنیاندا لەگەڵ خزم و کەس و دراوسێکانیاندا هەناسەیەکی ئاسوودە بدەن؟

کەواتە زۆربەی هەرە زۆری ئەو داوودەزگایانەی خوێندنی تایبەتی هەروا چەند قوتابخانە و زانکۆیەکی میری لە راژەکردنی پەرەسەندن و گەشەکردنی زمانی کوردیدا نین، بەڵکو بەپێچەوانە لەنێو کۆمەڵی کوردەواریدا دەبن بە هۆی پەیدابوونی دوو توێژی لێکدابراو: یەکێکیان پارەدار. زمانی ئاخاوتن و خوێندنی بە زمانی ئینگلیزی بووە. ئەم کۆمەڵە کەمینەیە. توێژی دووەم هەژار و نەدار. زمانی ئاخاوتن و خوێندنی بە زمانی دایکی ـ زمانی کوردی بووە. ئەمەیان زۆرینەیە.

لەپێناو پێگەیاندنی کۆمەڵێکی یەکسان، کە دروشمی سەرەکی هەموو رێکخراوە سیاسییەکانە، پێویستە داوودەزگەی پێوەندیدار بە زمانی خوێندنی هەموو قۆناغەکانی خوێندندا بچێتەوە. هەوڵبدرێت لە خوێندندا زمانی کوردی نەکرێتە زمانی لاوەکی، چونکە پشتگوێخستنی زمانی کوردی و بایەخپێنەدانی وەك زمانێکی

سـەرەکی کوشـندەترین مەترسـییە بـۆ سـەر ئاساییشـی نەتەویـی.
ئەمـڕۆ زمانـی کـوردی لـە باشـووری کوردسـتاندا پێویسـتی بـە دامەزراوەیەکـی تایبەتـی هەیـە بـۆ پاراسـتن و گەشەسـەندنی. هەتـا لەژێـر سـایەی ئـەودا بەهـا و پیـرۆزی زمانـی کـوردی لای تاکـی کـورد بگەڕێندرێتـەوە و بپارێزێـت.
بۆئـەوەی هەمـوو منداڵانـی کـورد بەشـێوەیەکی یەکسـان لـە قوتابخانـەدا لەپـاڵ زمانـی کوردیـدا فێـری زمانێکـی ئەوروپایـی بـن، کە بەشـێوەیەکی سـەرەکی لە باشـوورە کوردسـتاندا زمانـی ئینگلیزییـە، پێویسـت دەکات وەزارەتـی پـەروەردە بـە سیسـتەمی گوتنـەوەی زمانـی ئینگلیزیـدا بچێتـەوە، هەتـا منداڵێکـی کـورد بـە پـارەداری و بـە نـەداری بەرادەیـەك فێـری ببێـت بتوانێـت بـە باشـی قسـەی پـێ بـکات و بیخوێنێتـەوە و پێـی بنووسـێت.
لێکۆڵینەوەکانـی زانسـتی زمـان ئەوەیـان بـۆ روونبووەتـەوە، کـەوا منـداڵ لـەو کاتـەدا باشـتر فێـری زمانـی بیانـی دەبێـت، ئەگـەر بنـج بنەوانێکـی راسـت و باشـی لـە زمانـی دایکیـدا هەبێت.زانـای کەنـەدی ـ Jim Cummin لـە سـاڵی 1978 تۆژینەوەیەکـی لەسـەر ئـەو منداڵانـەدا ئەنجـام دا، کـە لـە قوتابخانـەدا بـە زمانێکـی بیانـی دەخوێنـن، یانـی نـەك بـە زمانـی دایـك. لـە ئەنجامـدا بـۆی دەرکـەوت، کـە رادەی توانـا و لێزانـی و شـارەزایی هەرکەسـێك لەسـەر زمانـی دایکیـدا مەرجێکـی زۆر گرنگـە بـۆ فێربوونـی زمانێکـی بیانـی بـە باشـی.
لـە سـاڵانی هەشـتای سـەدەی رابـردوودا لـە هۆڵەنـدەدا لەسـەر ئـەم بۆچوونـەی زانـای کەنەدیـدا، تـۆژەران: Rene Apple و Frans Teunissen لێکۆڵینەوەیەکیـان لەسـەر قوتابییانـی بەرەگـەز تـورك و مەغربـی، کـە لـە هۆڵەنـدەدا دەژیـن ئەنجـام دا. لێکۆڵینەوەکەیـان لەسـەر دوو کۆمەڵـە قوتابـی تـورك و مەغربـی بـوو. قوتابیانـی کۆمەڵـەی یەکـەم لـە قوتابخانـەدا هـەر تەنیـا بـە زمانـی هۆڵەنـدی دەیانخوێنـد. قوتابیانـی کۆمەڵـەی دووەم هـەر بـە زمانـی دایـك ( زمانـی تورکـی و زمانـی عەرەبـی) دەیانخوێنـد، لـەم کۆمەڵـەی دووەمـدا زمانـی هۆڵەندیـش وەك بابەتێکـی زمـان دەخوێنـدرا. لـە ئەنجامـی لێکۆڵینـەوەدا بۆیـان دەرکـەوت: ـ
قوتابیانـی کۆمەڵـەی دووەم، کـە بـە زمانـی دایکیـان دەیانخوێنـد.  باشـتر زمانـی هۆڵەنـدی فێربـوون، لەچـاو کۆمەڵـەی یەکـەم، کـە هـەر تەنیـا بـە زمانـی هۆڵەنـدی دەیانخوێنـد. هـۆی ئەمـەش بـۆ ئـەوە دەگەڕێننـەوە، کـە ئـەو قوتابییـەی بـە زمانـی

دایکـی دەخوێنێـت شـارەزاییەکی بـاش لـە زمانـی خۆیـدا وەردەگرێـت و لەکاتـی فێربوونـی زمانێکـی بیانیـدا وشـەکان بـە واتـاوە تێـدەگات، بۆیـە کاری ئـەو هـەر تەنیـا وەرگێرانـی وشـەکەیە، نـەك تێگەیشـتنیش.*

بـا ئێمـەی کـورد سـوود لـەو لێکۆڵینەوانـەی لـەژوورەوو باسـکراودا وەربگریـن، کـە بەندیوارییەکـی راسـتەوخۆی بـە کێشـەی زمانـەوە هەیـە.

* Boogaard، Marianne، and Janssen، Mathilde. Alles wat je altijd al had willen weten over taal: De taalcanon. Amsterdam: J.M. Meulenhoff، 2012.

# پاژێك لە هەڵە زمانەوانییەکانی
# فەرهەنگی هەرزەی ئەکادیمیای کوردی

پێشکێشە بە ئەکادیمیای کوردی بە بۆنەی ڕۆژی
جیهانی زمانی دایك، کە ڕێکەوتی 21/2 ی بۆ تەرخانکراوە.

هەولێر 20/2/2014

فەرهەنگی هەرزە فەرهەنگێکی کوردی کوردییە، لەلایەن ئەکادیمیای کوردی لە ساڵ 2012 چاپکراوە.

فەرهەنگ ئەو سەرچاوەیەیە، کە هەر کەسێك بۆی دەگەڕێتەوە تا زانیاری لەسەر وشەی فەرهەنگی لە رووی باری ڕێزمانی، لێکدانەوە و واتای، جۆری بەکارهێنانی لەنێو رستەدا و ڕێنووسی بە راستی و دروستی بزانێت.

ئەوەی لە فەرهەنگی هەرزەدا بەرچاودەکەوێت، ڕێك بە پێچەوانەیە، چونکە فەرهەنگێکە پڕە لە هەڵەی زمانەوانی و دوور لە زانستی فەرهەنگدانان.

لە پێشەکی فەرهەنگی نێوبراودا وا باسکراوە، کە کەرەستەی ئەم فەرهەنگە لەسەردەمی دەورەی کۆڕی زانیاری کوردستاندا لەلایەن کۆمەڵێك مامۆستا کۆکراوەتەوە. تەواوکردن و ئامادەکردنی ئەم فەرهەنگە بۆ چاپ بوو بە ئەرکی لیژنەی فەرهەنگی ئەکادیمیای کوردی.

من جارێ هیچ لێدوانێك نادەم لەسەر ئەم زانیارییەی لەم دوو ـ سێ دێرەی سەرەوەی پێشەکییەکەی فەرهەنگی هەرزەدا هاتووە، بەڵکو بۆ کاتی پێویست بەجێیدەهێڵم.

من لێرەدا تەنیا تیپی ئا وەك وێنە بۆ ئەم هەڵسەنگاندە دەخەمە بەرچاو ئێوەی بەڕێز. ئەم تیپە لاپەڕە 7 ـ 14 فەرهەنگی هەرزەی پڕکردووەتەوە. ژمارەی وشە فەرهەنگییەکانی ئەم تیپە 106 وشەیە.

**یەکەم/ وشە کورتکراوەکانی نێو ئەم فەرهەنگە**

لەم بەشەدا تەنیا 6 شەش وشەی کورتکراوە تۆمارکراوە. لەکاتێکدا، لەنێو ئەو هەشت لاپەرەیەی خستوومنەتە ژێر تیشك هەوت کورتکراوەی دیش لەپاڵ هێندێك وشە داندراون، بەڵام لەم بابەتەدا هێمایان بۆ نەکراوە:

1/ (ج. پ.) 2/ (ن. ب.) 3/ (ن. د.) 4/ (ن. ك.) 5/ (ن. ل.) 6/ (ن. م.) 7/ (ن. و.).

**دووەم/ ناوەرۆك**

لەنێو بابەتی ناوەرۆکدا تیپی (ژ) ێ و تیپی (ڤـ) ێ بەرچاوناکەون. لەنێو دووتوویی فەرهەنگەکەشدا هیچ ئاورێك لەو وشانە نەدراونەتەوە، کە بە دەنگی (ژ) ێ و (ڤـ) ێ دەستپێدەکەن. وەکو بڵێیت لەنێو زمانی هەرزەکارێکدا هیچ وشەیەکی فەرهەنگی نییە بەم دوو دەنگە دەستپێبکات. ئەمە کارەساتێکی گەورەی زمانەوانییە، کە فەرهەنگێك بۆ منداڵانی تەمەن 12 ساڵ و بەرەوژوور لەو وشانە بێبەش بکرێت، کە بەم دوو دەنگە دەستپێدەکەن.

**سێیەم/ وشەی دووبارەکراو لە لاپەرە 7 ـ 14 :**

تەنێ لەنێو تیپی ئا دا 6 شەش وشە دووپاتکراونەتەوە، کە برێتین لەمانە:

ئاسایی. ئاخ. ئازاردان. ئاش. ئاشکرا. ئاشنا.

زۆربەی لێکدانەوەی ئەم وشە دووبارەکراوانەش وەك یەکن.

**چوارەم/ ڕێزبەندی وشەکان بە پێی ئەلفوبێی کوردی**

لە یەکەم وشەی لاپەڕەی یەکەمەوە ڕێزبەندی وشەکان ڕەچاو نەکراوە.ئەمە لە کاتێکدا کەسێکی دەرچووی قوتابخانەی بنەرەتی دەتوانێت ئەم ڕێزبەندییە ڕێکبخات، جا چی کەسێکی ئەکادیمی!

وشەی ئاسایی بە پێش هەموو وشەکانی فەرهەنگی هەرزە خراوە. وشەی ئاسایی لە ڕووی ڕێزبەندی ئەو وشانەی لە تیپی ئا دا داندراون دەبا بکەوتبا دوای وشەی (ئاسایش). هەروەك لە لاپەرە 9 دا هاتووە.

وشەی: ئاژاوە. ئاژەڵ. ئاژین. خراونەتە دوای وشەی ئادەمیزاد. بەپێی ڕێزبەندی دەبێت بکەونە دوای وشەی ئازووخە.

وشەی: ئاڤ. ئاڤاکرن. ئاڤدان. ئاڤدێر. ئاڤێستا. بەپێی ڕێزبەندی دەبێت بکەونە دوای وشەی ئاشیان.

وشەی: ئاغا و ئافرەت دەبێت بکەونە دوای ئاشیان.

وشەی: ئاڵۆز. بکەوێتە دوای وشەی ئاڵەت.

وشەی: ئازیز. بکەوێتە دوای وشەی ئازووخە.

**پێنجەم/ ناراستی لێکدانەوەی وشەکان**

لەگەڵ ئەوەی لێکدانەوەی وشەکان بە زمانێکی کوردی پاراو لێکنەدراونەتەوە، لە چەند شوێنێکیشدا بە هەڵە لێکدراونەتەوە. لێرەدا چەند لێکدانەوەیەك بە وێنە دێنمەوە:

1 ـ ئاتەشگا: ئاگردانی پیرۆزی گاوران. لاپەرە 7.

کەی ئاتەشگا هی گاورانە؟

2 ـ ئاخافتن: ئاخفتن قسە کردنە جیاوازی هەیە لەنێوانیان. لاپەرە 7.

تۆ بڵێیت کەسێکی ئەکادیمی بەمجۆرە لێکدانەوەیە رازیبێت!

3 ـ ئادەمیزاد: بەنی ئادەم و.. لاپەرە 8.

پێویستبوو لەپاڵیدا بە وشەی ئادەمزاد لێکدراباوە. ئەم وشەیە بە هەڵە دارێژراوە، چونکە ئادەم زیاددەکات، نەك ئادەمی.

4 ـ ئاگا: ــ پاشگره 1ـ خەبەردار لە شتێ : ئاگاداری هەواڵەکان بە. لاپەره 11 .
کەی ئاگا لەم لێکدانەوەی ئەکادیمیای کوردیدا پاشگره؟
لەم هەشت لاپەرەیەدا بە دەیان لێکدانەوەی ناراستی دی بەرچاوەدەکەون.
5 ـ هێندێك وشە هەر لێکنەدراونەتەوە، بەڵکو یەکسەر رستەیەکیان بە وێنە بۆ هێندراونەتەوە:
ئاگر تێ بەردان. ئاگرکردنەوە. و .. لاپەره 11.
6 ـ بە پێچەوانەی هەموو فەرهەنگی جیهان لەم فەرهەنگەی ئەکادیمیای کوردیدا لە بەرامبەر هێندێك وشەدا رستە کەوتووەتە پێش لێکدانەوەی وشە:
ئارام: ئەم پۆلە ئارامە. بە ئۆقره، لەسەرخۆ، هێدی.. لاپەڕە 8.
ئاسان: کارێکی ئاسانی ئەنجام دا. کاری سووك بێ گرفت و بێ کێشە. لاپەڕە 9.
7 ـ هەر لە بارەی شوێنی رستە لە هێندێك شوێندا رستەکە لەگەڵ لێکدانەوەی دووەمدا هاتووە، لەکاتێکدا خۆی بۆ لێکدانەوەی یەکەم دەگەرێتەوە:
ئاشنا: 1 – دۆست، یار، بە یەك گەیشتن، ناسین: ئاشنای ئاوازە رەسەنەکانم. 2 – ناوە بۆ مێینە: ئاشنا خوێندکاری بەشی مۆسیقا بوو. ئەو پیاوە ئاشنامە.
ئەم رستەیەی هەرەدوایی بۆ لێکدانەوەی دووەم بەکارنایەت و هەڵەیە. ئەگەر مەبەستی بۆ واتای یەکەمی بێت، ئەوە پێویست ناکات، چونکە رستەیەکی دی بە وێنە بۆ هێندراوەتەوە.
8 ـ هێندێك وشە هەر بە وشەکە خۆی لێکدراوەتەوە:
ئاخ: ئاخ. لاپەڕە 7.
ئاژەڵ: ئاژەڵ. لاپەڕە 8.
ئامێر: ئامێر. لاپەره 12.
9 ـ زۆربەی ئەو رستانەی بە وێنە هێندراونەتەوە خراونەتە نێو دوو کەوانە. هێندێك رستەش هەن، کە نەخراونەتە نێو دوو کەوانەوە. هەرزەکارێك سەر لەوە دەرناکات بۆ هێندێك رستە خراونەتە نێوان دوو کەوانە و هێندێکی دی بێ کەوانەن.
10 ـ واتای رستەی بە وێنە هێندراو:
زۆربەی ئەو رستانەی بە وێنە هێندراونەتەوە پەروەردەیی، رۆشنبیری گشتی و هیوابەخش نین. بۆ وێنە:

ئاکام: ... کارەکەی هیچ ئاکامێکی نەبوو.
ئاسایش: ئاسایشی هەرێم توانی باندێکی لەشفرۆشی بگرێ.
ئەمە هەواڵێکی ڕۆژنامەگەرییە، نەك وێنەی ڕستەیەك بۆ وشەیەکی فەرهەنگی. هەرکەسێکی ئەم ڕستەیەی بەرچاوبکەوێت یەکسەر بیری بۆ ڕەگەزی مێ دەچێت. بەراستی جێگەی داخە لە فەرهەنگێکی ئەکادیمیای کوردیدا بەمجۆرە لە مێ بدوێن.
ئای: ئای ئای کارێکی خرابت کرد.
ئادەمیزاد: داگیرکاران وەك ئادەمیزاد سەیری کورد ناکەن.
ئاکام: کارەکەی هیچ ئاکامێکی نەبوو.
11 ـ وشەی ئاڤ لەنێو بەشەکانی ئاخاوتندا بە ئاوەڵناو ناسراوە:
ئاڤ (ئان.) لاپەرە 11.
شەشەم/ ڕێنووسی فەرهەنگی هەرزە
چەند وشەیەکی ئەم هەشت لاپەڕەیەی فەرهەنگی نێوبراو بە دوو جۆرە ڕێنووس نووسراوە، بۆ وێنە:
لەسەر بەرگی یەکەمی فەرهەنگەکەدا نووسراوە:
فەرهەنگێکی کوردی کوردییە.
هەمان ئەم کوردییەی سەرەوە لە لاپەرە 14 دا بەمجۆرە نووسراوە.
ئازیزە مەقامێکی کلاسیکی کورد یە.
کام لەم دوو ڕێنووسە بۆ وشەی کوردی لەم بارانەی پێشوودا ڕاستە؟
لە لاپەرە 9 دا بۆ لێکدانەوەی وشەی ئازاردان ئەم دووجۆرە ڕێنووسە بەرچاودەکەوێت:
ئازاردان: ئەزیەتدان. ئەزیەت دان.
لە لاپەرە 3 دا عەبدوڵڵا نووسراوە . لە لاپەڕە 14 دا عبدالله و...

لەرووی ئەوەی ئامادەکردنی کەرەستەی ئەم فەرهەنگە بووە بە مایەی ئەم هەموو هەڵە زمانەوانیانەی، کە لێرەدا تەنیا تیشکم خستووەتە سەر 8 لاپەرە. داوادەکەم لەپێناو گەراندنەوەی بەهاو پیرۆزیی وشەی کوردی :
1/ لێژنەی فەرهەنگی ئەکادیمیای کوردی داوای لێبوردن لەو مامۆستا بەڕێزانە

بـكات، کـە کەرەسـتەی ئـەم فەرهەنگەیـان کۆکردووەتەوە، چونکـە ئـەوان چاوەڕێبوون، کـە ئەکادیمیـا لـەم کەرەسـتە فەرهەنگێـك پێکبهێنێـت لـە ئاسـتی فەرهەنگـی هەراشـان دا بێـت، نـەك وا بێـنرخ مامەلـە لەگـەڵ ئـەم کەرەسـتە دەوڵەمەنـدە بـكات و وا بـە رسـوایی فرێیبداتـە نێـو دنیـای فەرهەنگـەوە. .

2/ ئـەم فەرهەنگـە لـە کتێبخانـەکان وەرگرێتـەوە و دابەشـکردنی بوەسـتێنێت، چونکە لـە مێـژووی فەرهەنگـی کوردیـدا تاکـە فەرهەنگێکـە پڕبێـت لـە هەڵـەی زمانەوانـی و پێشـێلی پیرۆزیـی وشـەی کـوردی کردبێـت.

# ئاستی زمان
# لەنێو هۆنراوەکانی حەمەسەعید حەسەن دا(*)

**پێشەکی**

لەگەڵ ئەوەی مێژووی زمانی نووسین لای ئێمەی کورد بۆ سەدان ساڵ تەنێ زمانی شیعر بوو. هەر شیعر دەربڕی ئەو باسانەبوون، کە شاعیر هەستی پێکردوون و بەپێی باری دەروونی و جۆری بیرکردنەوەی بە وشە تۆماریکردوون، کەچی بایەخێکی ئەوتۆ بە لێکۆڵینەوە لەسەر زمانی شیعر نەدراوە، کە شایەنی ئەو دیرۆکە دێرینەی بێت. لەو روانگەوە هەوڵمدا تۆژینەوەیەك لەسەر ئاستی زمان لەنێو چەند پارچە هۆنراوەیەکی بەڕێز حەمەسەعید حەسەن دا بکەم.

زمانی شیعر ئەو زمانە ئاساییە نییە، کە ئێمە بیری خۆمان بەهۆیەوە دەگەیەنینە بەرامبەرەکەمان و کەرەستەکانی دەوروبەرمانی پێ بەرجەستەدەکەین. راستە شاعیر هەر هەمان ئەو وشانە بەکاردێنێت، کە ئێمە رۆژانە لەگفتوگۆکردن و نووسین دا بەکاریدەهێنین، بەڵام شاعیر لە دەربریندا بە رادەیەکی جیاواز بایەخ بە واتا و راستینەی وشەکە دەدات، سەرلەنوێ زمان دادەڕێژێتەوە و دەیخەملێنێت

و واتایەکـی نوێـی سـەردەمانەی پێدەبەخشـێت، لێـرەدا ئاسـتی بـەرزی بەکارهێنانـی وشـە لای شـاعیر هەسـتپێدەکرێت.

بکـەری کارای رووداوەکانــی نێــو هــەر پارچــە هۆنراوەیــەك دەوری ئەرێنــی و نەرینـی هەیـە. ئـەوەی لای مـن سرنجراکێشـە بەشـێوەیەکی گشـتی بکـەر لای زۆربـەی شـاعیرانی پیـاو، رەگەزێکـی مێینەیـە و ئۆباڵـی هەمـوو ناهەمووارییەکیـش خراوەتـە پاڵ ئـەو. حەمەسـەعید حەسـەن راشـکاوانە هێندێـك لـەو گوناهانـەی بـەزۆری بەبەرۆکـی مێینـەوە کـراون، خسـتۆتە سـەر ئەسـتۆی خـۆی، لێرەشـدا وێنەیەکـی نوێـی دەربرینـی هێناوەتەئـارا.

ئـەم لێکۆڵینەوەیـە هەوڵدانێکـە بـۆ تۆژینـەوە لەسـەر ئاسـتی زمـان لەنێـو شـیعری کـوردی دا و بـۆ ئـەم مەبەسـتە لەنێـو وێنـەی شـیعری چەنـد پارچـە هۆنراوەیەکـی حەمەسـەعید حەسـەندا بایـەخ بـەو وشـانە دەدەم، کـە لـە لێکچووانـدن ، دژواتـا، دووبارەبوونـەوە دا بـەکاری هێنـاون. بەرێگـەی ئـەو پەیڤانـەی دەربـڕی رەگەزەکانـی درامـای هۆنـراوەن، ئاسـتی زمانـی شـاعیر لـە خسـتنەرووی رووداو، بکەرانـی رووداو، کەسـیەتی و دیالۆگـی نێـوان بکـەرەکان، جـۆری بزاویـان و کات و شـوێنی رووداوەکان بەرجەسـتەدەبێت.

**وشە لە وێنەی شیعریدا**

وێنـەی شـیعری بنەمـای دارشـتنی هونـەری جوانـکاری شـیعرە، کـە هـەر بەهۆیـەوە هەسـت بـە نرخـی هەبـوون دەکرێـت. بەرێگـەی بۆچـوون و تێرامـان و ئەندێشـەی بەرفراوانـی شـاعیر لێزانینـی لـە هەڵبژاردنـی وشـەی فەرهەنگیـدا، جـۆری بیرکردنـەوەی دەزاندرێـت و کەسـیەتی هونەریشـی بەدیاردەکەوێـت و رادەی ئەفراندنیشـی بـە باشـی دەنوێندرێـت.

دارشـتنی هـەر وێنەیەکـی شـیعری بەرێگـەی وشـەوە دەبێـت. دارشـتنی بیـر بەپێـی بابـەت شـێوەی جۆراوجـۆری هەیـە، بـەڵام لەنێـو هۆنـراوەدا تایبەتمەنـدی خـۆی هەیـە، چونکـە سـۆز و ئەندێشـەش تێکـەڵاوی بیـری دارێژراوەبـن. هـەر شـاعیرێکی بەهرەدار لـەرووی رۆشـنبیرییەوە بـاش خـۆی پێگەیاندبێـت، شـارەزایەکی باشـی لـە وشـەی فەرهەنگـی ئـەو زمانـەدا هەبێـت، کـە هۆنراوەکـەی پـێ دەهۆنییەتـەوە، دەتوانێـت خاوەنـی شـێوازی دارشـتن و خاوەنـی وشـەی تایبەتـی خـۆی بێـت و بـەم رێگەیـە

یەکسـەر بەرهەمـی بیـری بناسرێتـەوە، بـۆ زانینـی تایبەتمەنـدی شـێوەی دارشـتن و ئاسـتی زمـان لای حەمەسـەعید حەسـەن سـەرەتا لەسـەر ئاسـتی وشـە لێیدەکۆڵینـەوە:

**لێکچوواندن:**

گرنگـی لێکچوانـدن لـەوەدا خـۆی دەنوێنێـت، کـە واتـای دەربـڕاو روونـتردەکات و جەختیشـی لەسـەردەکات. لێکچوانـدن پانتاییەکـی فراوانـی لـە نێـو هۆنراوەکانـی بوێـژدا گرتۆتـەوە، بـەڵام بـە چمکێکـی جیـاواز لەگـەڵ هەڵبەسـتوانانی کلاسـیکدا.

حەمەسـەعید حەسـەن لێکچوواندنـی نێـو هۆنراوەکانـی لـە راسـتینەی ماکـی هەسـتپێکراوی دەوروبـەری خـۆی وەرگرتـووە، بـۆ وێنـە چەنـد ئەندامێکـی جەسـتەی خـۆی بـۆ ئـەم هونـەرە تەرخانکـردووە، بەجۆرێـك توانـای شـارەزایی خـۆی لـە زمانـدا بەکارهێنـاوە، دوورتریـن شـتی لـە ئەندامەکانـی جەسـتەی خـۆی نێزیککردۆتـەوە و بەشـێوەیەك دایرشـتوون یەکەیەکـی یەکگرتـووی زینـدووی لـێ پێکهێنـاون، بـۆ وێنـە: دڵـی بـە نیشـتمان، دەسـتی بـە سـتیان، برژانگـی بـە شـانە و ئامێـزی بـە جۆڵانـە چوواندووە:

ئەوە دڵم،
وەرە بیکە بە نیشتمان
××
هانێ ئەوە دەستەکانم
وەرە بیانکە بە ستیان
××
ئەوە شانەی برژانگی من،
وەرە قژی پێ دابێنە!
ئەوە جۆلانەی ئامێزم
وەرە سەرخەوێ بشکێنە! (1)

هـەر لـە بـواری لێکچوواندنـدا بوێـژ لـە پارچـە هۆنـراوەی نامەیەکـی چاوبەخوێـن دا زۆر وەسـتایانە ئـەو کارەسـات و رووداوە مێژووییانـەی لەسـاڵانی رابـردوودا ئێمەی کورد پێیـدا تێپەڕیویـن خسـتۆتە ژێـر رکێفـی بیـری خـۆی و بـاری تایبەتـی خـۆی تێهەڵکێشـی زاراوەی مێژوویـی وەك: کـۆڕەو، براکـوژی و ئەنفـال کـردووە ولێکـی چوواندوون و

وێنەیەکـی زینـدووی بۆمـان ئەفرانـدووە:

کە جێت هێشتم
وەك منداڵێکم بەسەرهات
لە کۆرەودا
دایك و باوکی ون کردبێ
وەك پێشمەرگەیەکم لێ هات
رێژنەی گوللەی براکوژی
هەموو جەستەی کون کردبێ
× × ×
دوای تۆ خۆم وەك گوندێ بینی
ئەنفال سیمای شێواندبێ (2)

**دژواتـــا**

دوو زاراوەی ئەزەلـی خێـر و شـەڕ، کـە هــەردەم ئامادەییـان هەبـووە و هەیـە و ململانێـی نێوانیـان نابڕێتـەوە. بوێـژ زۆر فەلسـەفییانە وشـەی دژواتـای لەیـەك بیرۆکـەدا دارشـتووە و لەگـەڵ یەکـی گونجانـدوون. وێنەیەکـی شـیعری نایابـی لـێ نەخشـاندوون:

بیستووتانە وڵاتێکی داگیرکراو
تامەزرۆی رزگاری نەبێ
ئەوە منم
××
کە ون دەبی
بیرت دەکەم،
دوژمنە خۆشەویستەکەم (3)

**دووبـارەبـوونـەوەی وشە**

وشـەی بـــا سـێ جـار لـە پێنـج دێـڕی یەکەمـی پارچـە هۆنـراوەی بـۆ ژنێکـی لەچکـداردا دووبـارە بووەتەوە.وەنەبێــت ئــەم دووبارەبوونــەوە لەپێنــاو پاشــبەندی پارچـە هۆنراوەکـە بێت، یـان هێـمای بـۆ ئـەوە کردبێت، کـە بایەکـی ئەوەنـد بەهێـز

هەڵیکـردووە، هـەر بەردەوامبـووە و نەبڕاوەتـەوە. بەڵکـو لـەم پارچـە هۆنراوەیـەدا وشـەی بـــا لـەو هـەر سێ دێـڕەی بەکارهاتـووە، هەریەکـەی مانـای تایبەتـی خـۆی بەخشـیوە:

وشـەی بـــا لـە جـاری یەکەمـدا خراوەتەپاڵ وشـەی هەناسـە، کـە نـاوە و پێکـەوە وشـەیەکی لێکدراویـان دارشـتووە و لەبەکارهێنانـی هەناسـەدا بەدیاریخسـتووە، کـە مەبەسـتی هەناسـەیە، نـەك واتایەکـی دی، بەمـە لەهەمـوو جـۆرە واتایەکـی دی جوداکردۆتــەوە.

وشـەی بـــا لـە جـاری دووەمـدا خراوەتەپـاڵ وشـەی دەچـێ، کـە کارە و پێکـەوە بـە هـاوکاری ئامـرازی پێوەنـدی بـــە فرێزێکـی نـاوی ـ کارییـان لەشـێوەی بـە بـا دەچـێ دارشـتووە و بەهەرسـێکیان واتایەکـی نوێیـان بەخشـیوە، کـە لـەم هۆنراوەیـەدا واتـای نەمـان و لەنێوچوونـی خـەم و خەفەتـی شـاعیر دەگەیەنێـت.

وشـەی بـــا لــە جــاری سـێیەمدا هــەر بەتەنیـا هاتــووە، لێرەشــدا واتایەکــی دی دەبەخشـێت، کــە مانــای هەتــا ئەگــەر دەگەیەنێــت.

دووبارەبوونـەوەی وشـەی بـــا بـۆ سـێ جـاران، بـەڵام بـۆ بەخشـینی مانـای جیـاواز لەپـاڵ جوانـکاری بووەتـە مایـەی دەوڵەمەندبوونـی بیـر و چـڕی واتـا و لـە هەمانـە کاتــدا هارمۆنییەکــی سازیشــی پێکهێنــاوە:

تەنیا بە بـــا ی هەناسەی تۆ

بە بـــا دەچێ

تەمی خەم و خەفەتی من

نوێنی مردن

بـــا لە تووکی (قوو) یش بێ زبرە (4)

لـە کۆپلـەی سـێیەمی پارچـە هۆنـراوەی بـــەراورد دا دووجـار وشـەی کەسـێ ، ژیابـێ و جێیـان دێڵـێ هاتـوون، بوونەتـە کەرەسـتەی پێکهێنـەری سـەرەکی دارشـتنی وێنـەی بـەراوردکاری، راسـتە ئـەم وشـانە لەهــەردوو کۆپلــە شـیعردا کەوتوونەتــە کۆتایــی دێـڕە هۆنراوەکـە ، بـەڵام مەبەسـتی بوێـژ ئەوەنـد لەبـەر سـەروا نەبـووە، ئەوەنـدەی مەبەسـتی لـە واتـای جیاوازبـووە، ئەویـش بـە کێشـانی وێنـەی هەڵسـەنگاندنی دووجـۆرە مرۆڤـە لەنێـو کۆمەڵـدا: یەکێکیـان هـەر بۆخـۆی ژیـاوە، بۆیـە ئەو ئاسـەوارەی

بەجێیـان دەهێڵێـت، ئـەو بەهـا و نرخەیـان نیـە، کـە ئاسـەواری کەسـێك بـۆ کۆمـەڵ و دەوروبـەری و بـۆ مرۆڤایەتـی ژیابێـت، ئـەوا یادگارەکانـی دەبـن بـە مایـەی نەمری کەسـەکە، بەمجـۆرە دیـد و بۆچوونـی بوێـژ لەگـەڵ دیـدی کەسـانێك، کـە بۆخۆیـان دەژیـن، زۆر بەئاشـکرا دەترازێـت:

ئەو ئاسەوارانەی کەسێ
تەنیا هەر بۆ خۆی ژیابێ
جێیان دێڵێ ،
دەستیان ناگاتە داوێنی
ئەو یادگارانەی کەسێ
لە رێی خەلکیدا ژیابێ
جێیان دێڵێ (5)

**جۆری دارشتنی وێنەی شیعری**

دارشـتنی وێنـەی شـیعری لەسـەر شـێوەی دارشـتنی بازنەیـی، یـان دارشـتنی درامـی دەبێـت، زۆربـەی شـیعرەکانی حەمەسـەعید حەسـەن لەسـەر شـێوەی دارشـتنی درامـی بنیاتـنراون، بـۆ لێـدوان لـە جـۆری دارشـتنی درامـا و سـیماکانی لەنێـو هۆنراوەکانـی شـاعیری نێوبـراودا پارچـە هۆنـراوەی ناڵـەی سـوارێکی گلاوم بـە وێنـە هێناوەتـەوە و لـەو رەگەزانـەی درامـام کۆڵیوەتـەوە، کـە دەقـە شـیعرییەکە لەخـۆی گرتـوون.

**هۆی هەڵبژاردنی پارچە هۆنراوەی ناڵەی سوارێکی گلاو**

هەڵبژاردنـی پارچـە هۆنـراوەی ناڵـەی سـوارێکی گلاو م لەبـەر ئـەم هۆیانـەی ژێـروو لـەرووی دارشـتنی درامییـەوە خسـتە ژێـر تیشـکی لێکۆڵینـەوە:

ـــ بابەتـی روودراوی نێـو ئـەم پارچـە هۆنراوەیـە، کـە کۆتایـی هێنانـە بەچیرۆکـی خۆشەویسـتی، لەنێـو بەرهەمـی بیـری شـاعیرانی رابـردوودا هەبـووە، ئێسـتەش مرۆڤـ هەیـە بەدەسـتێوەی دەناڵێـت. هەتـا ژینیـش بەردەوامبێـت لـە داهاتـوودا دووبارەدەبێتـەوە. کەواتـە رووداوەکـە کێشـەیەکی کۆمەڵایەتـی زینـدووە و شـایەنی لێکدانەوەیـە.

ـ هەڵوێسـتی زۆربـەی هـەرەزۆری شـاعیرانی سـەردەمانی پێشـوو، هـەروا هاوچـەرخ

بۆ بەردەوامنەبوونی خۆشەویستی و باری لێکدابڕانی دڵداران وەك هەر دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی دژێو بۆ ڕەگەزی مێینە دەگەڕێندرێتەوە! ئایا هەردەم وایە؟

ـــ جیاوازی بیری شاعیر لەگەڵ شاعیرانی پێش خۆی لەبەرامبەر ڕوودانی ڕووداوی درامای ئەم دەقە شیعرییە، کە لێرەدا شاعیر لەنێو دیالۆگی دەقەکەدا هەر تەنیا ڕەگەزی مێینەکە بە بکەری ڕووداوەکە دانانێت، بەڵکو خۆشی بکەری ڕووداوەکەیە، ئەمە جیاوازییەکی دیارە لەگەڵ بیری زۆربەی پیاوانی دی کورددا.

**ڕەگەزەکانی دراما لەنێو هۆنراوەی ناڵەی سوارێکی گلاو دا**

**ڕووداو:**

بوێژ چەند ڕووداوێکی هێناوەتە نێو ئەم پارچە هۆنراوەیە و لێیان دواوە، وەستایانە هەمووی بە زمانێکی پاراو و وشەی گونجاو دارشتووە و لە هەمان کاتدا بە خودی خۆیەوە پێوەستیکردوون.

ڕووداوەکان دوو جۆرە ڕووداون:

1 ـ ڕووداوی سروشتی، کە لە کۆپلەی یەکەمدا وێنەی کێشاون وەك: داکردنی باران، هەڵکردنی شەماڵ ، داگیرساندنی ئەستێرە و زەرەر و زیانی زریان، کە هەمووی بۆ وەسفکردنی ئەو ڕووداوە هێناوەتەوە، کە خۆی پێیدا تێپەریوە.

2 ـ ڕووداوی کەسی، کە پێوەندی نێوان خۆی و کەسی دووەمی تاك دەگرێتەوە و لەنێو هەموو هۆنراوەکەدا لێیدواوە.

کۆپلەی یەکەم سێ باری لێك جیاوازی شاعیر دەنوێنێت، کە بەرێگەی هێنانەوەی ڕووداوە سروشتییەکان وێنەیانی نەخشاندووە و مەبەستی سەرەکیشی لەم دیمەنانە پێشاندانی چۆنیەتی گۆرینی دۆخی هەبوونی شاعیرە:

1) دۆخی شاعیر بەر سەرهەڵدانی ئەڤینی ـ بەشەو چوواندووە.

2) دۆخی سەرهەڵدانی ئەڤینی ـ بە داگیرسانی ئەستێرە ـ ڕووناکی چوواندووە.

3) دۆخی کۆتایی پێهاتنی ئەڤینی ـ بە هەڵکێشانی درەختی بوونی چوواندووە.

سەرەتای گێرانەوەی ڕووداوەکە بە چەند دیاردەیەکی سروشتی وەك باران، شەماڵ و ئەستێرە بەستۆتەوە، کە هەر هەموویان واتای پۆزەتیڤ دەبەخشن، کەچی یەکسەر هەر لەدوای ئەم ڕووداوانە هەواڵێکی ناخۆشمان پێرادەگەیەنێت ، کە بە وشەی زریانی بەستۆتەوە.

شاعیر لە کۆپلەی یەکەمدا سەرەتا، ناوەڕۆك و ئەنجامی درامای ئەم پارچە هۆنراوەیەمان لەسێ وێنەی جیاوازدا دەخاتە بەردەست.

لە کۆپلەی دووەمی پارچە هۆنراوەکەدا شاعیر وێنەیەکمان بۆ دەکێشێت، کە کاتەکەی دەگەڕێتەوە نێوان کاتی سەرهەڵدان و دەمی کۆتایی پێهاتنی ئەڤینی و تێیدا ناخی دەروونی خۆی بەرامبەر بە کەسی دووەمی تاك پێشاندەدات و بەشێنەیی رادەی متمانەیی خۆی بۆ دڵخوازەکەی دەگێڕێتەوە و ئاماژە بە پیرۆزی عیشقی نێوانیان دەکات، بۆیە هەرگیز لەو باوەڕەدا نەبووە، کە ئەم عیشقە خوداییە کۆتایی پێبێت.

لە کۆپلەی سێیەمدا هۆی رووداني کۆتایی هاتن بە چیرۆکی ئەوینییان دەگێڕێتەوە، کە کەسی دووەمی تاکە، هەڵبەت رەگەزێکی مێینەیە و بە فریودان تاوانباری دەکات.

هەر لەم کۆپلەیەدا شاعیر هەواڵێکی دیمان پێدەبەخشێت، کە زۆر پێوەستە بەخۆیەوە ئەویش ئەوەیە، کە بە رێگەی فریودانییەوە بۆی دەرکەوت، کە شاعرێکی خۆشبڕوایە!

لە کۆپلەی هەرەدواییدا وێنەی کاریگەری ئەنجامی ئەم رووداوانەمان بۆ دەکێشێت، کە شاعیر سوارێکی گلاوی بریندارە، کەچی بەهیچ جۆرێك کەسی دووەمی تاك بریندارناکات، بەڵکو لۆمەی خۆی دەکات.

**بــکــەری رووداوەکانی هۆنراوەی ناڵەی سوارێکی گلاو**

لە کۆپلەی یەکەمدا، کە وێنەی رووداوان و دیاردەی سروشت دەنوێنن، سێ بکەر بەشداری لە رووداوەکان دەکەن، کە بریتین لە: باران، شەماڵ، ئەستێرە. لەبارەی بکەری سێیەم لێرەدا پێویستە ئەمە روونبکرێتەوە، کە چاو بکەرەکەیە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەوەند کاری داگیرسان لەگەڵ چاو دا ناگونجێت، بۆیە چاوەکەی بە ئەستێرە چوواندووە و چاوی وەك ئەستێرە دنیای تاریکی رووناککردووە:

وەك باران
چۆن مۆڵەت ناخوازێ و دادەکا،
وەك شەماڵ
چۆن بێ پرس هەڵدەکا،

ئەستێرەی چاوی تۆیش
وا خۆرسك
لە شەوی ژینمدا داگیرسا،
...
بکەری کۆپلەی دووەم ، برێتییە لە کەس ، کە شاعیر خۆیەتی.
ئەوەندە متمانەم پێت هەبوو
لام وابوو
ئەوینمان عیشقێکە خودایی
...

بکەری کۆپلەی سێیەم لە دارشتنی دوو دێڕی سەرەتای پارچە هۆنراوەکەدا کەسی دووەمی تاك، کە مێینەیە و ئەو بکەری سەرەکی کۆتایی پێهاتنی چیرۆکی ئەڤینییە. کاری بکەرەکە فریودانە، بەڵام لە هەمان کۆپلەدا بکەرێکی دیش بەشداری لە کۆتایی پێهێنانی چیرۆکی ئەڤینیان دەکات، کە ئەویش شاعیرە خۆی، کە خۆشبڕوابووە.

ئەگەر تۆ وا ئاسان
فریوت نەدابام،
من چۆنم زانیبا
ئەوەندە خۆشبروام؟

لە کۆپلەی هەرەدوایی هۆنراوەکەدا دیسانەوە ئەوەمان بۆ رووندەبێتەوە، کە شاعیر بەشداری لە کۆتایی پێهاتنی چیرۆکی ئەڤینییان دەکات، بەڵگەش دانپێدانانێتی، کە بازی کاڵفامی خۆی دەدات.

سوارێکی گلاوی ئەنگاوتەم،
زەکاتی کاڵفامی خۆم دەدەم. (6)

**کەسیەتی بکەرەکان:**

لەم پارچە هۆنراوەیەدا چەند جۆرە کەسیەتییەك نواندراون:

1 ـ دیاردەکانی سروشت: باران، شەماڵ،ترووسکەی ئەستێرە و زریان.

2 ـ شاعیر خۆی، کە راستەوخۆ لەو بارە دەروونی ناهەموارەی خۆی دەدوێت،

کـە دووچـاری بـووە.

3 ـ خۆشەویستەکەی، کە کەسی دووەمی تاکە.

لەنێـو ئـەم سـێ جـۆرە پاڵەوانانـەی نێـو ئـەم پارچـە هۆنراوەیـەدا دەبینیـن، هـەر دەنگـی شـاعیر زاڵـە بەسـەر کەسـەکانی دیـدا.

دیالۆگـی نێـوان بکـەرەکان : بوێـژ لـەم پارچـە هۆنراوەیـەدا بـۆ دەربڕینـی ناخـی دەروونـی و بـۆ گەیاندنـی بـە وەرگـرەوە بەرێگەیەکـی سـانا، پەنـای بـۆ زمانـی دیالـۆگ بـردووە. شـاعیر بـە وشـەی واتـادار و شـیرین و زینـدوو گفتوگـۆ لەگـەڵ کەسـی دووەمـی تـاك کـردووە و هەمـوو رازێکـی دڵـی خـۆی بـۆ ئاشـکراکردووە. بوێـژ لـەم گفتوگۆیـەدا راسـتگۆیانە و راشـکاوانە لـە خـۆی و لـە بەرامبەرەکـەی دواوە و مەبەسـتی سەرەکیشـی پەیداکردنـی بەندیوارێکـی بەتیـن لەنێـوان ناوەڕۆکـی هۆنراوەکـە و وەرگـرە، کـە ئەویـش بـە رێگـەی ململانێـی هەمـوو جـۆرە جموجۆڵێکـی پێوەنـدی بـە ناوەرۆکـی هۆنراوەکـەوە هەیـە.

**جۆری بــزاوی بکەرەکان:**

شـاعیر سـەرەتا هۆنراوەکـەی بەچەنـد بزاوێکـی دیـاردەی سروشـتی باسـکردووە ، وەك: بـاران ، شـەماڵ و زریـان کردوونـی بـە دەسـتپێکی بابەتـی سـەرەکی هۆنراوەکـەی و ئـەم دیاردانـەش هـەر هەموویـان هێـزی بزوێنـەرن، بوێـژ زۆر هۆشـیارانە مامەڵـەی لەگـەڵ کـردوون، بۆیـە توانیویەتـی جووڵـەی ئـەم هێـزە بزوێنەرانـە بخوازێـت و بیانگوازێتـەوە بۆنێـو ئـەو دوو بـزاوە گرنگـەی لـە ژیانیـدا روویانـداوە، کـە برێتیـن لـە: بـزاوی سـەرهەڵدانی ئەڤینـی و دواتـر بـزاوی کۆتایـی پێهاتنـی، کـە ئـەم جووڵـەی هەرەدوایـی بـوو بـە مایـەی جووڵاندنـی بوونـی ژیانـی، وەك درەختێـك لـە رەگ و ریشـەوە هەڵکێشرێـت.

کاتی رووداوەکان

کاتی روودانی رووداوەکان بەم شێوانەی خوارەوە خۆی دەنوێنێت:

1 ـ بـە پێـی دەمکاتـی ئـەو کارانـەی رووداوی رووداوەکان دەردەبـڕن کات بـۆ رابردوو دەگەڕێتـەوە، بـەڵام رابردوویەکـی نادیـار، وەك: داکردنـی بـاران، هەڵکردنی شـەماڵ و..

2 ـ کاتـی سـەرهەڵدانی ئەڤینـی بـۆ هەڵاتنـی ئـەو ئەسـتێرەیە، کـە لـە شـەوەزەنگی ژیانیـدا لێیهەڵاتـووە.

3 ـ بەرێگـەی مامەڵەکردنـی شـاعیرانەی شـاعیر لەگـەڵ دیـاردە سرووشـتییەکانی وەك: بـاران ، شـەماڵ ، زریـان، ئـەوە بەدەردەکەوێـت، کـە هەمـوو وەرزەکانـی سـاڵی لـە یـەك کاتـدا کۆکردوونەتـەوە و بـۆ دەستنیشـانکردنی کاتـی رووداونـی رووداوی لێکدابڕانـی لەگـەڵ خۆشەویسـتەکەی دەمـی هەڵتەکانـدن و هەڵکێشـانی دار و درەختـی هەڵبـژاردووە، کـە ئەویـش وەرزی پایـزە.

لەگـەڵ ئـەوەی ئـەم سـێ جـۆرە کاتانـە لـە هۆنراوەکـەدا بەدیدەکرێـن، کەچـی هیچیـان کاتـی رووداوی هەژێنـەر و بزوێنـەری خولقاندنـی پارچـە هۆنراوەکـە، کـە لێکدابڕانـە نازاندرێـت کـەی بـووە؟

شوێن : نەبینراوە، بەڵام هەستپێکراوە، کە ئەویش خودی بوونی شاعیرە.

## ئـەنـجـام

ئـەم لێکۆڵینەوەیـە هەوڵدانێکـە بـۆ تۆژینـەوە لـە ئاسـتی زمـان لەنێـو بەرهەمـی بیـری شـاعری کـورددا.

حەمـە سـەعید حەسـەن بەرێگـەی دەوڵەمەندبوونـی لـە وشـەی فەرهەنگـی و شـارەزایی لـە هەڵبژاردنـی پەیڤەکانـی بـۆ بیـری دەربـڕاوی و هـەروا ئـەو رۆشـنبیرییەی ، کـە هەیەتـی توانیویەتـی وێنـەی جـوان لەنێـو دنیـای تەلیسـماوی شـیعردا دابڕێژێـت. هـەر پارچـە هۆنراوەیەکـی بوێـژ تابلۆیەکـی رەنگینـە، هەسـت بـە بابـەت و رەنـگ و دەنگـی دەکرێـت.

حەمەسـەعید لەرێگـەی هونـەری لێکچوانـدن، دژواتـا و دووبارەبوونـەوەی وشـە جوانتریـن وێنـەی شـیعری دارشـتووە.

بکـەری رووداوانـی وێنـە شـیعرییەکان چـی خـودی شـاعیر خـۆی بێـت، یـا کەسـێکی مێینـەی پاڵەوانـی خەونەکانـی، یـان دیـاردەی سروشـتی و.. بـن، زۆر لێزانانـە و هونەرانە بـە وشـەی گونجـاو خۆشـی و ناخۆشـی ئـازاری رۆحـی بکەرەکانـی دارشـتووە.

لـە ئەنجامـی ئـەم لێکۆڵینەوەیـەدا بۆمـان دەردەکەوێـت، کـە حەمەسـەعید حەسـەن خـاوەن زمانێکـی شـیعری پـاراوە. ئاسـتی زمانـی یەکجـار بـەرزی هەیـە لـە بـواری بەکارهێنانـی وشـە و فرێـز، کـە پڕاوپڕی ئـەو بیرۆکـە و بابەتەیـە، کـە لێـی دواوە. ئـەم جـۆرە دارشـتنانە بەشـدارییەکی کارای لـە پێشـاندانی بـاری دەروونـی شـاعیر کـردووە،

کە لەرێگەی وشە و فرێزەوە بەرجەستەیکردووە.

پەراوێز و سەرچاوە:

(*) ئەم بابەتە لە بەرگی 2 ی ژمارە 4 ی ئابی 2017 دا لە کۆڤاری قەڵای زانست دا بڵاوکراوەتەوە.


1/ حەمەسەعید حەسەن. ئەڤیننامە. چاپی دووەم. هەولێر 2011 ل. 16

2 / سەرچاوەی پێشوو. ل. 16

3 / سەرچاوەی پێشوو. ل. 16

4/ حەمەسەعید حەسەن. چۆن دڵت هات جێم بهێڵی. هەولێر 2011 ل. 35

5/ ئەڤیننامە ل.108 و 109

6/ سەرچاوەی پێشوو. ل. 51 ـ 530

7 / К. р. Эйюби. И.А. Смирнова. Курдский Диалект Мукри. ленинград 1968.

8/ کوردستان موکریانی. ئافرەت لە هۆنراوەی کوردیدا. سلێمانی 1987

9/ کوردستان موکریانی. ناو لە رستەی کوردیدا. کۆڤاری زانکۆ. ژمارە 1. بەرگی 7. سلێمانی 1981

10/ کوردستان موکریانی. ئاوەڵناو لە رستەی کوردیدا . کۆڤاری کاروان. ژمارە 5 . هەولێر 1983

11/ کوردستان موکریانی. سینتاکسی رستەی سادە لە زمانی کوردیدا. بەغدا 1986

12/ کوردستان موکریانی. سینتاکسی رستەی کوردی. هەیرنفەین 1997. هەولێر 2000

13/ د. وریا عومەر ئەمین. ئاسۆیەکی تری زمانەوانی. بەرگی یەکەم. چاپی یەکەم. هەولێر 2004

14/ دوکتۆر مارف خەزنەدار. مێژووی ئەدەبی کوردی. هەولێر. چاپی دووەم 2010

15 / Boogaard، Marianne، and Janssen، Mathilde. Alles wat je altijd al had willen weten over taal: De taalcanon. Amsterdam: J.M. Meulenhoff، 2012.

## وشـــەی پێشـنـیـاز
## چـۆن بـوو بــە پێشـنـیـا ر

هەولێر 9/9/2014

چەنـد ڕۆژێـك لەمەوبـەر لـە پێشـانگەیەکی کتێـب بـووم لـە هۆڵـی میدیـا. وەك هـەر جارێـك بـەر لـە کڕینـی هـەر کتێبێـك، تەماشـایەکی ناوەڕۆکـی دەکـەم. کتێبـی نووسـینەکان لـە بەرهەمـی بەڕێـز سـەلام عەبدوڵـڵا لـەو پەرتوکانـە بـوو، کـە چاوێکـم بـە ناوەڕۆکەکـەی خشـاند. یەکـەم بابەتـی ئـەم بەرهەمـە بەنێـوی پێشـنیار بـوو. نووسـەر بەرلـەوەی پێشـنیازەکەی بخاتـەڕوو وشـەی پێشـنیار شـیدەکاتەوە و شـك لـە دارشـتنەکەی دەکات، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا هـەر پێشـنیار بەکاردێنێـت.

زۆر لـە نووسـەران لەکاتـی نووسـیندا پێویسـتییان بـە وشـەیەك دەبێـت، کـە لەنێـو فەرهەنگـی کوردیـدا دەسـتیان ناکەوێـت، ناچـار وشـەیەکی ئـەو زمانـە بێگانەیـەی، کـە دەیزانـن بەکاردەهێنـن. نووسـەر هەیـە لەخۆیـەوە وشـەیەك دادەڕێژێـت، بەبـێ ئـەوەی ڕەچـاوی دەسـتووری زمانـی کـوردی بـکات. بـۆ وێنـە وشـەی زانکـۆ لـە ڕەگـی

زانیـن ـ زان + کـۆ دارێـژراوە. لێـرەدا مەبەسـتی سـەرەکی دارێـژەر نێزیکبـوون و واتـا گەیاندنـی وشـەی جامعـە بـووە زێـتر، تـا دارشـتنی بەپێوانـەی وشـەی دارێـژراوی کـوردی، کـە دەبـا کـۆزان بـا نـەك زانکـۆ.

گیـو موکریانـی ـ باوکـی فەرهەنگـی کـوردی زۆر لێزانانـە وشـەی نوێـی دەخسـتە نێـو فەرهەنگـی کوردییـەوە. جـا چـی بەرێگـەی فەرهەنگەکانـی و چـی لـە رێگـەی کۆڤـاری هەتـاو (1954/5/15 ـ 1960/10/15).

وشـەی پێشـنیاز لـەو وشـانە بـوو، کـە لەنێـو لیسـتێکی وشـاندا لـە کۆڤـاری هەتـاودا بڵاویکـردەوە. مەولـود یـەك لـەو تیپچنانـە بـوو، کـە ئەوسـا لـە چاپخانـەی کوردسـتاندا کاریدەکـرد. لـەو سـەردەمەدا تیپـەکان لەنێـو خانەخانەدابـوون، تیپ تیـپ کۆدەکرانەوە و لەپـاڵ یەکـتر دادەنـدران، تـا وشـەیەکیان پێکدەهێنـا. خانـەی تیپـی ( ر ) و تیپـی ( ز ) ێ لـە تەنیشـت یەکـتربوون. مەولـود لەکـاتی تیپچنینـی وشـەی پێشـنیازدا تیپـی ( ر ) ێـی لـە شـوێن تیپـی ( ز ) دانـاوە. وشـەکە بـوو بـە پێشـنیار. خەڵکـی لـەم سـەرچاوەوە هـەر بـە پێشـنیار بـەکاری هێنـا.

گیـو موکریانـی وشـەی پێشـنیازی لـە پێـش + نیـاز دارشـتووە. وشـەی پێـش و نیـاز لەنێـو فەرهەنگـی کوردیـدا هـەن، بـەڵام نیـار نییـە.

گیـو زۆری هەوڵـدا، کـە راسـتییەکە بخاتـە بـەردەم خوێنـەران، بـەڵام تـازە کارلـەکار ترازابـوو، زۆربـەی نووسـەران و ئێسـتەش زۆربـەی رۆژنامەنـووس و پەیامنێـران و... هـەر پێشـنیار بەکاردەهێنـن.

مـن هەرچەنـد گوێـم لـە وشـەی پێشـنیازدەبێت، یـان لـە خوێندنـەوەدا بەرچـاوم دەکەوێـت هـەر ئـەو کسـەیەی باوکـم دێتەوەیـاد، کـە دەیگـوت: بریـا مەولود هـەردوو چـاوی کوێربووبـا، تـا وشـەیەکی ناراسـتی وەك وشـەی پێشـنیار لـە برێتـی پێشـنیاز نەخسـتبا نێـو فەرهەنگـی کوردیـدا.

## دەوری گوێگرتن
## لە تێگەیشتنی هەر زمانێکدا

هەولێر 14 / 9 / 2014

گوێگرتــن رەگەزێکــی گرنگــە بــۆ تێگەیشــتن و هــەروا فێربوونــی هــەر زمانێــك. هێندێکجـار هـەر بەتەنیـا بەرێگـەی گوێگرتنـەوە دەتوانیـن لـە زمانێـك بگەیـن، بەبـێ ئـەوەی کسـەی پێبکەیـن.

تاکێکـی کـورد، کـە لـە خاندنگـە زمانانـی دەوروبـەری نەخوێندبێـت رووبـەرووی کەسـانێك بێـت بـە زمانانـی ئەرەبـی، تورکـی و فارسـی بدوێـن، ئایـا ئـەو تاکـە لێیـان تێـدەگات؟

لــە رووی ئــەوەی زمانــی فارســی خزمایەتــی لەگــەڵ زمانــی کوردیــدا هەیــە. وێکچوونێـك لـە هێندێـك وشـەی فەرهەنگیـدا لەنێـوان زمانـی کـوردی و فارسـیدا هەیـە ، تاکـی کـورد هەسـت بـە نێزیکایەتـی ئـەو زمانـە لـە زمانـی خـۆی دەکات، بۆیـە زێـتر

تێیـدەگات، تـا زمانانـی ئەرەبـی و تورکـی ، کـە ئەمانـە سـەر بـە خێزانانـی جـودان. ئەمـڕۆ بەهـۆی زۆربوونـی کەناڵەکانی پێوەنـدی نێـوان خەڵـك، تێگەیشـتن لـە زمانێـك، کـە کسـەی پێناکرێت سـانا بـووە. بەرێگـەی رادیـۆ و تەلەڤزیـۆن و تۆرەکۆمەڵایەتییەکان و..دەتواندرێـت لـە کسـەکەرێکی ئـەرەب، تـورك و هەتـا ئینگلیزێـك بگەیـن.

لاوی کـورد هــەن، بەرێگــەی درامـای تەلەڤزیۆنــی بــە باشــی لــە زمانــی کــووری دەگــەن، بەبــێ ئــەوەی کســەیان پێکردبێــت. ســاڵانی پێشــتر گەنجــی کــورد هەبــوو بەرێگــەی فیلمــی هینــدی خــۆی فێــری زمانــی هینــدی کردبــوو.

بـۆ تێگەیشـتن لـە هـەر زمانێـك تەنیا گوێگرتـن مـەرج نییـە، بەڵکـو پێویسـتە گوێگـر و کسـەکەر هەردوویـان ئامادەیـی ئەوەیـان تێـدا هەبێـت، کـە لـە بەرامبەرەکەیـان بگـەن، بـۆ وێنـە: تـا راپەرینـە مەزنەکـەی بەهـاری 1991 بـە هـەزاران ئـەرەب لـە باشـووری کوردسـتاندا هەبـوون. بـە دەیـان سـاڵ تێیـدا دەمانـەوە، بـەڵام هەرگیـز ئامادەیـی ئەوەیـان تێـدا نەبـوو، کـە لـە زمانـی کـوردی بگـەن، چونکـە ئەرەبەکـە خـۆی بـە دەسـەڵاتدار دادەنـا و زمانەکـەی خۆشـی بـە زمانێکـی پیـرۆز. ئێسـتە بەپێچەوانـە هـەر ئـەو ئەرەبـەی داگیـرکاری دوێنـێ ئەمـڕۆ لـە کوردسـتاندا نـەك هەوڵی تێگەیشـتنی زمانـی کـوردی دەدا، بەڵکـو هــەوڵ دەدات خــۆی فێــری زمانــی کوردیــش بــکات و کسەشـی پێبـکات و هێندێکجاریـش بڵێـت مـن بـە رەچەڵـەك کـوردم.

بـەر لـە راپەریـن کـورد نـەك هـەر لـە باشـووری کوردسـتاندا، بەڵکـو لـە پارچەکانـی دیشـدا ناچـار بـوو، نـەك هـەر لـە زمانـی داگیرکارانـی ئـەرەب و تـورك و فـارس بـگات، بەڵکـو دەبـا فێریشـی ببێـت و کسەشـی پێبـکات.

تەنیـا زانینـی وشـە و دارشـتنی نابنـە مایـەی لێکگەیشـتن، بەڵکـو کسـەکەر و گوێگـر هــەردوولا ، کــە زانییــان لەســەر چ بابەتێــك دەدوێــن، بەبــێ بەکارهێنانــی زمانــی جەسـتەش، ئەوسـا نیـو وشـەیان بەسـە بـۆ ئـەوەی لـە مەبەسـتی یەکـتر بگـەن.

گوێگرتـن لـە زمـان تاکـە رێگـەی تێگەیشـتن و بنیاتنانـی پێوەندی نێـوان زمانانـدا نییە، بەڵکـو گوێگرتـن رەگەزێکـی هاریـکاری باشـە بۆ تێگەیشـتن لـە زمانانـی جۆراوجۆر.

ئەگـەر گوێگرتـن لـە زمانانـی دی بـەو رادەیـە ببێـت بـە مایـەی تێگەیشـتن ،کەواتـە ئێمــەی کــورد لەپێنــاو هێنانــەدی زمانێکــی هاوبــەش بەرامبــەر بــەو جەنگــەی بەســەرماندا ســەپێنراوە، زۆر پێویســتیمان بــە گوێگرتــن لــە یــەك هەیــە.

# پەرەسەندنی زمانی
# کوردی و مەترسییەکانی

پەرەسـەندنی زمـان ئـەو گۆڕانگارییەیـە، کـە لـە قۆناغێـك لـە قۆناغـەکان بەسـەر زمان دادێـت، وەك پێداویسـتییەکی ئـەو گۆڕانکارییانـەی، کـە لـە بوارەکانـی ژیانـی کۆمەڵـدا ڕوودەدات، بەمـە زمـان ئەرکـی پێکگەیشـتن و بەردەوامبوونـی خـۆی دەنوێنێـت.

گۆڕانـکاری جڤاکـی، ڕۆشـنبیری، ئابـووری، ڕامیـاری و.. لـەو هۆیـە دەرەکییانـەن، کـە بەشـداری لـە پەرەسـەندنی زمانـدا دەکـەن. لێـرەدا ئـەو پرسـیارە سـەرهەڵدەدات تـا چەنـد ئـەو گۆڕانـەی بەسـەر وشـەی فەرهەنگـی و دارشـتنی ڕسـتەدا دێـت لەبـەر ڕۆشـنایی ئـەو یاسـا باوانـە دەبـن، کـە پێشـتر پێڕەوکـراون؟

بێدەوڵەتـی گەورەتریـن لەمپـەر و هـۆی سـەرەکی نەبووژانـەوەی زمانـی کـوردی بـووە، هـەر بۆیـە بەسـەدان سـاڵ زمـان وەك ئامرازێکـی لەکارکەوتـوو بـووە. هـەر کوردێکـی ڕووناکبیریـش هەڵکەوتبێـت بـە زمانـی داگیرکەرانـی کوردسـتان بەرهەمـی بیـری خـۆی نووسـیوە. لەنێـو کـورددا بـە دەگمـەن کەسایەتێکی نەتەوەخـوازی وەك: مـەلای جزیـری، ئەحمـەدی خانـی، حاجـی قـادری کۆیـی، نالـی، سالم، کـوردی، وەفایـی، ئـەدەب، ئەدیـب و.. هەڵکەوتـوون، تـا بـە زمانـی کـوردی بەرهەمـی بیـری خـۆی

بۆمـان تۆماربـكات.

زمانی کوردی لە دوو باردا بووژاوەتەوە:

یەکەمیـان، کـە کـورد نیمچـە دەسـەڵاتێکی وەدەستخسـتووە، بەڵگـەش بـۆ ئەمـە سـەردەمی حوکمرانـی مەلیك مەحمـوود لە باشـوور، کۆماری کوردسـتان لـە رۆژهەڵات، هـەر چوارسـاڵی ئۆتۆنۆمـی سـاڵ 1970 ـ 1974 و لـە راپەڕینـی بەهـاری 1991 ەوەش تـا ئەمـڕۆ.

دووەمیـان: پەیدابوونـی رۆژنامـە بـە زمانـی کـوردی. رۆژنامـە لـە سـەرەتای سـەدەی رابـردوودا تاکـە کەناڵـی راگەیانـدن بـوو. مـن رۆژنامـە لـەو سـەردەمەدا بـە شۆرشـێکی رۆشـنبیری دەژمێـرم، چونکـە پێداویسـتی رۆژانـە وای لـە خـاوەن رۆژنامە و نووسـەرانی کـردووە، کـە بـەدوای وشـەی کوردیـدا بگەڕێـن، وشـە بەپێوانـەی دەسـتووری زمانـی کـوردی دارێـژن. رسـتە بـە زمانێکـی کـوردی پەتـی بەکاربهێنـن.

زمانـی هاوڵاتیانـی هـەر وڵاتێـك تەنـێ لـە یـەك دیالێکـت پێکنەهاتـووە، بەڵکـو لـە چەنـد دیالێکتێـك پێکهاتـووە، جیـاوازی ئـەوان لەگـەڵ ئێمـەدا لەوەدایـە، کـە ئـەوان خـاوەن زمانێکـی فەرمیـن و ئەکادیمیایەکـی زمانیشـیان هەیـە کار لەسـەر بووژانـەوە و پەرەسـەندنی زمانـە فەرمییەکـە دەکات بـۆ ئـەوەی لەگـەڵ گۆرانکارییـە خێراکانـی دنیـادا هاوشـانبێت. تاکەکانـی ئـەو وڵاتـەش ئەوەنـد هۆشـیار پەروەردەکـراون بـە زمانەکەیـان دەنـازن و پیـرۆزی زمانەکەیـان بـە کـردەوە پێشـانداوە و دەدەن.

ئێمـەی کـورد لـە مـاوەی ئـەو بیسـت وچـوار سـاڵەی فەرمانرەوایەتیـدا(2015) هەتـا ئێسـتا نـە ئەکادیمیـای زمـان و نـە کەناڵێکـی راگەیاندنـی نـووسراو، بیسراو و بینراومـان هەیـە، کـە زمـان حاڵـی میـری کـوردی بێـت بۆئـەوەی تاکـی کـورد بزانێـت کامـە دیالێکـت زمانـی فەرمـی باشـووری کوردسـتانە. سـەرباری ئەمانـەش ئەوەنـدەی لـە داوودەزگەکانـی خوێندنـدا بایـەخ بـە زمانانـی بێگانـە دەدرێـت ئەوەنـدەی تۆزقالێـك ئـاور لـە زمانـی کـوردی نادرێتـەوە.

ئـەم بـارەی لـەژووروودا لێیـدوام وایکـردووە، کـە لـە باشـووری کوردسـتاندا دوو دیالێکـت هەریـەك بـە جیـاوازی گەشـەبکات و بووژێتـەوە. مـن لـەو بـاوەڕەدام، ئەگـەر ئـەم بـارە هـەروا بـڕوات مەترسـی ئـەوە دێتەپێشـەوە ئـەم دوو دیالێکتـە بـبن بـە دوو زمـان و دۆزی نەتەوەییـمان ئاڵۆزتربـکات.

## باشترین سۆنی
## نـــەك
## × باشترینی سۆنی ×

رۆژانــە تاکــی کــورد لــە هەولێــری پایتەختــی باشــووری کوردســتاندا بــە دەیــان ریکلامــی لــە جــادەکان بەرچاودەکەوێــت. ریکلامــەکان بــە زمانانــی کــوردی، ئــارەوی و ئینگلیــزی نــووسراون. هێندێــك لەوانــەی بــە زمانــی کــوردی نــووسراون وەرگێرانێکــی ناراســتە لــە زمانانــی بێگانــەوە. ئەمــە زیانێکــی گــەورە بــە زمانــی کــوردی دەگەیەنێــت.
فەرمــوون ســەیربکەن ســۆنی لەســەر تێکدانــی زمانــی کوردیــدا چ داخۆییانییەکــی بــۆ کەلوپەلــی خــۆی کــردووە:

**× باشترینی سۆنی بۆ باشترینی ئێوە.**
لــەرووی ئــەوەی فرێــزی دیارخــەری باشــترینی ســۆنی هــەروەك فرێــزی دیارخــەری باشــترینی ئێــوە دارێــژراوە. مــن لێــرەدا هــەر تەنیــا فرێــزی یەکــەم شــیدەکەمەوە:

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| × باشترین | + | ـ ی | + | سۆنی |
| ا | | ا | | ا |
| دیارخەر | | ئامرازی خستنەسەر | | دیارخراو |

باشــترین = بــاش + ـ تریــن : لێــرەدا دیارخــەرە. لەنێــو بەشــەکانی ئاخاوتنــدا ئاوەڵنــاوە

و بەهـۆی نیشـانەی ـ تریـن لـە پلـەی بـاڵا دایـە.

لـە یاسـای سینتاکسـی زمانـی کوردیـدا ئاوەڵنـاوی پلـەی ئاسـایی، یانـی ئاوەڵناوێـك نیشـانەی ـ تـر ی بـەراوردکاری و نیشـانەی ـ تریـن ی پلـەی بـاڵای پێـوە نەلکابێـت، هـەردەم دەکەوێتـە دوای نـاوەوە، وەك:

**سۆنی باش. ئێوەی باش.**

| سۆن | + | ی | + | باش |
|---|---|---|---|---|
| دیارخراو | | ئامرازی خستنەسەر | | دیارخەر |

لـەو بارانـەدا، کـە بـاش لـە پلـەی بـاڵا دەبێـت، یانـی نیشـانەی ـ تریـن ی پێوەلکابێت: باشـترین لـە فرێـزی دیارخەریـدا بـە پێـش دیارخـراوەوە دەکەوێـت ، ئەوسـا پێویسـتی بـە ئامـرازی خستنەسـەری ـ ی نابێـت:

| باشترین | + | سۆنی | = | باشترین سۆنی |
|---|---|---|---|---|
| دیارخەر | | دیارخراو | | فرێزی دیارخەری |

ئەم داخۆیانە، پاژێکە لە هاماوی ئەو دەردانەی دووچاری زمانی کوردی بوون.

# تابلۆیەکانی پایتەخت ولەباربردنی
# هەوڵەکانی کۆڕی زانیاری کوردستان

هێندێکجار لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن باس لە تابلۆیەکانی پایتەخت و شارەکانی دی کوردستاندا دەکرێت. من بۆ مێژوو ئەو هەوڵانە دەخەمەروو، کە لەو ماوەیەی من سەرۆکی کۆڕی زانیاری بووم ( 25/12/2004 ـــ 26/11/2006 ) داومانە بۆئەوەی ئەوەند گلەیی نەکرێت بەوەی کەس خەمخۆری ئەم بارە نالەبارە نەبووە و نییە.

لەپێناو زێتر چەسپاندنی زمانی کوردی و بە ڕەوانی بەکارهێنانی، ئێمە لە کۆڕی زانیاری کوردستاندا بەپێویستمان زانی، کە بە تابلۆیەکانی پایتەختدا بچینەوە، بەتایبەت لەڕووی ناولێنان، جۆری ناولێنان، گونجانی لەگەڵ ناوەڕۆکەکەی ، زمانی نووسینی و ڕێنووسی و... بۆ وەدیهێنانی ئەم ئەرکە لێژنەیەکمان بەنێوی پێداچوونەوە بە تابلۆیەکانی پایتەخت دامەزراند. لێژنەی نێوبراو بە سەرۆکایەتی خۆم و ئەندامێتی بەڕێزان نوێنەرانی: وەزارەتی شارەوانی، وەزارەتی ڕۆشنبیری، پارێزگەی شاری هەولێرو دەزگەی گشتی گەشت و گوزار بوو. لەدوای دەیان کۆبوونەوە کۆمەڵێك پێشنیاز کران و خرانە بەردەم ئەنجومەنی کۆڕی زانیاری و پەسندکران و بڕیار لەسەرکارپێکردنیان درا.

ئێمە لەماوەیەکی کورتدا توانیمان ناونیشانی هەموو تابلۆیەکانی نێو شاری هەولێر کۆبکەینەوە. ئەو تابلۆیانەی، کە تێبینیمان لەسەریان هەبوو، جیامانکردنەوە.

فۆرمێکـی تایبەتیـمان ئامادەکـرد. لەپێنـاو ئەنجامدانـی ئـەم کارە لەگـەڵ سـەرۆکایەتی ئەنجومەنـی وەزیرانـدا رێککەوتیـن، هەتـا لـە پشـووی هاوینـی سـاڵی 2007 دا بـڕە پارەیـەك بـۆ خوێندکارانـی بەشـی زمانـی کـوردی و بەشـی ڕاگەیاندنـی زانکـۆی سـەلاحەددین تەرخانبکـەن، بـۆ ئـەوەی لـەو هەڵمەتـەدا هاوکارمـان بـن.

لـە رێکەوتـی 5/11/2006 دا نووسراوێکـمان ئاراسـتەی ئەنجومەنـی نیشـتمانی کوردسـتان کـرد، بـۆ پشـتگیریکردن لـەم بڕیارەمـان. مـن لـە رۆژی پێنجشـەمە رێکەوتـی 9/11/2006 دا چـووم بـۆ پەرلەمـان و نـووسراوی نێوبـراوم پێشـکێش بـە پەرلەمـان کـرد. هـەر لەگـەڵ دەرچوونـم لـە پەرلەمـان کەناڵـی تەلەڤزێۆنـی هەرێمـی کوردسـتان لەبـارەی ئـەم پـرۆژە گەورەیـە یەکسـەر چاوپێکەوتنێکـی لەگەڵمـدا سـازدا.

لـە رۆژی پێنجشـەممە رێکەوتـی 16/11/2006 دا لەلایـەن بەڕێـزان سـەرۆکی دیوانـی سـەرۆکایەتی هەرێـم و سـەرۆکی دیوانـی ئەنجومەنـی وەزیرانـەوە بـە فەرمـی داوام لێکـرا، کـە ئێمـەی دامەزرێنەرانـی کـۆڕی زانیـاری کوردسـتان دەسـت لەکاربکێشـینەوە. یانـی دەسـت لـە کاری زانسـتی و پسـپۆری خۆمـان بکێشـینەوە، کـە لـە هیـچ یاسـا و رێسـایەکی خرکـەی زەویـدا ئەمـە روونـادات، بەڵکـو بەپێچەوانـە هەمـوو داوودەزگـەی میـری لـە راژەی زانایانـی خۆیـان دان.

داواکاری دەسـت لەکارکێشـانەوەمان بەهـۆی یەکگرتنـەوەی هـەردوو ئیـدارەی هەولێـر و سـلێمانی بـوو. یەکێتـی نیشـتمانی کوردسـتان دانـی بـە کـۆڕی زانیاریـدا نەهێنـا، نـەك لەبـەر ئـەوەی دامەزێنەرانـی لێهاتوونیـن، بەڵکـو لەبەرئـەوەی لەلایـەن پەرلەمانێکـەوە دانـی پێداهێنـدراوە، کـە ئەوسـا یەکێتـی تێـدا نەبـووە!

دوو لـە ئەندامانـی خولـی یەکەمـی کـۆڕی زانیـاری کوردسـتان، کـە بـۆ خولـی دووەم هەڵنەبژێردرانـەوە لەگـەڵ هێندێـك لـە بەرپرسـانی یەکێتـی نیشـتمانی کوردسـتان یەکیانگـرت و وازیـان نەهێنـا هەتـا کـۆڕی زانیارییـان هەڵوەشـاندەوە. لەگـەڵ هەڵوەشـاندنەوەی ئەرکـە سـەرەکییەکانی ئەوسـای کـۆڕی زانیـاری، کـە برێتـی بـوون لە فەرهەنگـی کـوردی. زمانـی فەرمـی کـوردی لـە داوودەزگـەی میـری و خاندنگەکانـدا، تابلۆیەکانـی پایتەخـت و ئینسـیکلۆپیدیای مێـژووی کوردسـتان و.. لەباربـران و بـوون بـە کوربانـی ململانێـی حزبـی و خۆخـوازی و حزبخـوازی. ئەمـە لـە کاتێکـدا ئێمـە لـە کـۆڕی زانیاریـدا لـەم بوارانـەدا بەبەرنامەرێـژی هەنـگاوی باشـمان نابـوو.

# زمان و ئاساییشی نەتەوەیی
# -
# ڕۆڵی ماسمیدیا

**پێشــەکی**

ئاسایشــی نەتەوەیــی بــە بنەمــای هەبوونــی هــەر قەوارەیــەك دەژمێردرێــت. ئامانجــی ســەرەکی پاراســتنی یەکگرتوویــی نیشــتمانی و نەتەوەیــی ئــەم هەبوونەیــە، بەرەنگاربوونەوەیەتــی لــە بەرامبــەر هــەر مەترســییەکی لەنێــوەوە، یــان لــە دەرەوەیــدا ڕوویتێــدەکات. ئەمــڕۆ زمــان یــەك لــەو مەترســییانەی ناوخۆیــە، کــە ڕووبەڕوومــان بۆتــەوە.

زمــان بــۆ هــەر نەتەوەیــەك ناســنامەیەتی. زمــان فاکتــەری هەبــوون و بەردەوامبوونــی مانــەوەی هــەر نەتەوەیەکــە. زمانــی کــوردی هۆکارێکــی بنەڕەتییــە بــۆ یەکبوونــی کــورد و هــزری نەتەوەیــی. تاکــی کــورد لــە باشــووری کوردســتاندا هەبوونــی وەك نەتەوەیــەك جیــاواز لەنەتەوەکانــی دی نێــو عیراقــدا و مانــەوەی خــۆی لەنێــو زمانــدا بەدیدەکــرد. زمــان و تەنیــا زمــان ئێمــەی کــوردی یەکخســتبوو، کەواتــە زمــان بووبــوو بــە نیشــتمان. ئەوســا زمــان و ئاساییشــی نەتەوەیــی وەك دوو ڕووی یــەك دراویــان لێهاتبــوو.

ئــەوەی بــۆ زانســت ســاغبووەتەوە مرۆڤــ لەگــەڵ لەدایکبوونیــدا تــا تەمەنــی

هـەرزەکاری ئامادەییەکـی تـەواوی تێـدا هەیـە بـۆ ئـەوەی فێـری زمانـی دایـك یـان زمانـی یەکـەم بێـت.

داگیرکارانـی کوردسـتان زمانـی خوێندن و نووسـین، هەتا ماسـمیدیایان تەرخانکردووە بـۆ ئـەوەی زمـان و تێروانیـن و هـزری خۆیـان هـەر لـە سـەرەتاوە لای منداڵـی کـورد بەرادەیـەك بچەسـپێنن، تـا لـە ئەنجامـدا لـە زمانـی دایکـی لـە شارسـتانییەتی نەتەوەکـەی نـەزان بێـت و بیرکردنـەوەی بـە زمانـی داگیرکاربێـت. کەواتە کەسـییەتێکی وای لـێ دروسـتدەکرێت، کـە زمانـی دایکـی زمانێکـە شارسـتانی نییـە. زمانێکـە هیـچ جـۆرە بابەتێکـی زانسـتی و ماریفـی پـێ نانووسرێـت و ناگوترێتـەوە. ئـەم بەرنامـە نامرۆڤانـەی داگیـرکاران زەبرێکـە بەرامبـەر بـە هەسـتی نەتەوەیـی کـورد و ئاسایشـی نەتەوەیـی.

**باری زمانی کوردی لەسەر ئاستی کوردستانی گەورەدا:**

دوای ئـەوەی پەرلەمانـی عیـراق لـە ڕێکەوتـی 17/1/2014 دا زمانـی کـوردی وەك دووەم زمانـی فەرمـی لـە عیراقـدا دانپێدانـا، پەرلەمانـی باشـووری کوردسـتان لـە ڕۆژی 29/10/2014 دا بڕیـاری دەرچوواندنـی یاسـای ژمـارە 6 ی سـاڵی 2014 دا، کـە لەبـارەی زمانـە فەرمییەکانـە لـە هەرێمـی کوردسـتان ـ عێـراق.

لە ماددەی 2 ی ئەم یاسایەدا هاتووە:

ــ کـوردی و عەرەبـی دوو زمانـی فەرمیـن لەسەرانسـەری عێراقـدا، لـە کوردسـتانی عێراقـدا زمانـی کـوردی زمانـی سـەرەکییە.

لەبـەر ڕۆشـنایی ئـەم ماددەیـەدا ئـەوە خۆیادەبێـت، کـە زمانـی کـوردی لـە باشـووری کوردسـتاندا زمانـی خوێنـدن، نووسـین و زمانـی ڕاپەڕاندنـی کاروبـاری کارگێڕییـە، کەواتـە زمانـی فەرمـی سەرتاسـەری کوردسـتانی ئازادکـراوە.

یاسـای لـەژووروو باسـکراودا 27 مـادە دەگرێتەخـۆی، کەچـی هیـچ ئاماژەیـەك بـەم دوو بابەتـە گرنگـەی نـەداوە:

1/ زمانی فەرمی کوردی .

2/ ڕێنووسی کوردی.

لـە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتاندا زمانـی کـوردی هـەر تەنـێ زمانـی ئاخاوتنـە. بەرهەمـی بیـری نووسـەران بـە دیالێکتـی کرمانجـی خـواروو، بـە ئەلفوبێـی کـوردی ــ عەرەبـی،

هـەروەك باشـووری کوردسـتان بڵاودەکرێتـەوە.

لـە باکووری کوردسـتاندا خەریکـە خوێنـدن بـە زمانـی کـوردی بخوێندرێـت. هەڵبەت بـە دیالێکتـی کرمانجـی ژووروو، بـە ئەلفوبێـی کـوردی ـ لاتینـی دەبێت.

لـەدوای ئازادبوونـی کوردانـی ڕۆژئـاوای کوردسـتانیش، لـەو پارچەیەشـدا خوێنـدن هـەر بـە هەمـان دیالێکـت و هەمـان ئەلفوبێـی باکـووری کوردسـتان دەبێـت.

لێـرەدا پێویسـتە ئامـاژە بـۆ ئـەوە بکـەم، چەنـد ڕۆژێـك لەمەوبـەر لـە گۆگڵـدا زمانـی کوردیـش چـووە نێـو خانـەی وەرگێرانـەوە، بـەڵام هێـژ بـە دیالێکتـی کرمانجـی ژووروو و بـەو ئەلفوبێیەی،کـە لـە تـۆرە کۆمەڵایەتییـەکان پێڕەودەکرێـت.

کەواتـە کـورد لەسـەر ئاسـتی کوردسـتانی گـەورەدا، لـەڕووی زمانـەوە ئەمـڕۆ ڕووبـەڕووی خوێنـدن و نووسـین بـە دوو دیالێکـت و سێ جـۆرە ڕێنووسـی پێنـووسراو بۆتـەوە.

**زمانی کوردی لە ماسمیدیای کوردیدا**

ماسـمیدیای ئاسـایی، کـە میدیـای خوێـنراو، بیـسراو و بیـنراو دەگرێتـەوە، هـەروا میدیـای ئەلکترۆنـی کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆیان لەسـەر ڕای گشـتی هەیـە و دەورێکی بـاڵاش دەبینـن لـە ئامادەکردنـی بـاری هەڵچـوون و داچوونـی هەسـتی بەرامبەرەکەیان، جـا چـی کاریگەرییەکـە ئەرێنـی، یـان نەرێنـی بێـت.

لـەدوای ڕاپەرینـە مەزنەکـەی بەهـاری 1991 دا هەمـوو کەناڵەکانـی ڕاگەیانـدن لـە باشـووری کوردسـتاندا بـە زمانـی کـوردی بڵاودەکرێنـەوە. ئەمـە بەهاتریـن دەسـتکەوتە. لێـرەدا ئـەو پرسـیارە دێتەئـارا: ماسـمیدیای کـوردی چ هەوڵێکـی بـۆ پاراسـتنی پـاراوی زمانـی کـوردی و بووژاندنـەوەی داوە. تـا چەنـد بیـری لـە لێکنێزیککردنـەوەی شـێوەزارەکانی کـوردی، یـان بایەخـی بەهێنانـە کایـەی زمانـی فەرمـی کـوردی داوە؟ بـۆ وەڵامدانـەوەی ئـەم پرسـیارانە مـن لێـرەدا هـەر تەنـێ هێندێـك وێنـە لـە بـاری زمانـی کـوردی لەنێـو ڕاگەیاندنـی بیـنراودا، یانـی لەنێـو کەناڵەکانـی تەلەڤزیۆنـدا بەنموونـە دێنمـەوە:

ــ ئەگـەر سـەرتاپای کەناڵـەکان نەبێـت، ئـەوا زۆربـەی هـەرە زۆری کەناڵەکانـی تەلەڤزیـۆن، دەنگوباسـەکانیان بـە هـەردوو دیالێکتـی کرمانجـی ژووروو و کرمانجـی خـواروو بڵاودەکەنـەوە. لـەم بڵاوکردنەوەیانـدا هەوڵی ئـەوە نەدراوە، ئەگـەر هەرنەبێت

لـەرووی زاراوەوە یەکگرتووبــن، بەڵکـو تـا بۆیـان کـراوە، بەشـێوەیەك هەواڵـەکان دارێـژن، نـەك هـەر زاراوەکان، تەنانـەت هیچ وشـەیەکیان لـە یەکـتر نەچێـت. ئەمـە لـە کاتێکـدا 95% وشـەی فەرهەنگـی ئـەم دوو دیالێکتـە وەك یەکـن. یانـی مـاوەی چارەکـە سـەدەیەکە کاردەکرێـت لەسـەر ئاراسـتەکردنی ئـەم دوو دیالێکتـە بـۆ بوونیـان بـە دوو زمانـی سـەربەخۆ،کە ئەمـەش هەرەشـەیەکی گەورەیـە بـۆ سـەر ئاسایشـی نەتەوەیـی.

ــ مـاوەی چارەکـە سـەدەیەکە کەناڵەکانـی تەلەڤزیـۆن بـە شـێوەیەکی سـەرەکی بایـەخ بـە دنیـای سیاسـەت دەدەن، سیاسـەتیش لەنێـو بەرنامـەی سیاسـەتمەدارانماندا بـێ خەوشـە، لـە راژەکردنـی تاکـی کـورد دایـە، کەچـی لـە راهێنانـدا تەنیا لای هێندێـك نەبێـت، ئـەوە لای زۆربەیـان رووانـدنـی تـۆی دژایەتیکـردن، بێرێـزی نوانـدن، بەکـەم زانینـی بەرامبـەر، نەپەژراندنـی بیـروڕای جیـاواز و.. ئەمـە بـووە بـە مایـەی بایەخـدان بـە زمانێکـی زبـر و تونـد و هەرەشـە ئامێـز ، دووركەوتنـەوە لـەو چەمکانـەی وشـە فەرهەنگێکانیـان پـڕن لـە واتـای خۆشەویسـتی و ڕێزلێنـان بـۆ تاکـی کـورد، بـۆ خاکـی کوردسـتان بـۆ زمانـی کـوردی.

ــ زۆربـەی کەناڵەکانـی تەلەڤزیـۆن هێندێـك هـەواڵ بەبـێ لێـدوان پێشـانی بینـەران دەدەن. بۆنێونانـی ئـەم جـۆرە هەواڵانـەش جیـاوازن. لەوانـەی بەرچـاوم کەوتـوون: بیـنراو. وەك خـۆی . وێنـە هـەواڵ. No COMMENT.

ــ پێداویسـتی کاری رۆژانـەی دنیـای راگەیانـدن ئـەوە دەخوازێـت، کـە وشـەی نـوێ داتاشرێـت، بـەڵام دارشـتنی هێندێـك لـەو وشـانە دوورن لـە پێوانـەی زمانەوانـی. لەپاڵ ئەوانەشـدا لـە زۆربـەی کەناڵەکانـی تەلەڤزیۆنـدا وشـەیەکی زۆری بیانـی خزێندراونەتـە نێـو زمانـی کوردییـەوە و رۆژانـە بەکاردەهێندرێـن. رەنگـە لـەم بـارەوە وابیربکرێتـەوە، کـە زمانـی کـوردی زمانێکـی زینـدووە و توانـای وەرگرتـن و پەژراندنـی وشـەی بێگانـەی هەیـە. لێـرەدا پێویسـتە ئـەوە بزانیـن، کـە لـە وڵاتانـی دنیـادا هەرگیـز وشـەیەکی دارێـژراو، هـەروا وشـەیەکی بیانـی ناخرێنـە نێـو فەرهەنگی زمانـەوە، هەتـا ئەکادیمیای زمـان بڕیـاری لەسـەر نـەدات. ئێمـەش بەداخـەوە ئەکادیمیایەکـی تایبەتمـان نییـە، کـە بایـەخ بـە زمـان بـدات.

ــ کەناڵەکانـی راگەیانـدن مافـی خۆیـان هەیـە، کـە ریـکلام بڵاوبکەنـەوە، بـەڵام بـە داخـەوە هێندێکیـان لەسـەر شـێواندنی زمانـی کوردییـە، لەوانـە:

× باشترینی سۆنی بۆ باشترینی ئێوە.

لێرەدا زۆر بێ بەرپرسانە و نەزانانە دەسکاری پیرۆزی زمانی کوردی کراوە، چونکە هەرگیز ئامرازی خستنەسەری ــ ی بەشداری لە دارشتنی فرێزێکی دیارخەری ناکات، کە ناوی دیارخراوی ئاوەڵناوێك بێت لە پلەی باڵادا بێت ، هەروەك وشەی باشترین، کە لەم داخۆیانییەی ژووروودا هاتووە.

## چەند پێشنیازێك

لەپێناو پاراستنی زمانی کوردی وەك زمانێکی یەکگرتوو، بە ئامانجی شیرینکردنی زمانی کوردی لای تاکی کورد و شانازی پێکردنی، هەروا کاراکردنی ئەرکەکانی وەزارەتی رۆشنبیری بۆ بایەخدانی زێتر بە ئاسایشی نەتەوەیی، ئەم پێشنیازانە دەخەمەروو:

ــ پێویستە میری کوردستان کەناڵی راگەیاندنی نووسراو، بینراو و بیسراوی تایبەتی خۆی هەبێت و بە زمانی فەرمی کوردی بێت و لە لایەن وەزارەتی رۆشنبیرییەوە سەرپەرشتی بکرێت.

ــ وەزارەتی رۆشنبیری هانی نووسەرانی کورد بدات، بۆ نووسینی درامای تەلەڤزیۆنی لەسەر مێژووی کورد. شۆرشەکانی کورد. کەسایەتی ناودارانی کورد و.. بە زمانی فەرمی کوردی.

ــ تەرخانکردنی کەناڵێکی تەلەڤزیۆن بۆ منداڵانی کورد، کە تێیدا بابەتەکان بە زمانی فەرمی بڵاوبکرێنەوە.

ـ رێزلێنان لەو کەسایەتییانەی راژەی زمانی کوردییان کردووە.

ــ دانانی مووزەخانەیەك بۆ وێنە و پەیکەر و بەرهەمی بیری ئەو بوێرانەی راژەی زمانی کوردییان لەو رۆژانەدا کردووە، کە لای دەسەڵاتداران کارێکی نارەوا بوو، لەسەریشی دووچاری بەندیخانەبوون. .

ــ دەزگەیەك بۆ وەرگێران دابمەزرێنێت، بۆ وەرگێرانی ئەو بەرهەمانەی لەسەر کورد نووسراون و دەنووسرێن. هەروا وەرگێرانی بەرهەمی بیری زانایان و نووسەرانی کورد بۆ سەر زمانانی بیانی، بەتایبەتی زمانانی دەوروبەر و چەند زمانێکی ئەوروپی.

## ئــەنــجـام

داگیرکارانـی کـورد بـە بەرنامەرێـژی کاریـان لەسـەر شـێواندنی پێناسـەی رۆشـنبیری و نەتەوەیـی کـورد کـردووە، کـە زمـان لایەنێکـی گرنگـی ئـەم شـێواندنە بـووە. ئەمـەش لـە روانگـەی ئـەوەی: زمـان رۆحـی نەتەوەیـە، ئەگـەر ئـەم زمانـە بایەخـی پێنـەدرا هـەردەم تاکەکانـی نەتـەوە بێهێـزی و بێتوانایـی دەنوێنـن.

پێتڤییـە ماسـمیدیای کـوردی لـەرووی زمانـەوە پشـت بـە پسـپۆران و زمانناسـان ببەسـتێت، بـۆ ئـەوەی پـاراوی زمانـی کـوردی بپارێزرێـت و گەشـەی پێبدرێـت.

ئێمـەی کـورد پێویسـتە کار لەسـەر بووژاندنـەوە و پەرەسـەندنی زمانـی کـوردی لەسـەر ئاسـتی کوردسـتانی گـەورەدا بکەیـن، کـە ماسـمیدیای کـوردی دەوری سـەرەکی تێـدا دەگێرێـت. بـۆ ئـەم مەبەسـتەش پێویسـتیمان بـە دامەزراندنـی ئەکادیمیایەکـی زانسـتی هەیـە، کـە تایبـەت بێـت بـە زمانـی کـوردی و هەمـوو پسـپۆر و زمانەوانانـی پارچەکانـی کوردسـتانی مـەزن لەخـۆی بگرێـت، بـۆ ئـەوەی ئەندامانـی کار لەسـەر ئـەم دوو مـژارە گرنگـە بکـەن:

1/ زمانی فەرمی کوردی.

2/ رێنووسی کوردی.

ئەگـەر ئێمـە ئەمـڕۆ چارەسـەری ئـەو کێشـانە نەکەیـن، کە رووبـەرووی زمانـی کوردی بوونەتـەوە و هەروەکـو ئێسـتا خۆمانـی لـێ بێدەنـگ بکەیـن، وەك زۆر پرسـی دی بـۆ رۆژگاری بەجێبهێڵیـن، ئـەوا ئـەو زمانـەی لـە رۆژانـی سـەختدا ئێمـەی یەکخسـتبوو، ئەمـڕۆ لـە رۆژانـی ئازادیـدا و بەنێـوی دیموکراسـی هەنگاومـان بـەرەو دوو زمانـی دەبـات، کـە ئەمـەش هەرەشـەیەکی گەورەیـە بـۆ سـەر یەکبوونـی هـزری نیشـتمانی و ئاساییشـی نەتەوەییـمان.

سەرچاوە:
Boogaard، Marianne، and Janssen، Mathilde. Alles wat je altijd al had willen weten over taal: De taalcanon. Amsterdam: J.M. Meulenhoff، 2012.

# دارشتنی زمان لە چیرۆکی
# گریانەکەی حەسەن عەلەوی گریاندمییەوە

**پێشەکێکی کورت**

پێوەندییەکی بەتین لەنێوان زمان و چیرۆکدا هەیە. زمان بەهێزترین کەرەستەی دەربرینی رەگەزەکانی چیرۆکە. زمانی نووسینی چیرۆك جیاوازی لەگەڵ زمانی شیعر، زمانی وتارێکی رامیاری، یان وتارێکی رەخنەئامێز و.. هەیە.

چیرۆکنووسی بەتوانا ئەفراندن لە دارشتنی زمانەوانی چیرۆك دەکات. چیرۆکنووسی خاوەن ئەزموون لە بیرۆکەیەك، یان لەدەربرینی هەستێك چیرۆکێك دەنووسێت و بە رەوانی دایدەرێژێت.

**هونەری دەربرینی زمان**

د. عەبدوڵڵا ئاگرین لە چیرۆکی گریانەکەی حەسەن عەلەوی گریاندمییەوە، بە جوانترین وشە و دەستەواژەی فەرهەنگی توانیویەتی چەند بابەتی تێکچرژاو لە تابلۆیەکی خەماویدا بنەخشێنێت. بابەتەکانی نێو چیرۆکەکە برێتین لە:

1 / سەردانی بەڕێز حەسەن عەلەوی و هەستی بەرامبەر بە باری نالەباری ئاگریندا. 2/ باری دەروونی نووسەر. 3/ ئازارەکانی شەمسەخانی هاوژیانی. 4/

هەڵوێستی دڵسۆزترین هاورێی ـ بەڕێز حەمەی حەمەباقی. 5/ ژینگەو دەوروبەر. 6/ هەستی نیشتمانخوازی.

د. ئاگرین لە چیرۆکەکەیدا ئەو وشانەی هەڵبژاردووە، کە دەربڕی ئەو بابەتانەی لەژووروو باسکراودا بن.

من لێرەدا هێندێك وێنە بۆ هونەری دەربرینی زمان لەم چیرۆکەدا بەنموونە دێنمەوە، کە لەرووی زمانەوە بەراستی دارێژراون و لەبارەی بەخشینی مەبەستی بیرۆکە بە رەوانی دەربراون:

ئەو گوڵی جوانی رەوشت و چرای عەقڵی مرۆڤ گەشتردەکات.

ئەو ـ لێرەدا سەرکارە. د. ئاگرین لێزانانە دوو بەرکاری خستۆتە نێو ئەم رستەیەوە، کە برێتین لە گوڵ و لە چرا. ئەوەی دارشتنەکەی ئەم رستەیەی بەهێزتر و لەبارترکردووە، وشەی گەشە، کە لێرەدا بووە بە بەشێك لە فرێزی کاری. بەڵێ گوڵ دەگەشێتەوە و چراش رووناکی گەش دەبەخشێت. د. ئاگرین هەر بەمە نەوەستاوە، بەڵکو بەرێگەی دیارخەرەوە جۆری گوڵەکەمان بۆ دەستنیشاندەکات، کە گوڵێکی ئاسایی نییە، بەڵکو گوڵی جوانی رەوشتە. چراکەش جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ هەر چرایەکی دیدا هەیە، ئەمەیان چرای ژیر و هزری مرۆڤە.

وێنەیەکی دی هونەری دارشتنی چیرۆك لای د. ئاگرین، ئەم رستەیەیە:

مرۆڤێك وەفای بۆ هاوسەر و شەریکی ژیانی نەبێت، چی چاکەی بۆ نەتەوە و خاکەکەی دەبێت.

ئێمە دەتوانین ئەم بیرۆکەیەی سەرەوە، بەمجۆرە کورتبکەینەوە:

مرۆڤ وەفای نەبێت، چی چاکەی دەبێت.

لەم رستەیەدا مرۆڤ بە دوو وشەی وەفا و چاکە وە پێوەندە. وەفاکەی بۆ هاوژیانی دەگەرێتەوە و چاکەکەش بۆ خاکی. لەم دەربرینەدا و لە چەند رستەیەکی دیدا ژن و خاك لای ئاگرین وەك دوو زاراوەی هاوواتایان لێهاتووە و لێك جوداناکرێنەوە.

دکتۆر لە رستەیەکی دیدا زۆر جوان هەستی حەمەی حەمە باقی دەردەبرێت، کە زمانەکەی هەروەك زمانی ئەوە و دەڵێت:

کاکە عەبە وا دێم، بە قوربانی خەمەکەت بم.

هەموو رستەکانی نێو چیرۆکەکە بە زمانی نووسین نووسراون، من لەو باوەرەدام

هەگەر مامۆستا حەمەی حەمەباقی کەسێکی نووسەر و بوێژ و تۆژەر نەبا، ئەوا د. ئاگرین ئەم رستەیەی بەمجۆرەی ژێرووی زمانی ئاخاوتنی سلێمانی دادەرشت:

کاکە عەبە وا یـم، بە قوربانی خەمەکە و بم.

دەمێکە لەشێوەزاری سلێمانیدا دەنگی د ێ لە هێندێك باردا گۆناکرێت، یان بە ێ دەگۆڕێت، بەڵام لەم چەند ساڵانەی دواییدا دیاردەیەکی دی لە زمانی ئاخاوتنی سلێمانیدا سەریهەڵداوە ئەویش بە گۆرینی ت ی جێناوی لکاوی کەسی دووەمی تاك بۆ دەنگی و ێ.

**خاڵبەندی**

د. ئاگرین هەوڵێکی زۆری داوە، بۆئەوەی خاڵبەندی لە شوێنی دیاریکراوی خۆیدا بەکاربێنێت. لەپاڵ ئەوەشدا پەنای بۆ رەنگ بردووە، هەتا هەر رەنگەی بۆ مەبەستێك و بۆ کەسێك تەرخانبکات. لەزۆر شوێنی چیرۆکەکەدا سەرکەوتووانە خاڵبەندییەکەی بەکارهێناوە، بەڵام لەهێندێکیدا تێکەڵاوییەك بەرچاودەکەوێت، بۆ وێنە:

لەنێو زۆربەی برگەکاندا رستەیەك بەرچاوناکەوێت، کە بە پنتێك کۆتایی هاتبێت، بەڵکو پنتەکە کەوتۆتە کۆتایی برگەکە.

کەوانە زۆر بەکارهاتووە، کە لەزۆر شوێندا هەر پێویست ناکات.

کاتێ باس لە حەسەن عەلەوی دەکات، دەڵێت ئەو. د. ئاگرین ئەو جێناوەی خستۆتە نێو جووت کەوانە ((ئەو)) هەر هەمان شێوەی بۆ شەمسە خانیش بەکارهێناوە. لەکاتێکدا دەکرا ئەم جێناوەی لە بریتی جووت کەوانە، Bold، Italic، Underline کردبا.

**سازان لە دارشتندا**

لە دارشتنی رستەکاندا سازانێکی باش لەرووی بابەتەوە لە نێوان ئەو کەسانەی د. ئاگرین کردوونی بە پاڵەوانی چیرۆکەکەی هەست پێدەکرێت. دەوروبەر، شوێن و کاتی رووداوەکان، هەتا مۆنۆلۆژی خۆی ، ئازارەکانی شەمسەخان و قسەکانی حەسەن عەلەوی هەڵوێستی حەمەی حەمەباقی سەرکەوتووانە و بە زمانێکی پاراو دارێژراون، کە هەر هەموویان لەگەڵ ئەو خەم و ئازارەدا دەگونجێن، کە ماکی

سـەرەکی چیرۆکەکەیـە.

## مۆرفۆلۆژی و سینتاکس

لەنێـو رسـتەکاندا دەمکاتـی کار وەك پێویسـت دارێـژراوە و دەسـکاری نەکـراوە. کار لـە شـوێنی دیاریکـراوی خۆیـدا بەکارهاتـووە. نـاو لـە شـوێنی تایبەتـی خـۆی دانـدراوە. ئـەوەی لـە دارشـتنی رسـتەکاندا زۆر سرنجراکێشـە، نووسـەر زۆر پەنـای بردۆتـە بـەر دیارخـەر، کـە هێندێکجـار زنجیرەیەکـی پێکهێنـاوە، ئەمجـۆرە دارشـتنە لای زۆربـەی نووسـەرانی کـورد و هـەروا نووسـەرانی رۆژئـاوای کەرتـەی ئاسـیا بەرچاودەکەوێـت:

ئەو فرمێسکانەم تەنیا قەرزێکی سووکی وەفادارانەی یار و عەشقەکەمە.

لـەم رستەیەدا وشـەی سـووك، قـەرز، وەفادارانـە، یـار و عەشـق ـ تێکـرا زنجیرەیـەك دیارخـەرن و هـەر هەموویـان جـۆری ئـەو قـەرزە رووندەکەنـەوە، کـە نووسـەر بـە فرمێسـك دەربڕیـوە.

لەپاڵ ئـەو سـازانەی دارشتنەشـدا هێندێـك رسـتە و دەسـتەواژەش بەرچاودەکـەون، کـە جێگەیـان لـەم چیرۆکـە نابێتـەوە.

رێنووس

دکتۆر لەم چیرۆکەدا پێرەوی ئەو رێنووسەی کردووە، کە ئەمڕۆ باوە.

هێندێـك وشـەی دارێـژراو و لێکـدراو هـەن پێویسـتە پێکـەوە بنووسرێـن، هـەروا تێکەڵییـەك لـە بەکارهێنانـی و کـورت و وو درێـژی بزوێـن و نیمچـە بزوێـن و هـەروا ی ێـی کـورت و نیمچـە بزوێنـدا هەیـە.

## ئـەنـجـام

لـە کۆتاییـدا ئەوەمـان بـۆ دەردەکەوێـت، کـە د. ئاگرینـی ئەکادیمـی، چیرۆکنووسـی خـاوەن ئەزمـوون تابلـۆی وەفـاداری بـە جوانتریـن وشـە نەخشـاندووە. تابلۆیـەك ئەندێشـاوی نییـە، بەڵکـوو رووداوێکـی راسـتینەیە و ماوەیەکـە چرکەبەچرکـە تێیـدا دەژی. دکتـۆر لـەم تابلۆیـەدا زۆر سـەرکەوتووانە خەمـی خـۆی، ئـازاری هاوژیانـی، کێشـەی نەتەوەیـی و هەڵوێسـتی مرۆڤانـەی کەسـانی نێزیـك خـۆی بـە زمانێکـی پـاراو دارشـتووە و تـا بـۆی لـواوە پێـرەوی یاسـا و رێسـای زمانـی کـوردی کـردووە.

# زمانی کوردی و خۆزگەیەك
# بە بۆنەی ڕۆژی جیهانی زمانی دایك

21/2/2017

زمـان بـۆ هـەر نەتەوەیـەك ناسـنامەیەتی. زمـان فاکتـەری هەبـوون و بەردەوامبوونـی مانـەوەی هـەر نەتەوەیەکە.

زمانـی کـوردی هۆکارێکـی بنەڕەتییـە بـۆ یەکبوونـی کـورد و هـزری نیشـتمانخوازی. باشـترین بەڵگـەش بـۆ ئەمـە ئێمـەی کـورد لـە باشـووری کوردسـتاندا تـا سـاڵانێکی زۆر هـەر بـە ڕێگـەی زمانـەوە لـە گەلانـی نێـو عیراقـدا جوداەکراینـەوە، چونکـە قەوارەیەکـی سیاسـی ئەوتۆمـان نەبـوو ئێمـە بگرێتـە خـۆی، لەپاڵ ئەوەشـدا زمانـی بیرکردنـەوە خوێندنـەوە و نووسینیشـیان لێکردبوویـن بـە زمانـی عەرەبـی. تاکـی کـورد هەبوونـی وەك نەتەوەیـەك جیـاواز لەوانـی دی و مانـەوەی خـۆی لەنێـو زمانـدا بەدیدەکـرد. زمـان و تەنیـا زمـان ئێمـەی کـوردی یەکخسـتبوو، کەواتـە زمـان بووبـوو بـە نیشـتمان. ئەوسـا، لـەو سـەردەمەدا زمـان و ئاساییشـی نەتەوەیـی وەك دوو ڕووی یـەك دراویـان لێهاتبـوو.

ئـەوەی بـۆ زانسـت سـاغبووەتەوە مرۆڤـ لەگـەڵ لەدایکبوونیـدا تـا تەمەنـی هـەرزەکاری ئامادەییەکـی تـەواوی تێـدا هەیـە بـۆ ئـەوەی فێـری زمانـی دایـك یـان زمانـی یەکـەم بێـت.

داگیرکارانـــی کوردســـتان زمـــان و تێروانیـــن و هـــزری خۆیـــان هـــەر لـــە ســـەرەتاوە لای منداڵـی کـورد چەسـپاندووە. لـە ئەنجامـدا منداڵـی کـورد لـە زمانـی دایکـی لـە شارسـتانییەتی نەتەوەکـەی نـەزان دەبێـت و بیرکردنـەوەی بـە زمانـی داگیرکاردەبێـت. کەواتـە کەسـییەتێکی وای لـێ دروسـتدەکرێت، کـە زمانـی دایکـی زمانێکـە شارسـتانی نییـە. زمانێکـە هیـچ جـۆرە بابەتێکـی زانسـتی و مەعریفـی پـێ نانووسرێـت و ناگوترێتـەوە. زمانێکـە لـە پلـەی دووەمـە. ئەگـەر سـێیەم و چوارەمیـش نەبێـت. ئـەم بەرنامـە نامرۆڤانـەی داگیـرکاران زەبرێکـە بەرامبـەر بـە هەسـتی نیشـتمانی کـورد و ئاساییشـی نەتەوەیـی.

مـاوەی بیسـت و پێنـج سـاڵە فێریـاری بنەرەتـی، قوتابـی ئامادەیـی و خوێنـدکاری زانکـۆ بـە زمانـی دایـك ـــ زمانـی کـوردی دەخوێنـن. خۆزگـەم بـە خۆیـان.

## بکەری ڕەگەزی مێ
## لەنێو
## چۆڕاوی تریفەی فەرهادی دا(*)

هەولێر 4/11/2017

**پێشەکێکی زۆر کورت**

چـۆڕاوی تریفــە دیوانێکــە هۆنراوەکانــی لەلایــەن شــائیر ـ ئەورەحــمان فەرهــادی هۆنراونەتــەوە و لــە هەولێــر لــەم ســاڵە ( 2017 ) دا چــاپ و بڵاوکراوەتــەوە. دیوانــی نێوبــراو کۆمەڵێــك شــیئری ناســکی لەخــۆی گرتــووە، کــە بــواری دنیــای خۆشەویســتی و هێندێــك بــاری کۆمەڵایەتــی بەرجەســتەدەکەن. وا دیــارە ســەردەمی منداڵــی بــە کووچــە و کــۆڵان، ڕووداو و کەســایەتەییەکانی هــەردەم ئامادەییــان لــە بیــری شــائیردا هەیــە و دوور نییــە، ئــەم ئاوڕدانــەوەی لــە ڕابــردوو، هەروەکــوو خۆدزیینەوەیــەك بێــت لــە ژیانــی ئێســتەیدا، بۆیــە زۆر بــە وردی و بــە شــێنەیی جــۆری بەســەربردنی ڕۆژانــەی ســەردەمی منداڵــی دەگێڕێتــەوە .

فەرهــادی لــەم دیوانەیــدا بایەخێکــی باشــی بــە وشــەی فەرهەنگــی داوە، هەتــا چەنــد زاراوەیەکــی پســپۆری خــۆی، کــە فیزیکــە، وەســتایانە و لێزانانــە بــۆ ڕاژەکردنــی دەربڕینــی شــیئرەکانی بەکارهێنــاوە.

مـن لێـرەدا وەك خوێنەرێکـی رەگـەزی مـێ هەوڵمـداوە، لـەم دیوانـەدا لـە بکـەری رەگـەزی خـۆم بگەرێـم و لێـی بدوێـم و بزانـم شـائیرێکی رەگـەزی نێـر، کـە لەنێـو کۆمەڵێکـی پەتریارکیـدا گـەورە بـووە، چـۆن لـە ئێمـەی ژن دواوە.

**بکەری رەگەزی مێ**

ئـەو بکـەرەی مـن لەنێـو دووتووێـی بەرهەمـی بیـری نووسـەرانی کـوردی رەگـەزی نێـردا لێیـان دەگەرێـم، هـەر ئـەو بکـەرە دیـار و نادیارانـەن، کـە لەنێـو رێزمانـدا خۆیـان دەنوێنێـن، بـەڵام نـەك بەشـێوەیەکی راسـتەوخۆ، بەڵکـو بکەرێکـن لەنێـو هەسـت و بیـری نووسـەراندا وێنایـان بـۆ کـراوە و لەنێـو دارشـتنی بەرهەمـی بیریانـدا خراونەتـەروو. بەپێـی بۆچوونـی بوێـژان بـاس لـە هەسـت و هەڵسـوکەوت و رەفتـاری بکـەری رەگـەزی مـێ کـراوە، بەواتـا بەتێڕوانینـی رەگـەزی نێـردا دەوری بکەریـان پـێ سـپێردراوە.

لەنێـو چـۆڕاوی تریفـەی ئەورەحـمان فەرهـادی دا پانتاییەکـی بـاش بـۆ ئـەو دەربڕینانـە بەرچاودەکەوێـت، کـە رەگـەزی مێینـە بەرجەسـتەدەکات. لـە زۆربـەی وێنـە شـیئرییەکاندا رەگـەزی مـێ ئامادەیـی وەك بکـەر و کەمـتر وەك بـەرکار هەیـە. خوێنـەر لـە چـۆڕاوی تریفـەدا هەسـت بـە هەبوونـی دوو جـۆرە بکـەری رەگـەزی مـێ دەکات:



**یەکەمیان/ بکەری رەگەزی مێ ـ وەك هاوژیان**

فەرهـادی لـە پارچـە هۆنـراوەی توانـەوە دا هاوژیانـی وەك بکەرێـك خسـتۆتەروو، کە پێوەندییەکـی باشـی بـە دنیـای کتێـب و نووسـین و خوێندنـەوەدا نییـە، لەبەرامبـەردا بەندیوارێکـی بەتینـی بـە خۆراکـەوە هەیـە.

بکـەری رەگـەزی مـێ لـەم وێنـە شـیئرییەی رەگـەزی نێـردا، بکەرێکـی نەرێنییـە، دژ بـە رۆشـنبیرکردنی مێینەیـە. هێشـتنەوەی رەگـەزی مێیـە لەنێـو چێشـتخانەدا. دەکـرا شـائیر رۆڵێکـی بەرچـاو و چالاکـی ئەرێنـی بـە هاوژیانەکـەی بەخشـیبا، خۆزگـەی ئـەوەی خواسـتبا، لـەدوای دوامالاوابیکردنیـدا، کتێبەکانـی پاراسـتبا، ئەگـەر هەرنەبـا بـە کتێبخانەیەکـی گشـتی بەخشـیبا و لەوێـدا لـە گۆشـەیەکدا لەژێـر نێـوی خۆیـدا پارێزرابـا و.. بـەڵام وا دیـارە بەتێڕوانینـی فەرهـادی ئـەم جـۆرە ژنانـە لەنێـو جڤاکـی کـورددا کەمـن، کـە بایـەخ بـە رۆشـنبیری بـدەن، بۆیـە ئـەم وێنـە نەرێنییـەی بـۆ ژن نەخشـاندووە.

...

ژن و منداڵەکانمان

ژووری کتێبخانەی ماڵەوەمان

دەکەن بە ژووری نانخواردن ل. 7

**دووەمیان / بکەری رەگەزی مێ ـ وەك خۆشەویست**

لـە چـۆراوی تریفـەدا بایەخێکـی زۆر بـە خۆشەویسـت دراوە، لـە دەیـان پارچـە هۆنـراوەدا تابلـۆی نەخشـینی بـۆ کێـشراوە. لـەم تابلۆیانـەدا کاریگـەری خۆشەویسـت تێپەریوەتـە سـەر بوێـژ، بەواتـا بکـەری رەگـەزی مـێ کاریگەرییەکـی تـەواوی بەسـەر بیرکردنـەوە و هەسـت و نەسـتی رەگـەزی نێـردا بەشـێوەیەکی وای هەبـووە، کـە بکەرێکـی ئەرێنـی لای شـائیر پەیداکـردووە :




کاتێ زەنگم بۆ لێ دەدەی
دڵم دەبێ بە شالووری
پڕ لە هوزار و نەغمەی نەی ل. 38

لـە هەمـان کاتـدا فەرهـادی دەیـان تابلـۆی دی بـۆ بکـەری مـێ بـۆ نەخشـاندووین، کـە نەرێنییـە و بـووە بـە مایـەی ئـازاری بـەرکار، کـە شـائیر خۆیەتـی:

منت دایە دەست تەنیایی
نازانی خەمێکی قووڵە؟
بۆ خۆت تێت تەقاند و رۆیشتی
من ئەم حاڵەم چۆن قەبووڵە؟ ل. 49

ئەمـەش ئـەوە ناگەیەنێـت، کـە هەڵبەسـتوان هـەر دەوری بـەرکاری نواندبێـت، بەڵکو لـە هێندێـك بـاردا ئەویـش وەك بکـەر رۆڵێکـی کارای بەسـەر رەگـەزی مێـدا هەبـووە،

بەواتا جێگۆرکێ لـە دەوریانـدا روویـداوە.

هەر تەنیا من
شەیدای دیدار و جێژوان و
لەنجە و لار و
دووو گومەزی سەر سینەتم ل. 132

وا دیـارە فەرهـادی وەك زۆربـەی هـەرە زۆری شـائیرانمان ئـەو رەگـەزی مێینەی شـەیدایەتی بـە مۆڵکـی خـۆی بزانێـت، ئـارەزوودەکات خۆشەویسـت ئـەو بکـەرە بێـت، کـە شـائیر مەبەسـتێتی و هەڵسـوکەوت و هەتـا جـۆری بیرکردنـەوەی لەبەرژەوەنـدی ئـەودا بەرنامەرێـژ کرابێـت:

هەقە بەم جەژنی قوربانە
حاکمی وڵاتی دڵ بی
یەکەیەکە خەمەکانم
بەرەو سێدارە پەلکێشکەی ل. 39

ئەورەحـمان فەرهـادی شـائیر وەك زۆربـەی بوێـژان جەسـتەی خۆشەویسـت بـووە بە هەوێنـی زۆربـەی هۆنراوەکانـی، لەوانـەی، کـە باسـیکردووون پـرچ، زولف، برژانـگ، چاو، گۆنـا، لێـو، روومـەت، بـاڵا و.. لەنێـو ئـەم ئەندامانـەدا هەمـوو، فەرهـادی زۆر بایەخـی بـە قـژی خۆشەویسـت داوە، لـە چەندیـن هۆنـراوەدا باسـی لـە پرچـی خۆشەویسـت کـردووە. فەرهــادی لەنێــو سروشــتدا شــەبەنگی خــۆر، تریفــەی مانــگ، ئەســتێرە، پەلکەزێرینـە، وردەگـەڵای پایـز، بۆنـی پوونـگ، شـنە، رەشـەبا، رەنگـە رەنگینەکانـی سروشـت، شـوهب، نەیـزەك، بـاران و.. وەسـتایانە بەکارهێنـاوە، بـۆ نواندنـی جوانتریـن وێنـەی شـیعری لەبـارەی پرچـی خۆشەویسـت، یـان بـەکاری هێنـاون بـۆ دروسـتکردنی کردێڵەیـك بـۆ پرچـی جوانـی یـار.

**جەستەی بکەری رەگەزی مێ و لێکچواندنەکانی**




خۆر چەند تاڵێکی پرشنگی
بە شاباڵی سەمەندەرێ
بۆ پایز نارد
ئەویش رۆژێ دای بە خەزەڵ
خەزەڵ بردی
قردێڵەیەکی گوڵگوڵی
لێ دروست کرد
ئەوەتا وا لە قژتایە ل. 17

## ئـەنـجــام

کاتێـك خوێنـەر لەنێـو هۆنراوەیەکـدا لـە بکـەر دەگەڕێـت، هـەروا بـە سـانایی ئـەو بکـەرەی دەسـتناکەوێت، کـە لەنێـو رێزمانـدا ئـەم پێناسـەیەی بۆکـراوە: بکـەر ئـەو کەسـەیە، کـە کارێـك ئەنجامـدەدات.

بەڵێ بکەری رەگەزی مێ لەنێو چۆڕاوی تریفەدا هەبوونی هەیە، بەڵام ئەو کارەی ئەنجامی داوەئەو کارەیە، کە فەرهادی بۆی چووە، چونکە نەك لەنێو هۆنراوەکانی فەرهادیدا، بەڵکو لەنێو زۆربەی هەرە زۆری هۆنراوەی رەگەزی نێردا هەناسەی رەگەزی مێ هەست پێناکرێت. بۆیە بکەری رەگەزی مێ ئەو بکەرەیە، کە شائیر خۆی وێنای کردووە و دەکات، لەوانەیە لە راستیدا وا نەبێت.

ئەگەرچی لەنێو کۆمەڵی کوردیدا سەدان رەگەزی مێی بەرهەمهێنەری بواری هزر و رۆشنبیری هەڵکەوتوون، کەچی هەتا ئێستەش لەنێو بەرهەمی بیری رەگەزی نێردا هەر وەك جەستەیەکی جوان باسکراوە.

فەرهادی وەك هەر شائیرێکی پەروەردەی جڤاکی پەتریارکی وێنەیەکی نەرێنی بۆ رەگەزی مێ کێشاوە. بەلای منەوە رەگەزی مێ هەردەم بکەرێکی ئەرێنییە، هەتا ئەگەر شائیر بە نەرێنیش بەرجەستەی کردبێت، چونکە هەبوونی رەگەزی مێ لە ژیانی ئەودا بوون بە مایەی ئەفراندنی شیئر و لەدایکبوونی ئەو دیوانەی، کە لە زۆر گۆشەنیگاوە شایەنی خوێندنەوە و لێدوانە لەسەری.

---

(*) لە رێکەوتی 6 ی تشرینی دووەمی 2017 دا لە ژمارە 2721 ی رۆژنامەی هەولێر دا بڵاوکراوەتەوە.

## بەرهەمی چاپکراوی نووسەر


1 / Е. и. Кедайтене، Курдистан Мукриани. учебный Русско - Курдский Словарь. Москва 1977

فەرهەنگی رووسی ـ کوردی، بەهاوکاری کیدایتینە، مۆسکۆ 1977

2/ هۆنراوەی ئافرەتی کورد، هەولێر 1980

3/ رێزمانی کوردی، بەهاوکاری د. نەسرین فەخری، هەولێر 1982

4 / رێزمانی کوردی بە کەرەستەی دیالێکتی کرمانجی و سۆرانی لە زمانی رووسییەوە وەرگێردراوەتە سەر زمانی کوردی، بەغدا 1984

5/ ناوی کچ و کوڕانی کوردی، چاپی سێیەم، هەولێر 1985

6/ بیست چیرۆکی فۆلکلۆری کوردی، هەولێر 1984

7/ کەشکۆڵی گیو. بەرگی یەکەم، بەغدا 1986

8/ سینتاکسی رستەی سادە لە زمانی کوردیدا، بەغدا 1986

9/ زارە کوردییەکان، بە هاوکاری: د. کامل بەسیر، سادق بەهائەددین و حەمەمین هەورامانی، هەولێر 1987.

10/ کەشکۆڵی گیو، بەرگی دووەم، هەولێر 1988

11/ قواعد اللغه الکردیه، بغداد 1989

12/ رەنگدانەوەی دۆزی ژن بەنێوی ژنەوە لەنێو رۆژنامەگەری کوردیدا (1898 ـــ 1970)، هەیرنفەین 1995

13/ تیشکێك لەسەر زمانانی کۆنی کوردستان (زمانانی خووری و ئورارتوو)، هەیرنفەین 1995

14/ ژنی کورد و دۆزی نەتەوایەتی، هەیرنفەین 1995

15/ سینتاکسی رستەی کوردی، هەیرنفەین 1997

16/ ژنی کورد بەستەم دەورەدراوە، هەیرنفەین 1998

17/ رەنگدانەوەی دۆزی ژن بەنێوی ژنەوە لەنێو رۆژنامەگەری کوردیدا (1898 ـــ 1970)، هەولێر 1998

18/ تیشکێك لەسەر زمانانی کۆنی کوردستان (زمانانی خووری و ئورارتوو)، هەولێر 1999

19/ ژنی کورد بەستەم دەورەدراوە، هەولێر 1999
20/ نا بۆ شوێنکەوتەیی، هەیرنفەین 1999
21/ چەند بابەتێك لەسەر رێبازی خوێندنی سەرەتایی لە هۆڵەندەدا، هەیرنفەین 1999
22/ سینتاکسی رستەی کوردی، هەولێر 2000
23/ کۆڤاری روناکی، هەولێر 2001
24/ کۆڤاری زاری کرمانجی، هەولێر 2002
25 / نا بۆ شوێنکەوتەیی، هەولێر 2002
26/ ناوی کچ و کوڕانی کوردی، چاپی چوارەم، هەولێر 2002
27/ کۆنگرەی یادەوەری سەد ساڵەی بارزانی نەمر، بە هاوکاری: مومتاز حەیدەری و د. دلێر ئیسماعیل حەقی شاوەیس. بەشی یەکەم و دووەم، هەولێر 2003
28/ مؤتمر الژکری المئویە لمیلاد البارزانی الخالد، بمشارکە ممتاز الحیدری و د، إسماعیل حقی شاویس، هولیر 2003
29/ گوڵزارێکی وشە لە یادی سەد ساڵەی بارزانی نەمر، بە هاوکاری: مومتاز حەیدەری و د. دلێر ئیسماعیل حەقی شاوەیس، هەولێر 2003
30/ دەنگی ژنی هۆڵەندی لەنێو چاپەمەنییەکانیدا، هەولێر 2004
31/ سینتاکسی رستەی تێکەڵ. هەولێر 2004
32/ شێوەی سلێمانی زمانی کوردی، د. زەرێ یوسوپۆڤا، لە زمانی رووسییەوە وەرگێردراوەتە سەر زمانی کوردی، هەولێر 2005
33/ فەرهەنگی گەورەی من، لە زمانی هۆڵەندییەوە وەرگێردراوەتە سەر زمانی کوردی، هەولێر 2006
34/ دیوانی ئەسیری، هەولێر 2006
35/ یەکەم فەرهەنگی تۆ، لە زمانی هۆڵەندییەوە وەرگێردراوەتە سەر زمانی کوردی، هەولێر 2007
36/ فەرهەنگی هەراشان، هەولێر 2007
37/ باری سیاسی ئافرەتی کورد لە باشووری کوردستاندا، بە سێ زمان: کوردی ـ عەرەبی ـ ئینگلیزی، هەولێر 2007

38/ سەردەمانی زمانی کوردی و کۆمەڵە زمانانی ئێرانی، هەولێر 2008
39/ دوران هـای زبـان کـوردی و مجموعـه زبـان هـای ایرانـی، وەرگێـر: مسـتەفا ئیلخانـی زادە، هەولێـر 2012
40/ قواعد اللغه الکوردیه، گبعه پانیه منقحه، بغداد 2013
41/ بعچ جوانب النحو الکوردی، بغداد 2013
42 / دوانامەی گیو بۆ کۆڕی زانیاری کورد، هەولێر 2013
43 / پەیڤەکانی شاووشکا، هەولێر 2013
44 / سـیر تگـور زبـان کـردی و مجموعـه زبـان هـای ایرانـی، وەرگێـر: مسـتەفا ئیلخانـی زادە، تهـران 2015
45/ دوانامەی گیو بۆ کۆڕی زانیاری کورد، چاپی دووەم، هەولێر 2015
46/ فەرهەنگـی کوردسـتان، دانانـی گیـو موکریانـی، پێداچوونـەوە و زێدەکردنـی: کوردسـتان موکریانـی، چاپـی دووەم. هەولێـر 2017
47/ فەرهەنگـی نۆبـەرە، دانانـی گیـو موکریانـی، پێداچوونـەوە و زێدەکردنـی: کوردسـتان موکریانـی، چاپـی دووەم. هەولێـر 2017
48/ زمانی کوردی ـ مۆرفۆلۆژیا، هەولێر 2017
49/ نامـەی دڵ، نووسـینی ئەحمـەد هـەردی، ئامادەکردن و سـاغکردنەوەی کوردسـتان موکریانـی هەولێر 2018
50/ چەنـد بابەتێـك لـە بـارەی زمانی کـوردی ـ کـۆ بەرهەمـی ژمـارە 2 هەولێـر 2018

# پێرســـت


پێشەکی 5

چۆنیەتی پەرەسەندنی ئۆرتۆگرافی لە رۆژنامەگەری کوردیدا 8

تیشکێك لەسەر چاپەکانی دیوانی ناڵی (لەرووی دەسکاریکردنی وشەوە) 20

کێشەی نووسینی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی و چارەسەرکردنی 36

اصول التنوع اللغوي في كركوك وصياغة المـفـردات وصرفها 49

مێژووی فەرهەنگی هۆڵەندی و فەرهەنگی کوردی لە بەراوردێکی کورتدا 78

پرۆفیسۆر د. قەناتی کوردۆ وەك زمانەوان 83

کۆڤاری هەتاو و رۆڵی لە گەشەپێدانی زمانی کوردیدا 89

زمانی کوردی دەبێت بە زمانی هەژاران؟ 93

پاژێك لە هەڵە زمانەوانییەکانی فەرهەنگی هەرزەی ئەکادیمیای کوردی 97

ئاستی زمان لەنێو هۆنراوەکانی حەمەسەعید حەسەن دا(*) 103

وشـــەی پـێـشـنـیـاز چـۆن بـوو بـە پـێـشـنـیـار 115

دەوری گوێگرتن لە تێگەیشتنی هەر زمانێکدا 117

پەرەسەندنی زمانی کوردی و مەترسییەکانی 119

باشترین سۆنی نـــەك باشترینی سۆنی × 121

تابلۆیەکانی پایتەخت و لەباربردنی هەوڵەکانی کۆڕی زانیاری کوردستان 123

زمان و ئاساییشی نەتەوەیی - رۆڵی ماسمیدیا 125

دارشتنی زمان لە چیرۆکی گریانەکەی حەسەن عەلەوی گریاندمییەوە 131

زمانی کوردی و خۆزگەیەك بە بۆنەی رۆژی جیهانی زمانی دایك 135

بکەری رەگەزی مێ لەنێو چۆڕاوی تریفەی فەرهادی دا 137

ژ

پ

ڵ

ێ

م

Rudaw Media Network

2019